# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ
جۆزەردانی ١٣٩٤ -- June 2015
٤٠

٤ مین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## لەپێناو خەباتی یەکسانی خوازانە و نەتەوەیی ژنان، لە نێوخۆ و دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان تێبکۆشین

# چەند دیمەنێک لە کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان



# پێرست


سەروتار ٢

راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بۆ چوارەمین کۆنگرە ٣

وتاری کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ١٢

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی پێکهاتنی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ١٤

پەیامی کوردۆ عومەر بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ٤ی یەکێتی ژنانی دیموکرات کوردستان ١٦

پەیامی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات کوردستان ١٧

پەیامی مومتاز حیدەری بۆچوارەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان _ڕۆژهەلات ١٨

پەیامو بروسکەی ڕێکخراوەکانی ژنان لە باشوور بۆ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ١٩

پەیامی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنان، بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٥

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆ ٢٦

کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان ٢٨

ڕیپۆرتاژێک لە سەر کۆنگرەی چواری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ٤٠

پەیامو هەڵوێستەکانی یەکیەتیی ژنان ٤٤



دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی

ژنان
وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە





ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی:
00964 - 7701387557

دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابیراه
دیزاینی ناوەوە:
مینا سوڵتانزادە

# سەروتار

خەباتی ژنان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانیان و دابین بوونی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەرانە مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی و شانازیی تۆمار کردوە و چۆتە قالبێکی سیاسیەوە . زۆرن ئەو وڵاتانەی کە لە سایەی ئەم هەوڵ و چالاکیەی ژنان گەیشتوونەتە لوتکەی سەرکەوتن و جیاوازیی رەگەزیان تێدا گەیشتۆتە نزمترین ئاست. لە هەمان کاتیشدا ئێستاش هەن و زۆرن ئەو وڵاتانەی کە پرسی یەکسانی نەبۆتە رێڕەوی ژیانیان و نەبۆتە ئەرکێکی سەرەکی تا لە بنیاتنانی حکوومەت و وڵاتدا رەچاوی بکەن.

لە کوردستانی پارچە پارچە کراویشدا ژنی کورد وەک زۆربەی ژنانی خوازیاری یەکسانی و مافی بەرامبەر دەستی لەسەر یەک دانەناوە و کەم تا زۆر لەم مەیدانەدا خەباتی کردوە و قوربانیشی لەو پێناوەدا داوە. ئەگەر چاو بە مێژووی نەتەوەکەماندا بخشێنین دەبینین کەم نین ئەو ژنانەی کە لە سەردەمانێکی زۆر زووشدا لە هێڵی پێشەوەدا بوون و میر و سەرۆک هۆز.... بوون و بوون بە قارەمان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا. هەر بۆیە لەم سەدەیەدا کە تێیداین، لە بوارە جیاجیاکاندا و یەک لەوان هاتنە مەیدانی ژنان و خەبات بۆگەیشتن بە مافەکانیان لە بەشێک لە وڵاتاندا ژنی کوردیش هاتۆتە مەیدان و شانبەشانی پیاوانی کۆمەڵگا لە هەموو مەیدانەکاندا خەباتیان کردوە.

ژنی کورد جیاواز لە ژنانی زۆر لە وڵاتانی دیکە لە یەک کاتدا لە دوو مەیداندا و بە کردەوە خەباتی کردوە؛ وەک تاکێکی کورد کە وڵاتەکەی داگیر و دابەش کراوە و بۆ وەدەست خستنەوەی ناسنامەی خۆی وەک «کورد» خەباتی رزگاریخوازیی کردوە و ،هەم وەک «ژن» کە مافی پێشێل کراوە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەباتی کردوە . یەکیەتیی ژنان ئەوە بۆ ٧٠ ساڵ دەچێ، واتە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە دامەزراوەو لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایەوە هەڵقوڵاوە و لە کاتێکدا کە بە دەگمەن ژنی خوێندەوار هەبوون دەستی بە تێکۆشان کردوە. ئێستاش کە دنیا لە پێشکەوتندایە ویەکیەتیی ژنان چ لە رووی چەندایەتی و چ لە رووی چۆنایەتییەوە لە چاو ئەوکات زۆر جیاوازە، دەتوانێ لە بواری مافەکانی ژنانەوە وەک رێکخراوێکی دیار و شوێندانەر درێژە بە خەباتی خۆی بدا.

یەکیەتی ژنان ئەمساڵ چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە بارودۆخێکدا بەست کە جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە دۆخێکی هەستیاردایە و رووداوەکان زۆر بە خێرایی روودەدەن. دۆخی ژنان لەم ماوەیەدا لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەردا جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە؛ ژنان بە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچەوسێنەوە و پێشێل کردنی مافی ژنان بۆتە دیاردەیەکی باو و چۆتە خانەی سووکایەتی پێکردن بە کەرامەتیان و تەنانەت وەک کۆیلە و دەسکەوتەکانی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە .

کوشتنی ژنان بە ناوی نامووسەوە ، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئێعتیاد و راکردن لە ماڵ، دابەزینی ئاستی تەمەنی تووش بوون بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان رۆژ بەڕۆژ پەرە دەستێنێ و هیچ یاسا و رێسایەک نیە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بە تایبەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە پشتگیری لە ژنان بکات یان ئەو ئازادییە نیە کە لایەنێک بە ئازادی خەسارناسیی بۆ ئەم کێشانە بکات کە رۆژ بەرۆژ بەرۆکی ژنان و بە تایبەتی ژنانی کەم تەمەن دەگرێتەوە . ژنان بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانی خۆیان و سەرپەرستی کردنی منداڵانیان کە بە هۆی لێک ترازانی بنەماڵەکان دەکەوێتە سەر شانیان لە بارودۆخێکی دژوار دان..

هەر بۆیە لە وەها حاڵەتێکدا ئەرکێکی زیاتر و قورستر دەکەوێتە سەر شانی ژنانی چالاکی نێو رێکخراوەکان کە هەوڵ بدەن زۆرتر چالاک بن بۆ ئەوەی بتوانن ژنی کورد لەو نەهامەتیانە وشیار بکەنەوە و بە هەوڵی چالاکانی ئەو بوارە بتوانن کارێک بکەن ژنی کورد زیاتر هەست بە بوونی خۆی بکات و بۆ نەهێشتنی جیاوازیەکان لە کۆمەڵگادا و بێتە مەیدانی بە کردەوە بۆ هەرچی زیاتر خەبات کردن بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆی وەک مرۆڤێک.

# راپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ چوارەمین کۆنگرە

**لەلایەن حەلیمە رەسوڵییەوە پێشکەش کرا**



**میوانە بەڕێزەکان!**
**ژنانی تێکۆشەر!**
**بەشدارانی ئازیزی کۆنگرە!**

بە خۆشییەوە رادەگەیەنین کە چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هەوڵ و هیممەتی تێکۆشەران و پشتیوانەکانی دەگرین. کۆنگرەی چوارەمی ئێمە لە چوارچێوەی بیر و هزری دێموکراتیک و بە گوێرەی پەسەندکراوەکانی خۆی کە سێ ساڵ جارێکە دەگیرێ.

بەو بۆنە پیرۆزەوە بە یادی شەهیدان و نەمرانی کوردستان و زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان، لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو یەکیەتییەوە، گەرمترین سڵاو و زۆرترین رێز بۆ چالاکانی ئەم رێکخراوەیە لە رۆژهەڵات و لە باشووری کوردستان لە دەرەوەی وڵات و هەروەها ژنان و کچانی شۆڕشگێر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەموو تێکۆشەرانی ژنان دەنێرین، لە هەر جێیەک بن.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە ناوی «حیزبی ژنانی کوردستان» (کوردستانی ژمارە ٢٥، ل ٣ لە رەشەمەی ١٣٢٤دا) بە پشتگیریی پێشەوای نەمری کوردان، قازی محەممەد دامەزرا. نەمر مینا خانمی قازی، هاوژین و هاوسەری پێشەوا یەکەم ئەندامی ئەو رێکخراوەیە بوو.

دوای جوانەمەرگ بوونی کۆمار و لەبارچوونی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، خەباتی ژنان لە چوارچێوەی ئامانجەکانی کۆمار لە تاریک و روونی دا، ژیاوە و دابڕان و دوورەمەودایی بە خۆیەوە دیوە، بەڵام لە گۆڕەپانەکەدا، بە شکڵی جۆراوجۆر حزووری هەبووە.

نزیکەی دوو قۆناغی ٣٥ ساڵی بۆ خەباتی ژنان بە پشتیوانی یەکێک لە کۆنترین و شوێندانەرترین حیزبی کوردی یانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا و چ پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەتوانێ جێی شانازی و تێرامان بێ بۆ هەموو ژنان و کچان لە رۆژهەڵاتی نیشتمان.

لە ماوەی نزیک بە ٣٥ ساڵی قۆناغی دووەم دا، ژنان لە ئێراندا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، تووشی رێژیمێکی سەرەڕۆی دژە ژن هاتن. ئەو دەسەڵاتە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دا، بە هێنانە گۆڕی رووپۆشی زۆرەملی (حیجابی ئیجباری)، و پاشان یاساکانی بنەڕەتی و ئیجرایی، کەمترین ماف بۆ ژن وەک مرۆڤێکی هاوبەش و یەکسان لەگەڵ پیاوان قایل بووە. لە قۆناغی یەکەم دا ئەگەر ژنان وەک پیاوان لە مافە سیاسییەکانیان بێبەش بوون، لەم قۆناغەدا ژنان لە مافە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانیشیان بێبەش بوون.

بۆیە نزیکەی دوو نەسل (وەچە)ی ژنان و کچان لە ئێران لە ژێر ئەو ستەم و نابەرابەرییەدا، ژیانیان تێپەڕ کردوە. بووژانەوەی یەکیەتیی ژنان بە پشتیوانی حیزبی دێموکرات، دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب ( ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧) بۆ خەبات و تێکۆشان بە دژی نەهامەتی دەسەڵاتی نیگریسی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکیەتیی ژنان و ژنانی تێکۆشەر و یەکسانیخواز جێی شانازی و سەربەرزییە. ئێمە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، خاوەنی بەشێکی زۆری ئەو مێژووەیەین.

هەروەها سازمان و رێکخراوی دیکەی شۆڕشگێڕی نوێیش لەو ماوەیەدا دامەزراون بۆ تێکۆشان لە پێناو یەکسانیی ژن و پیاو و هاندانی ژنان و کچان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی تاریکبیر و دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی. ئێمە ئەو رێکخراوانە بە دۆست و هاوخەباتی خۆمان دەزانین.

بەداخەوە بەستێنە سیاسی و نەتەوەییەکەی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەهارێکی کورتی پێکەوە ژیانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کەسایەتییەکانی هەبوو. ژنانیش لەو وەزعە بەدوور نەبوون. بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی بە لایەنی ئەرێنی دا گۆڕاون کە ئەگەر ئێمە ژنان



و کچانی چالاک بۆ مافی یەکسانی و نەتەوایەتی یەکگرتوو بین، دەتوانین وزەیەکی گرینگی تێکۆشانی هاوبەش بە زەرفیەتێکی فرە مەزن پێک بێنین و کاریگەری لە سەر ڕێبەران و چالاکانی حیزب و ڕێکخراوە لێک دوورەکان دابنێین.

### بەڕێزان!

ئێمە لە حاڵێک دا کۆنگرەی چوارەمی خۆمان دەگرین کە بەداخەوە دابەشبوونی کوردستان ٥٠٠ ساڵەی تێپەڕاند. (١٥١٤ هەتا ئێستا بۆیە ڕێبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشنیار دەکا ناوی کۆنگرەکەمان «یەکگرتوویی بە جیاوازییەکانەوە»ی ناو بنرێ.

(کۆمیتەی بەرێوەبەری لە سەر هەر دروشمێک ساغ بۆوە لە جێی ئەم درووشمە بێ).

لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی سێیەم و چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دا زۆر ڕووداوگەلی جۆراوجۆر روویان داوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شوێنەواری ئەرێنی (موسبەت) یا نەرێنی (مەنفی)یان لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی و ئاسایی ژنان داناوە. تاوتوێ و باسکردنی هەموویان ئیمکانی نیە، بەڵام بە هێنانەوەی چەند نموونەی بەرچاو تیشک دەخەینە سەر وەزعی کۆمەڵگە لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ژنان و کاریگەریان لە سەر تێکۆشانی ژنان و یەکیەتیی ژنان.

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە سی ساڵی رابردوودا، کۆمەڵگەی کوردی بەشێک بووە لە ژیان و گوزەران لە چوارچێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی کە بە ناڕەوا خراوەتە بەشی ئەمنییەتی و ژێر چاوەدێری چەند لایەنە. ژنان لەو وەزعەدا بەداخەوە پشکی شێریان بەرکەوتوە و چەوسانەوەی پتر و زۆرترین پێشێلکاریی مافەکانیان تووش هاتوە.

ژمارەیەک لە ژنان و کچان بە هۆی گوشاری زۆر چ لە نێو بنەماڵەدا و چ لە کۆمەڵگادا تووشی بێهیوایی زۆر گەورە بوون و بەداخەوە شێوەی زۆر دڵتەزێنی خۆسووتاندن و خۆخنکاندن بریتی بووە لە چارەنووسی ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان.

ژمارەیەکیش بە هۆی هاوسەر یا مێرد، باوک و برا و تەنانەت رەزامەندی بە ناچاری دایکانێکیش بە ناوی بەرگری لە «شەرەف» یا «ناموس» ژیان و گیانیان لێئەستێندرێ. تەڵاق و ناسەقمگیری ژیانی هاوبەشی لاوان، گیرۆدەیی بە ماددەهۆشبەرەکان، بێهیوایی و ناچالاک بوونی زۆربەی ژنان، لە ئاکامی نەبوونی ئازادی و بە فەرمی نەناسینی مافی ژنان و کچان دایە. ئەوان مرۆڤن و دەبێ بە یەکسانی و بە دوور لە توندوتیژی بژین. جیاوازیی جینسییەتی، گوشار و قسەی ناشیرین و تانە و تەشەر، عەیب و عارگرتن و زۆر چوونە نێو ژیانی تایبەتی و نائەمنی پێکهێنان بۆ ژنان کۆسپگەلێکی گرینگن لە وەزع و ژیان و گوزەرانی رۆژانەدا.

هۆکارەکانی زۆربەی ئەو رەفتارانە دەگەرێتەوە بۆ یاساکانی کۆماری ئیسلامی کە لە شوێنی خۆی ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین. ئەو یاسانەی بەداخەوە پیاوان و کوڕان دەکەنە توێژی سەردەست دەرەجە یەک و مافبەدەست، و ڕێئاواڵەکردن بۆ پێشێلکاریی مافی ژنان و کچان لە کۆمەڵگاکاندا.

سەرەڕای ئەو وەزعە ناخۆش و نالەبارە بۆ ژنان و کچان تێکۆشانی ئەوان بۆ ژیانێکی باش و تێگەیشتووانە، لە خوێندنگە و شوێنە فێرکاری و ئامووزشییەکان و بە تایبەتی لە قوتابخانە و زانستگەکاندا، بە خۆشییەوە باش دەچێتە پێش. ڕێژەی خوێندەوارییان زۆر چۆتە سەر، کە

دەکرێ وەک خەباتێک بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکی ژیان و برینی کۆسپەکان حیساب بکرێن. لەو بەشەدا پشتیوانی و ئیمکانات پێدانی پیاوەکان لە خوێندنی کچان و ژنان زۆر جێگای دڵخۆشی و ئافەرینە.

دیارە ئەو مەسەلەیەش بە ئاسانی نەچۆتە پێش. ڕفاندن و دەستدرێژی بۆ سەر کچان لە چەندین ناوەندی پەروەردە و فێرکردندا، گیان لە دەستدانی چەند کچی خوێندکار لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان و ئێراندا بە مەبەستی ترساندنی کچان و ژنانە لە ڕەوتی پێشکەوتنیدا لێکەوتۆتەوە. بۆ ئەو کارە نامرۆڤانەیەش قامکی تۆمەت بەرەو بەرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی درێژ دەکرێ. چونکە گەشەکردن و خوێندەواربوونی کچان و ژنان، شتێک نیە بە گوێرەی حەز و ئارەزووی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە بچێتە پێش. لە مەرام و نیازی ئەواندا ئەرکی ژنام ئەوەیە کە ئیشتیا و ئارەزووەکانی پیاوان بەدی بێنن و منداڵان بەخێو بکەن نەک ئەوەیکە ڕێژەیان لە زانکۆکاندا لە کوڕان زیاتر بێ و لە ئیدارات دا جێگای پیاوان بگرنەوە و ژنان خاوەنی داهاتی خۆیان و سەرەنجام کەسایەتیی خۆیان بن.

مەرگی جێی گومانی ئامینە زەنگەنە لە خەوتنگەی زانستگای ئەمیر کەبیری تاران پەروین حەقیری تەمەن ٢١ ساڵی نۆدشەیی لە زانستگای باکری میاندواو لە مانگی ٢ی ساڵی ١٣٩٢ دا، کوژرانی کچ و کوڕێکی لاو لە ١٨ی ڕەزبەری ٩٢ لە ناوچەی مەریوان، گیان لە دەستدانی سەحەر چووینی مەریوانی لە زانستگای هەمەدان، شەیدا حاتەمی لە زانستگای ورمێ وێنەگەلێکی دڵتەزێنی خوێندکاری و ئاسایی کوڕان و کچانی تێکۆشەری زانست و خوێندن و دڵ بەیەکەوە بوونە کە بەداخەوە ناکام کران.

ڕووداوێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن ڕووداوی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩١ (٢٠١٢) بوو کە بۆ کچە جوان و دڵ پڕ ئومێدەکان لە شین ئاوای پیرانشار هاتە پێش و بەداخەوە دوو پەپوولە بە ناوەکانی سەیران یەگانە و سارینا ڕەسووڵزادە هەڵقرچان. ژمارەیەک لە کیژەکانی دیکەی قوتابخانەی سەرەتایی کەم ئەندام و نەقووستان بوون. بەداخەوە شوێنەواری ئەو سووتمانە هەتا ئەو ئازیزانە لە ژیان دان لە سەر جەستە و دەروونیان دەمێنێتەوە. ئەوەش وێنەیەکی زەقی کەمتەرخەمیی سیستەمیی کۆماری ئیسلامییە کە مرۆڤ بە گشتی و مێینەی بە تایبەتی زۆر بۆ گرینگ نیە. دانی نیوەی دیە وەک قەرەبوو چونکە کچن و نیوەی وەردەگرن، زامێکی گەورەی نایەکسانییە. جێی ئاماژەیە کە سیما مرادی یەکێک لە کیژە سووتاوەکانی ئەو ڕووداوە لە کەمپەینی سەهۆڵاو بەخۆداکردن لە ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤دا، کوتی: بە نارەزایەتیی بە نیوەی دیەی من کە لارووەمەت و گوێچکە و لایەکی لەشم سووتاوە، نوێنەرانی مەجلیس بەتایبەتی فراکسیۆنی کورد بە چالیش دەکێشم.

مەسەلەی هەڵبژاردنی شووراکان و یازدەیەمین خولی سەرکۆماری کە لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی بەڕێوەچوو ژنان و کچانی بوێر بە تایبەتی لە شووراکان دا، زۆر چالاک بوون. بە هاتنە مەیدان و باوەڕبەخۆبوون، ژمارەیەکی بەرچاو دەنگیان هێنایەوە و لە بەڕێوەبەری ئیجرایی دا، جێیان گرت کە بە هەموو کەم و کووڕیەکان پێویستە وەک خەباتێکی مەدەنی و مۆدێرنی سەردەم چاوی لێبکرێ.

جێی ئاماژە و سەرنجە کە خوێندنی کچان و ژنانی دێموکرات لە کەمپەکانی بە ناچاری دا و گەشەکردن و خوێندەواربوونیان و لە مناڵی ڕا بە زمانی دایک و تێکەڵاو لەگەڵ کوڕان و پیاوان بەتایبەتی لە خوێندنگەکان و شوێنی کار و ژیان و یاساکانی تا ڕادەیەک یەکسان دەتوانن وێنەیەکی باش و سەرکەوتوو بن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ژنان و کچانی دێموکرات چ لە ریزی کادر و پێشمەرگەدا وەک ڕێژەیەکی نموونەیی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ وەک هاوخەباتی کادر و پێشمەرگەکان یا بە واتایەکی دیکە بنەماڵەی تێکۆشەران، «پێشمەرگە ئاسا»، هێزی بە هێزی جووڵانەوەی ئازادیخوازی و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانمانن.

لە دەرەوەی وڵاتیش ژنان و کچانی کورد لە خەباتی بەردەوام دان. خۆپێگەیاندن و خوێندن، زمانی بێگانە فێربوون و کارکردن، پێراگەیشتنی پتر بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، چالاک بوونی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و لە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دا هەوڵەکانی ئەو بەشە لە ژنانی تاراوگەنشینی کوردن.

**ژنان لە ئێران**

ئاماژەیەکی کورت بە وەزعی ژنان لە ئێران لە نێوان دوو کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا دەتوانی پتر سیمای ڕاستی ژیانی ژنان و کچانمان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و ئیستبدادی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شکڵی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی دا، بۆ ڕوون بکاتەوە.

هەر وەک باسمان کرد، یەکەمین هەنگاوی دژە ژن بە شێوەی پۆشینی زۆرەملی لە دەسەڵاتی ئیسلامییەوە دەستی پێکرد. لەو هەنگاوەدا، خۆپیشاندانی ژنان و کچان بە دژی پۆشینی زۆرەملی لە شەقامەکانی تاران لە ١٧ی ڕەشەمە (٨ی مارس)ی ١٣٥٧ (١٩٧٩) و ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دا سەرکوت کرا. تێکۆشانی ژنان لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، گەورەترین کۆسپی

بۆ دروست کرا.

شوورای شۆڕش بە تەواوی پیاوانە بوو. پاشان لە ٧٦ کەس نوێنەری مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتی تەنیا یەک ژنی تێدا بوو مەنیژەی گورجی لە زۆربەی هەرە زۆری مادە و تێبینییەکانی یاسای بنەڕەتی ژن بە دەرەجە ٢ و کەمتر لە پیاو دانراوە. لە یاسای بنەڕەتی دا، ئەسڵەکانی سێیەم بەندی چوارەم، دەیەم، دوازدەیەم، بیستەم، بیست و یەکەم، سی و یەکەم، چل و سێیەم بەندی یەکەم، چل و دوویەم و سەد و پازدەیەم کە ژن بۆی نیە ببێتە سەرکۆمار باسی کراوە. لەو ئەسڵە یاسایانەدا، مافێکی ئەوتۆ بە ژن نەدراوە. ئەگەر شتی ئەرێنیشی تێدا هاتبێ، بەڕێوە نەبراوە. بۆ سەرۆکی بەشەکانی دیکەی وەک قەزایی و یاسایی جێگایەک بۆ ژنان هەر لە ئارادا نەبووە و لە پاوانی پیاوان دایە.

هەروەها پتر لە سێ دەیەیە یاسایەکی زۆر لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا لە بواری ژنانەوە پەسند کراون. بەڵام زۆربەیان سەبارەت بە مەسەلەکانی بنەماڵەیین. چونکە لە کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا، نرخدانان بۆ ژنانی ماڵێ و گێڕانی نەقشی دایک لە یاسای بنەڕەتی‌دا، زۆر پێداگریی لە سەر کراوە. بۆ ئەوەی تواناکانی ژنان و کچانی تێدا بکوژن یان لە چوارچێوەی ماڵێ دا سنووردار بکرێن.

بۆ رۆژی ژن و دایک لە رۆژمێری ئێران‌دا، رۆژی ٣١ی خاکەلێوە دیاری کراوە، کە رۆژی لە دایک بوونی فاتمە کچی پێغەمبەری ئیسلامە. ئەمساڵ عەلیی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی بە «دیاردەیەکی رۆژئاوایی» دانا. هەرچەند حەسەن رووحانی، سەرکۆمار بیروڕای لەگەڵ خامنیەیی تا رادەیەک جیاواز بوو. بەڵام ئەوەی بڕشتی هەیە و بەڕێوە دەچێ، قسە و بیرەکانی خامنەییە نەک رووحانی یا کەسێکی دیکە.



ژنان لە بەشەماڵ (ارث)، تەڵاق، سەرپەرستیی منداڵان، خوێندن، کارکردن، سەفەرکردن و زۆر شتی دیکە لەگەڵ پیاوان بەرابەر نین.

لە مەجلیسی شوورا دا، کەمترین رێژە نوێنەرانی ژنی تێدایە. بۆ وێنە لە خولەکانی یەکەم، دوویەم و سێیەم دا، ٤ ژنی نوێنەر هەبوون. لە دەورەکانی چوارەم ٩، پێنجەم ١٤، شەشەم ١٣، حەوتەم ١٣، هەشتەم ٨ ژنی نوێنەر هەبوون. ئێستاش کە خولی نۆیەمە ٩ ژن لە مەجلیسێکی ٢٩٠ کورسی‌دا نوێنەرن.

لە یاسا مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیش دا، مافی تەڵاق پتری بۆ پیاوانە. «عەیب و عار» بۆ «خەتایەکی وەک یەک» بۆ ژنانە. لۆمە و لەقەم یا بە دژبوون پتر بۆ ژنانە، سەنگسار زۆرتر داوێنی ژنان دەگرێتەوە. لە شاهیدی‌دان دا دوو ژن بە پیاوێک حیسابە. پیاو دەتوانێ چوار ژنی هەبێ. لە کاتی جیابوونەوەی ژن و پیاودا، سەرپەرستی منداڵ هی پیاوان یا بەرەی باوکە. بەشەماڵ (ارث) کار و سەفەرکردن، زۆرترین بەش بۆ پیاوەکانە. کاری نێوماڵ ژنانەیە. زۆربەی فەزای دەرێ و کار و خوێندن لە هەموو رشتەکان دا پیاوانەیە. بە کورتی بەداخەوە، کەمترین ماف و دەرفەتی گەشەکردن بە ژنان دراوە.

لەو کۆمەڵگا و جەغزە پیاوسالارانەیەدا، ژنان دەستیان لە سەردەست دانەناوە و خەباتێکی بەربەرینی مەدەنی و دوور لە توندوتیژیان دەست پێکردوە. دژایەتی لەگەڵ حیجابی بە زۆری و نایەکسانی، چالاکبوون لە بواری موسیقا و گۆرانی، سینەما و شانۆ، نووسین و وەرگێڕان، هەوڵدان بۆ بەشداربوون لە چاولێکردنی یارییەکانی وەرزشی لە ستادیۆم و سالۆنە سەرداخراوەکان، وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر بۆ خولْقاندنی رووناکی و کرانەوەی فەزای داخراو لە سەر ژنان و کچان؛ بە تایبەتی کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا و دایکانی پارکی لالە، و لەو دواییانەش‌دا، «آزادی‌های یواشکی» (ئازادیگەلی بە نهێنی)، کەڵک وەرگرتن لە ئامێرەکانی پێوەندی وەک موبایل، ئینترنێت و پێوەندییە میلیۆنییەکانی ژنان و کیژان، بەشێکن لەو خەباتەی لە ئارا دان.

لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا، تەنیا تێکۆشانێکی کە تا رادەیەک گشتگیرە و نەتوانراوە سەرکوت و کپ کرێ، خەباتی چەند رەهەندیی ژنانە. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری

و چوارەمین خولی شووراکانی شار و گوندەکان دا، ژنان زۆرترین چالاکییان لە خۆیان نیشان دا. ژنان و کچان، ماوەی ئێزن پێدانی تەبلیغاتیان کردە مەیدانێکی بەرفراوان بۆ نیشاندانی بەشێک لە تواناکان و دەنگدان بە دژی کاندیداکانی جێی متمانەتری وەلی موتڵەقەی فەقیهـ و بەدەرخستنی پەرچەمیان لە ژێر حیجاب و کەمکردنەوەی رەنگی رەش و تاریک و بەکارهێنانی رەنگی بنەوش و سپی و زەرد و شین و سەوز و... بۆ بەشداری لە هەڵبژێران بۆ شووراکانیش دا، ژنان و کچان بە رێژەی ١٢هەزار و ٨٧ کەس ناونووسیان کردبوو، کە ٤٪ی ناونووسی گشتی بوو. بەشێکی بەرچاو لەو ژن و کچانە، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ئەندامەتی لە شووراکاندا هەڵبژێران.

هەر ئەو لە مەیداندا بوونە، وای کردوە کە دەوڵەتی یازدەیەمی ئاغای رووحانی لە بەشێک لە پۆستەکانی دەرەجە ٢ و دەرەجە ٣دا، ژنان بەشدار بکا. بۆ وێنە: سێ جێگری سەرکۆماری مەعسوومە ئیبتیکار، شەهێندوختی مولاوەردی، فەهیمە فەرەهمەندپوور، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، مەرزیە ئەفخەم، چوار فەرماندار. هەروەها چەند کەس لە ژنانی بلووچ و چەند شوێنی دیکە لە پۆستەکانی جێگری پارێزگار، فەرماندار، شارەدار، سەرۆکی شوورای شار و گوندەکانیان پێدران.

ئەو رەوتە رووداوانە دوو خوێندنەوەیان لێدەکرێ:

یەکەم: بەخشینی ئەوەندە پۆستە بە ژنان و ئەوەندە دەرفەتە کەمە بۆ ژنان، بە هیچ جۆر مافە زەوتکراوەکانی ژنان قەرەبوو ناکاتەوە بەداخەوە نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەمووە یاسا و رێ و شوێنە پڕ لە سووکایەتییانە لە دژی ژنان هەن و تەنیا تاکتیکێکی رێفۆرمیستیانەیە لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا.

دووەم: ئەو دەرفەتە کەمانەی بە ژنان دراون لە ئاکامی ئاڵوگۆڕ لە بیر و باوەڕی سوننەتی و دژی ژنانەی رێبەرانی کۆمارییەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکوو لە ئاکامی بزووتنەوەیەکی بەرین و بەربڵاوی ژنان لە ئێران و کوردستانە کە دەکرێ وەک پاشەکشەیەکی سیاسی رێژیم وەک ئیمتیازێک سەیریان بکرێ کە ژنان لەو رێژیمەیان ئەستاندەوە. هەر چەند کەمیش بێ، بەڵام ئێمە بە شتێکی موسبەتی دەزانین.

لە یەکساڵی رابردوودا، دوو یاسای زۆرەملی لە کۆماری ئیسلامی هاتنە ئاراوە کە هەردووکیان دژی کچان بوون. یەکەم ئەو مێرمنداڵە کچ و ئەو کچانەی لە لای بەخێوکەرەکانیانن، بۆیان حەڵاڵ دەکرێ!؟ کە ئەو یاسا رەشە بە خەبات و تێکۆشانی ژنان و کچان و پشتیوانی پیاوانی یەکسانیخواز و مرۆڤدۆست بێدەنگەی لێکرا. یاسای دووەم کە زیادکردنی حەشیمەتە و خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی زۆری پێ لەسەر دادەگرێ، بە پێی ئەو یاسایە هەر کەس تەنەخی بکا ٢ هەتا ٥ ساڵ زیندانی دەکرێ. ئەو یاسایە ئازادیی منداڵبوون لە ژنان دەستێنێ و منداڵ بوونیش بە ئیرادە و حوکمی نیزامی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی جەختی بریبەر دەبێ؛ کە ئەوەش دەچێتە خانەی یاسای دژە ژن. بەڕێوەبردنی ئەو یاسایە پێویستە بەربەرەکانی جیددی بەکردەوەی لەگەڵ بکرێ و لە خەباتی مەدەنی نەرێنی (منفی)دا، جێی شیاوی خۆی بگرێ.

تێکۆشانی ژنان و کچانی رۆژنامەنووس و هەوڵ بۆ گۆڕان لە رێگەگەلی ئارام و مەدەنی، ژمارەیەک زیندانی و کێشەی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە. ئێران لە نێو وڵاتانی پێشێلکاریی مافی ئەو بەشە هەرەگرینگەدا، کارنامەیەکی رەشی پڕ لە تاوانی هەیە.

لە چاوخشاندن بە سەر وەزعییەتی ژنانی زیندانیدا، بە پێی قسەکانی «غلامحسین اسماعیلی» سەرۆکی رێکخراوی زیندانەکانی وڵات لە مانگی خاکەلێوە و گوڵانی ١٣٩٢دا، کە ماڵپەڕی هەواڵی تەحلیلی «عصر ایران» بە هەواڵدەری فارس دەڵێ: تاوانی یەکەمی ژنانی زیندانی وەک پیاوان مادده هۆشبەرەکانە. تاوانی دووەمی کردەوەگەلی ناپاکی (اعمال منافی عفت)ە. سێیەم تاوان دزییە.

لە تاوتوێ کردنی تەمەنی ژنانی شەقامەکان (لەشفرۆش)، کە ٦٠٥٣ کەس لە هەموو ئێراندا، زیندانی کراون، زۆربەیان کچانی تەمەن ١٥ هەتا ٢٥ ساڵ بوون.

شیوا شکاری ئەندامی ناوەندی موتالای ژنان و ئەندامی چالاکی مافی ژنان دەڵێ: چەند هۆ لە بارەی ژنانی شەقامەکانەوە هەیە کە: گرینگترین هۆ پێوەندیی بە یاساکانی بنەمایی وڵاتەوە هەیە. یاساگەلێک کە پشتیوانی لە ژنان ناکا و مافی زیاتر بە پیاوان دەدا و لەو تەڵاقانەی روو دەدەن، مافەکانی ژنان وەپشت گوێ دەخرێن.

ئازیزان!

هەموومان کەم و زۆر بیستوومانە کە زیندانیکرانی ژنان و کچان، زۆر ناخۆشتر لە هی پیاوانە. چونکە مەترسی دەستدرێژیان زیاتر لە سەرە. ئەو کچانەی بە ئیعدام مەحکووم دەکرێن، پێش کوژرانیان لاقە (دەستدرێژی)یان دەکەنێ.

هەر چەند کارەساتی پڕ لە شوورەیی زیندانی «کەهریزەک» چوار ساڵ لەمەوبەر، سەلماندی کە جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەستدرێژیدا جیاوازیان لە نێوان ژن و پیاودا دانەنا، بەڵام لەو پێوەندییەدا قوربانیی سەرەکی هەر ژنانن.

لەوەش تاڵتر ئەوەیە کە ژنانی زیندانیی دەستدرێژی پێکراو، لە لای بنەماڵە و کۆمەڵگەوە دەشکێن و کە دیاردەیەکی



ناخۆشە و پێویستە خەباتی چەند ڕەهەندی بەردەوامی بۆ بکرێ.

هەر شێوە خەباتێکی نێوخۆیی چ لە سەرانسەری ئێران و لە نێو کۆمەڵگەی فرەنەتەوەییدا، و چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ژنان و کچان بۆ گەیشتن بە ناسین و دانپێدانانیان و سووککردنی مەینەتییەکانیان لە ئارادا بێ، پێویستە پشتیوانیان لێ بکرێ و تەبلیغی بەربەرینی بۆ ئەنجام بدرێ.

## باشووری کوردستان

ئێمە لە هەلومەرجێکدا ئەم کۆنگرەیە دەگرین کە بەداخەوە باشووری کوردستان تووشی هێرش و پەلاماری «خەلافەتی ئیسلامی» ئێستا و «داعش»ی پێشوو بۆتەوە. ئەو ڕێکخراوەیە بە ئاڵای ڕەش و بیری تاریک و بەکارهێنانی بیری توندوتیژیانەی ئیسلامی سیاسی بە کوشتن و سەربڕین و ترساندن، بە دیل گرتنی ژنان و منداڵان و فرۆشتنیان لە بازارەکان، بەرەو شێوەیەک وەزعییەتی کۆیلایەتی و ژیانی سەدەکانی نێوەڕاست، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، هەنگاو دەنێ.

بەداخەوە لەو پەلامارە دژی مرۆڤایەتییەشدا، ژنان، کچان و منداڵانی پتر ڕەگەز مێینە، ئامانجی سەرەکیی ئازار و دەستدرێژی و بە کاڵاکردن و فرۆشتن و تەنانەت کوشتن و لە ژیانی ئاسایی بێبەری کردنن.

ئاوارەکانی مووسڵ، شەنگاڵ، مەخموور، جەلەولا و چەند شوێنیتری ناوچەی سوننی و شیعەنشینەکانی کوردستان و عێراق لە هەرێمی کوردستان، ژیانێکی گران و پڕ لە ژانی هێناوەتە ئاراوە. شەڕ و کوشتار و دیاردە ناخۆشەکانی، وێرانی و دابڕانی هەزاران بنەماڵە هەواڵە دڵتەزێنەکانی ڕۆژانەی میدیاکانی باشووری کوردستانن.

ئەوە لە حاڵێکدا ڕوویدا، کە پتر لە ٢٠ ساڵە نەتەوەی کورد لەو بەشەی نیشتمانی دابەشکراو و داخراوەدا، خاوەن دەسەڵاتێکی خۆجێی نیمچە فیدراڵییە و لەو ماوەیەدا بەرەو ئاوەدانییەکی بێوێنە هەنگاوی ناوە. چوار خولی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان و دوو خولی هەڵبژاردنی عێراقی و شووڕا و پارێزگاکانی ئەنجام داوە.

لەو دیمەنە نوێیەدا، ژنان و کچان بە شێوەیەکی چالاک بەشدارن جگە لە حیزبەکان دەیان ڕێکخراوی مەدەنیی ژنان وەک پێویستییەک بۆ کۆمەڵگەی دێموکراتیک چالاکن. لە میدیا و ڕاگەیەندنەکاندا، خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان، لە بازاری کار و تێکۆشان بۆ ژیانی شارستانی، لە خوێندن و هونەری موسیقایی و گۆرانیبێژیدا، پێشکەوتنێکی گەورە بۆ ژنان و کچان وەدەست هاتوە. لە ناوەندەکانی بڕیاردان و دامودەزگاکانی حکوومەتی و حیزبیدا حزووریان هەیە و لە دەسەڵاتی سیاسی دا بەشدارن.

بەڵام بەداخەوە توندوتیژی و بێڕێزی بە ژنان و کچانیش بە شێوەیەکی بەردەوام بوونی هەیە. تێپەڕین لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و سەرکوتکراو، بۆ شێوە ژیانێکی ئازاد و مۆدێرنی سەردەم، وادیارە کەند و کۆسپی زۆری لە پێشە. یاساکان لە ئاست ژنان و کچان دا، بە نیسبەت پیاو و کوڕەکان زۆر نایەکسانن. لە نێو ماڵ ڕا تا نێو کۆمەڵگە و شوێنی کار و بازار و شەقام ژنان و کچان مافی ژیانی مرۆڤی سەربەستیان بە تەواوی پێنەدراوە. کوژران و گیان لێئەستاندن بە ناوی «ناموس» بەداخەوە برەوی هەیە. لە هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەشی ئازادانە، ژنان هێشتا لەگەڵ گیروگرفتی جیددی بەرەوروون.

سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان، ژنان و کچان چ لە سەنگەری مەدەنی و NGOیی و بەشەکانی دیکەی ژیان

و چ له سه‌نگه‌ری به‌رگریی نیزامی دا، ئازایه‌تیی زۆریان له خۆیان نیشان داوه.

### باكووری كوردستان

له به‌شی هه‌ره‌گه‌وره‌ی نیشتمان یانی باكووری كوردستان، وه‌زعی گه‌له‌كه‌مان له قۆناغێكی دیكه دایه. به خۆشییه‌وه، پتر له دوو ساڵه شه‌ڕ و ناخۆشی نیزامی زۆر كه‌مه. كرانه‌وه‌یه‌ك سه‌باره‌ت به كورد ده‌ستی پێكردوه. كورد وه‌ك سالانی پێشتر به «توركی كێوی» ناو نابرێ. وشه‌ی كورد و كوردستان نایاسایی و قاچاغ نین و خه‌ڵكیان له سه‌ر زیندانی ناكرێ.

خه‌بات و تێكۆشان به شێوه‌ی قانوونی له گۆڕێ دایه. هه‌ر چه‌ند گیروگرفتیشی زۆره و یاساكان توركین له ساڵی ٢٠٠٢وه قۆناخێكی نوێ له توركیه، هاتۆته ئاراوه و فه‌زایه‌كی نیسبی دێموكراتیك و دیارده‌ی حیزبی و رێكخراویی به‌هێز كردوه. پێشتر به هۆی چوار كوودێتای نیزامی له دژی دێموكراسی و گه‌شه‌ی سیاسی، فه‌رهه‌نگیی و كۆمه‌لایه‌تی له كۆماری توركیه‌دا، به‌تایبه‌تی له ١٩٨٠دا، ئه‌نجام درابوون، مه‌ده‌نییه‌ت و دێموكراسی زۆر به‌رته‌سك ببوونه‌وه.

له ره‌وتی ئه‌و قۆناخه‌دا، ئیراده‌یه‌كی به‌هێز هه‌یه بۆ گه‌یاندنی كۆماری توركیه به ستانداره‌كانی رێژه‌یی یه‌كیه‌تیی ئورووپا. به‌ڵام هه‌م له نێوخۆدا، كۆسپی زۆره و هه‌م كاتی پتری ده‌وێ، چ به یاسا و چ به كرده‌وه، خۆی له‌گه‌ڵ سه‌رده‌می نوێ بگونجێنێ.

(پ.ك.ك)ی شاخ و (هـ‌د.پ)ی شار دوو باسكی به‌هێزی خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یین له توركیه‌دا. ژنان و كچان له‌و به‌شه‌دا، تێكۆشانی به‌ربڵاوی رێكخراویی و مه‌ده‌نی و نیزامی‌یان هه‌یه. دیارده‌ی هاوسه‌رۆكی ژن و پیاو رێبه‌ری یه‌كسانیان به خۆشییه‌وه هه‌یه و ئاستی توانای ژنان شان له شانی پیاوان ده‌دا و ئه‌گه‌ر پتر نه‌بێ، كه‌متر نیه.

بۆیه ژنان و كچان له تێكۆشان و به تایبه‌تی له خه‌باتی مه‌ده‌نی و ناڕه‌زایه‌تیی و هه‌ڵبژاردنه‌كان دا، به‌وپه‌ڕی ئازایه‌تی له مه‌یدان دان. نوێنه‌رایه‌تی پارلمان و هه‌ڵبژاردنی شوورِا و شاره‌وانییه‌كان ده‌ریان خست كه ئیستعدادی ژنان و كچان چ بۆ هه‌ڵبژاردن و چ بۆ هه‌ڵبژێران، زۆر به‌هێزه. گرینگتر له‌وه‌ش له كۆمه‌ڵگه‌ی تا راده‌یه‌كی زۆر داخراو و دواكه‌وتووی كوردی‌دا، پیاوان هانده‌ری ژنانن بۆ ئه‌نجامدانی چالاكییه‌كان.

«خۆ ده‌رخستنی ژنانی كورد له‌گه‌ڵ راستییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالاری توركیه كه له‌وێدا، ته‌نیا یه‌ك له چواری كچان دوای قۆناغی سه‌ره‌تایی درێژه به خوێندن ده‌ده‌ن، له دژایه‌تیی جیددی دایه. هه‌روه‌ها رۆڵ و هاتنه‌مه‌یدانی ئه‌و ژنانه له حاڵێك دا، كه محافزه‌كاری (كۆنه‌پاوێژی)ی مه‌زهه‌بی و كۆمه‌لایه‌تی له هه‌موو رۆژهه‌لاتی نێوه‌راست له زیادبوون دایه؛ زۆر بوێرانه‌یه». (بی بی سی فارسی ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤)

ئه‌گه‌ر له سالانی پێشوودا، له‌یلا زانایه‌كی ئه‌ندام پارڵمان بۆ كورد قسه‌ی كرد و له‌گه‌ڵ چوار هاوپشتیوان و هاوبیری پیاوی ١٠ ساڵ زیندانی كران؛ ئێستا پتر له ٣٠ پارڵمانتاری كورد له فراكسیۆنی كوردی‌دا هه‌ن، كه له‌یلا زاناش یه‌كێك له‌وانه.

ئه‌گه‌ر كه‌سێكی به‌توانا بۆ شاره‌داری ئامه‌د (دیاربه‌كر)، به‌ربژێر ده‌كرێ، ژنه‌بوێری كورد گوڵتان كشاناك له پارڵمانه‌وه و به رێژه‌یه‌كی زۆره‌وه ده‌بێته شاره‌دار و هێمای ده‌نگی به‌رزی كورد. ئه‌حمه‌د تورك له ماردین و كورده‌كان به گشتی له باكووری نیشتمان سندووقه‌كانی ده‌نگدان ده‌كه‌ن به هووییه‌ت دان به كوردان.

له‌و بواره‌دا، ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه كه دوای كوودێتای ١٩٨٠، گوڵتان كشاناك به تاوانی كورد بوون و چالاكی له بواری ژنان‌دا زیندانی و ئه‌شكه‌نجه ده‌كرێ به‌ڵام له سیستێمی نوێی دوای ٢٠٠٢دا، ئه‌و خانمه ده‌بێته ئه‌ندام پارڵمانێكی بوێر وئێستاش ـ وه‌ك ئاماژه كرا. شاره‌داری جێی متمانه‌ی زۆربه‌ی خه‌ڵكی ئامه‌د (دیاربه‌كر)ه.

هه‌روه‌ها لاوترین شاره‌داری توركیه رێزان زووقورلی ٢٥ ساڵه‌یه كه له بنه‌ماڵه‌یه‌كی سیاسی گه‌وره بووه و له ماڵی ئه‌وان دا، یه‌كه‌مین كۆنگره‌ی پارتی كرێكارانی كوردستان به به‌شداری ٢٣ ژن و پیاوی كورد گیراوه. باوكی رێزان یه‌كێك له‌و كه‌سانه بووه. ئه‌و ده‌ڵێ: «من له بنه‌ماڵه‌یه‌كی سیاسی له دایك بووم. گه‌وره‌بوون له گه‌رمه‌ی خه‌باتی سیاسی كوردان دا، كه‌سی به‌رپرسی لێ به‌رهه‌م دێ». ئه‌و له‌گه‌ڵ گرووپێك له ژنانی كورد، له هێڵی پێشه‌وه‌ی جوولانه‌وه‌ی سیاسی كورده‌كان له توركیه دان.

نموونه ئه‌و كه‌سایه‌تییه سیاسیانه‌ی ژنان له باكووری كوردستان كه به‌رهه‌می گه‌شه‌كردنی خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تی و یه‌كسانیخوازانه‌ی كوردن گه‌لێك زۆرن.

یه‌كێكی دیكه له‌و ژنانه، بێریڤان ئیلیف قیلچه، كه ٣٣ ساڵی ته‌مه‌نه و یه‌كه‌م جێگری شاره‌داری ناوچه‌ی ئه‌منییه‌تی كراوی كارازه، كه بۆ گۆڕانی تێگه‌یشتووی له كۆمه‌ڵگه سه‌باره‌ت به ژنان چالاكه. ئه‌و ده‌ڵێ: «پێش من ژنت له شاره‌داریش نه‌ده‌دیت، چ ده‌گا به شاره‌دار. من وابیر ده‌كه‌مه‌وه كه ته‌نیا ئه‌وه‌ی كه ئێره ده‌فته‌ری كاری ژنێكه، توانایی ده‌دا به ژنه‌كانی دیكه».

سه‌رجه‌می ئه‌و زنجیره خه‌باته‌ی ژنان و پیاوان له باكووری كوردستان و توركیه و جوولانه‌وه‌ی شاخ له‌لایه‌ك و كرانه‌وه‌ی تا راده‌یه‌ك دێموكراتیك له لایه‌كی دیكه‌وه بوون به هۆی ئه‌وه‌ی كه له سیستمی نوێی توركیه‌ی‌دا، كه بۆ یه‌كه‌مین جار سه‌رکۆمار به ده‌نگی راسته‌وخۆی خه‌ڵكانی توركیه



هەڵبژێردرا؛ نەتەوەی کوردیش بەربژاری تایبەتی خۆی هەبوو.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی دەسکەوتەکانی باکووری کوردستان، پشتیوانی دەکا لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان؛ بەتایبەتی لە تێکۆشانی بەربەرینی ژنان و کچان.

**ڕۆژئاوای کوردستان**

لە دوای دابەشینی تورکیەی عوسمانی لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بە پێی پەیمانی سایکس - پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ لە نێوان بریتانیا و فەرانسەدا - کە دواتر لە ١٩٢٠ وڵاتەکانی عێراق و سووریەی لێی دروست بوو کورد لەو دەڤەرە بە پێی ماددەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤ی پەیمانی سێڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا، تا سنووری بە دەوڵەت بوونی بڕیاری لەسەر درا. مەخابن نە تەنیا کیانی کوردی چێ نەکرا، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٢٣دا لە نێوان عێراق و سووریەی نوێ و تورکیەی کۆماریدا، بۆ جاری دوویەم سێ کوت کرا و کورد سەرجەم بوو بە چوار بەش.

گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای نیشتمان کە لە سووریەدا، هەڵکەوتوە تاڵترین داستان و سەربردەی هەیە. پێناسەی بوونی بە هاووڵاتیی سوورییەشی بە تەواوی نەبوو. بوونی کورد لە سووریە پتر لە نێو کوردەکان باسی دەکرا و هاوار و دادیان لە جیهان نەدەبیسترا.

لە بەرەبەرەی ڕاپەڕینەکانی «بەهاری عەرەبی»دا، لە ساڵی ٢٠١١ کە جگە لە تونیس بوون بە پاییز بۆ ژنان و زستانی سارد و ڕەش، لە سووریەش شۆڕش دەستی پێکرد. شارەکان خوێناوی کران. نارەزایەتی پەرەی سەند و زۆربەی سووریەی گرتەوە. سەرکوتی خوێناوی خەڵک لە لایەن ئەرتەشەوە، وەزعەکەی ئاڵۆزتر کرد. بەداخەوە تا ئێستا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس کوژراون کە نزیکەی ١٠ هەزاریان ژنن و ٧ هەزاریان زارۆک (منداڵ)ن. بە پێی ئاماری کۆمیسارایای پەنابەران، پتر لە ٣ میلیۆن سوری ئاوارە بوون.

پاشەکشەی ڕێژیمی بەعسی سووریە لە بەشێک لە ناوچە کوردیەکان، هەلومەرجێکی نوێی خوڵقاند. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە. لەو وەزعەدا، پارتی یەکیەتیی دیموکڕاتیک (پ.ی.د)، زۆرترین و بەهێزترین ڕێکخراوی ئەو دەڤەرە بوو. هەرچەند حیزب و ڕێکخراوی دیکەش وەک شووڕای نیشتمانی کە پتر لە ١٠ حیزب و ڕێکخراوە تێکۆشانی هەیە.

بە هۆی ئەوەیکە پەیەدە بەشێکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان ژنان و کچان تێیدا زۆر چالاکن و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆشیان هەیە و ناوی یەکیەتیی ژنانی کوردستان (یە ژا کا)یە.

سیستمی نوێی خۆبەڕێوەبەری کە ناوی «کانتۆن»یان لێنراوە، لە ڕۆژئاوا دروست بوون. لەو سێ کانتۆنەدا، ژنان و کچان لە بەڕێوەبەری هەرە سەروودا، جێیان گرتوە و

سەرۆک وەزیریان هەیە. هاوسەرۆک بوونی ژنان و بەشداری چالاکانەیان چ لە بەڕێوەبەریی حیزبی و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی سینفی و مەدەنییەکان و چ لە بەڕێوەبەریی و شەڕ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان، ژنان و کچان هێزێکی مەزنن بۆ خەباتی ئەو بەشەش لە نیشتمان.

«کوردەکان لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٢دا، و دواتر توانیان سێ کانتۆنی عەفرین، کۆبانی و جزیرە دامەزرێنن. لە جزیرە لە ناوچەکانی قامشلوو و حەسەکە هێزەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە شوێن گەلێک جێگیرن کە بە «چوار گۆشە»ی ئاسایش دەناسرێ». (ماڵپەری دەستوور)

لە ڕۆژئاوای کوردستان ژنان وەک موختار و هاوسەرۆکی پارتی و هاوسەرۆکی حکوومەتی کانتۆنی و سەرۆک وەزیر توانا و لێوەشاوەیی خۆیان سەلماند.

بۆ یەکەمین جار ئەو بەشەی کوردستان وەبەر هێرشی «بەرەی نەسر» کەوت کە پاشان داعیش (دەوڵەتی عێراق و شام)یان لێ جیا بۆوە. ئەم دوایانەش پێش کارەساتی شەنگال، کۆبانی گەورەترین مەترسی پاکتاوی نەتەوەیی لە لایەن داعەشەوە لە سەر دروست بوو، کە بەربەرەکانی توندی خەڵکی کۆبانێ شکستی بە داعشییەکان هێنا. یەکینەکانی پاراستنی ژنان (ی.پ.ژ) دەوری سەرەکی و کاریگەریان لەو سەرکەوتنە بەدەست هێنا.

کێشە و گیروگرفت لەو بەشەی کوردستان بەداخەوە زۆرە. بەڵام دوای باشووری کوردستان، ڕۆژئاوا بۆ بەڕێوەبەرییەکی خۆجێی و هوویەتی کوردی لە ناوچەی کوردستان، نەتەنیا تواندنەوە (ئاسمیلاسیۆن)ی تێپەڕاند؛ بەڵکوو لە هۆویەتی پێدان و بە دەستەوەگرتنی بەڕێوەبەری و پاراستنی لە هێرشەکانی داعشی ئەو کاتی و خیلافەتی ئیسلامی ئێستا و «بەرەی ئەلنەس»دا، جێیەکی شیاو و مەزنی لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەیە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پشتیوانی لە دەسکەوتە دووقاتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکا. دوو قات بەو مانایە کە پێشڕەوبوونی ژنان و باش بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان، بەتایبەتی لە بواری نیزامی‌دا، پێگەی ئەوانی زۆر بەهێز کردوە و پاشان دانانی بناخەی یەکسانی سیاسی و بەڕێوەبەریی لە کردەوەدا، سەلماندوە.

### بەشدارانی هێژا!

کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی دەزانێ لە چەند ڕەهەند کار بکرێ و بەرنامە دارێژی ڕێبەریی هەڵبژێردراو ئەرکدار بکا کە هەنگاوی جیددیان بۆ هەڵبگرێ:

١: خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتە سەرەکی‌ترین بەشی چالاکییەکانی. لەو ڕەهەندەشدا:

ئەلف: هەماهەنگی و کارکردنی بەردەوام لە نێوخۆی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بە لە پەنایەکدانانی تواناکانی هەمووومان، کار و ئەرکەکان بەڕێوەبەرین.

ب: ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێوەندییەکی تا ڕادەیەک باشیان پێکەوە هەیە، پێویستە هەنگاوی زۆرتر و گەورەتر باوێژن و پتر بە یەکەوە کار بکەن و ڕیزەکان بە جیاوازیەکانەوە زیاتر لێک نزیک کەنەوە، بۆ ئەوەی ببنە وێنەیەکی باش بۆ پێکەوە ژیان و هاوکاریی ڕێکخراوەیی.

ج: یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەوڵ بدا بە پێی توانا لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو کچان و ژنان دا، کار بکا و لە چووکەترین دەرفەتەکانی مەدەنی، NGOیی، فەرهەنگی و سیاسی و... بۆ تێکۆشان خافڵ نەبێ.

٢. لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بە هۆی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنان، پتر هەوڵ بدرێ، چالاک بن و پێوەندیی ژنانی کوردستان و تاراوگە تۆکمەتر بکرێ.

٣. کۆمیتەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لەگەڵ پێکهاتە، ڕێکخراو و کۆمەڵە مەدەنییەکانی ژنانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوادا، پێوەندی بەردەوامی هەبێ.

٤. لە میدیاکانی بەرایی یەکتر کەڵک بۆ ئەو کارە هاوبەشە وەرگرین، هەتا هەم یەکگرتوویەکەمان پتەو و نیهادینە کەین و کاری گشتیی بکەین بە هەوێنی چالاکییەکان و هەم بە کردەوە نیشان بدەین کە دوای ئەم کۆنگرەیەمان ئاڵوگۆڕی چەندایەتی و چۆنایەتی و هاوبەشمان بە جیاوازەکانەوە کردۆتە وزەی تێکۆشان.

### ژنانی تێکۆشەر! کچانی بە توانا!

ڕووداوەکان و پشتیوانیی جیهانی لە پرسەکەمان، ئاسۆیەکی ڕوونی لە پێشە بۆ کوردان، کە بەرهەمی خوێن و ژیان و خەباتی هەزاران کەسە. ئەگەر بمانهەوێ دەتوانین بە خەباتی یەکگرتووانە، کاریگەری ئەرێنی لە سەر ڕووداوەکان دانێین و بۆخۆمان خوڵقێنەری کاری گشتی و بەسوود، چ لە بواری بەرفراوانکردنی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان و چ لە بواری پرسی ژن و پرسی نەتەوەیی شوێندانەری موسبەت بین.

**سەرکەوێ کۆنگرەی چوارەمی**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

# وتاری کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**کوێستان فتوحی**



**میوانانی بەڕێز!**
**ئازیزانی بەشدار لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!**
**ئەندامانو دۆستانی یەکیەتیی ژنان!**
**بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم. بەتایبەتی بە خێرهاتنی ئەو میوانە ئازیزانە دەکەم لە ڕێگەی دوورەوە تەشریفیان هێناوە! زۆر بەخێر بێن قەدەمتان سەرچاوان!**

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنان گەرمترین پیرۆزبایی لە ئەندامان و دۆستانو بە تایبەتی نوێنەرانی کۆنگرە دەکەم.

بۆ من مایەی خۆشحاڵییە کە پێم سپێردراوە کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بکەمەوە.

بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هاوکاتە لەگەڵ ٦٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو یەکیەتییە. چ خۆشتر دەبوو لەبەرەبەری ٦٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کە تەنیا ٤ ڕۆژی بۆ ئەو یادە ماوە، کۆنگرە لە وڵاتو شوێنی ئەسڵیی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان، واتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتبایە. بەڵام بەداخەوە ئەوەمان بۆ نەگونجاوە و دوور لە زێد و شوێنی تێکۆشانی خۆمان کۆنگرە دەبەستین.

هەموومان دەزانین کۆنگرە بۆ دەبەسترێ! ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێکە بۆ دەوڵەمەند کردن و پێداگرتنەوە لەسەر پرۆژە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشووی ئەم ڕێکخراوەیە، لە لایەکی دیکەشەو بۆ مەبەستی خۆئامادە کردنی زیاتری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانە بۆ قۆناغێکی نوێی تێکۆشان.

ئایا ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا بێ؟ ئەو چاوەڕوانیانە چن کە لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان هەن؟ یەکیەتیی ژنان و ئەم کۆنگرەیە چ بکەن بۆ ئەوەی لەم هەلومەرجەدا ببنە هۆی دڵگەرمیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێک دا دەبەسترێ کە ژنی کورد جێگە و پێگەیەکی بەرزتر لە پێشووی لە خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و هەروەها لە ڕوانین و هەڵسەنگاندنی دۆستانی ئەم نەتەوە دا هەیە.

با لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بێنمەوە. ئەگەرچی سەرکوت و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران مەجالێکی ئەوتۆی بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازی لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێشتوەتەوە، بەو حاڵەش لە ماوەی چەند ساڵ و بەتایبەتی یەکساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک چالاکیی مەدەنی و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوون. هێندێک لەو چالاکییانە ئامانجی ژینگەپارێزانەیان هەبووە، بەشێکیان بە داکۆکی لە مافی خوێندن بە زمانی دایک بوون، هەروەها بە ناڕەزایەتی لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانیش هەموو کات شاهیدی چالاکی بووین. لەو کۆڕو وکۆبوونەوە و فستیڤاڵە ئەدەبی و هونەریانەشدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتوون، وەک هەموو چالاکییەکانی دیکە، ژنان دەور و ڕۆڵیان هەبووە و تەنانەت لە ریزی پێشەوەی چالاکییەکانو ڕێپیوان و هاتنە سەرشەقام بۆ مافی ڕەوای خۆیان بوون. ئەم بەشدارییەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە چالاکییەکان و حەرەکەتە مەدەنی و فەرهەنگییەکان دا، پێمان دەڵێن کە ژنانی ئێمە لە خۆ پێگەیاندن و لە هەوڵدان بۆئازادی و مافەکان، نایانەوێ لە پیاوەکان بە جێ بمێنن و چالاکانە لەمەیدان دان.

بەشداریی ژنی کورد لە خەبات و خۆڕاگریی پێشمەرگانە و چەکدارانە بەرامبەر هێرش و پەلاماری دوژمنان و نەیارانی

نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شتێکی تازە نییە. هەر ئێمە ئەو ژنانەی ئەم کۆنگرەیە لیکی کۆکردووینەوە و ساڵانێکی زۆر وەک پێشمەرگە و وەک تێکۆشەرێکی ژن لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تێکۆشاوین، زۆر بیرەوەریی جێگای شانازیمان لە خۆڕاگری و ئازایەتیی ژنان هەیە. لە یەک ساڵی رابردوو دا، بەشداریی کچان و ژنانی کورد لە بەرپەرچدانەوەی پەلاماری تیرۆریستانی داعش بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، لاپەڕەیەکی زێڕینی خستە سەر مێژووی موقاومەتو خۆڕاگریی ژنانی کورد. لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ناوبانگی خۆڕاگرییە حەماسییە بێوێنەکەی شاری کۆبانێ دا، ناوبانگی ئازایەتیی ژنانی کورد بە دنیا دا بڵاو بۆوە. ئەم خۆڕاگرییە و ئەو فیداکارییەی ژنی کورد ئەویش لە شەڕ بەرامبەر درندەترین و دواکەوتووترین هێزی تیرۆریستی دا، ڕێز و حورمەتی ژنی کوردی لە جیهان دا، گەیاندە لوتکە.

ئاماژە کردنی من بە دیاربوون و لەمەیداندابوونی ژنانی ڕۆژهەڵات و هەروەها ئیشارە کردنم بە خۆڕاگریی ژنانی کورد لە کۆبانێ، بەو مەبەستە بوو کە بڵێم: چاوەڕوانییەکان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆنگرەکانیان، چوونەتە ئاستێکی بەرزتر. هەرچی ئاستی تێگەیشتن و وشیاریی ژنان بەرزتر بێت، هەروەها هەتا ئامادەیی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات و تێکۆشان دا زیاتر ببێ، چاوەڕوانیشیان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و هێزە سیاسییەکان زیاتر دەبێ. ئەم کۆنگرەیە دەبێ لە بیری بێ، ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوتارو پەیامی ئەمڕۆیی لێ دەوێ. حزووری چالاکتر لە نێو بزووتنەوەی ژنانی کورد و لە نێو پرس و ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ژنانی، لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەوێ. پێوەندییەکی زیندوو و بەردەوامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ چالاکانی ژن و کوڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی دەوێ.

ئامرازە نوێیەکانی پێوەندی گرتن وەک کاناڵی تلویزیۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ماڵپەڕ و وێبلاگ و فەیسبووک و توییر و... ئەمانە باشترین ئیمکاناتی ئەمڕۆی پێوەندیگرتن و ئاگاداربوونە لە ڕووداوەکان. بەم پێیە ئەرکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان هەتا دێ قورستر دەبێ. چونکە هەموویان دەبێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆی ژنانی کورد دابن.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!**

هاوڕێیان و هاوخەباتانم لە مەیدانی داکۆکی لە مافەکانی ژنان!

تەئکیدی من لە سەر چوونە سەری ئاستی چاوەڕوانییەکانی ژنان لە ئێمە و وەبیرهێنانەوەی قورستر بوونی ئەرکەکانمان، بۆ ئەوە نییە کە ژنان بترسین و نەوێرین شان بدەینە ژێر باری کار و مەسئولییەت. بە پێچەوانەوە، دەبێ بوێر بین و بە ئازایەتیی و بڕوابەخۆبوونی زیاترەوە بێینە پێش. بەڵام هاوکات بە گرنگیدانی زیاتر بە خۆپێگەیاندن، بە هاوکاریی گەرموگوڕ لە گەڵ یەکتر لە نیو بەڕێوەبەری و لە هەموو ئاستەکان و ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنان دا. هەروەها لە ڕێگای بە هێزکردنی پێوەندیی هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان.

**کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێک دا دەبەسترێ کە ژنی کورد جێگە و پێگەیەکی بەرزتر لە پێشووی لە خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و هەروەها لە ڕوانین و هەڵسەنگاندنی دۆستانی ئەم نەتەوە دا هەیە**

هیوادارم ئەم کۆنگرەیە باس و لێکدانەوەی دەوڵەمەندی لە بارەی کێشە و گرفتی ژنان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەبێ. هەروەها هیوادارم کۆنگرەی چوارەم پێشنیار و بڕیار و ڕێنوێنی باش و بەسوود بۆ تێکۆشانی داهاتووی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات پەسند بکا.

بەو هیوایە ئەم کۆنگرەیە، بە بەشداریی چالاکانە و بەرپرسانەی هەموو بەشدارانی کۆنگرە، لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرکەکانی سەرشانی دا سەرکەوتوو بێ.

قسەکانم بە سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕانە کۆتایی پێ دێنم کە لە سەنگەری خەباتی ئازادیخوازی دا هیچکات پرسی ژنیان لەبیر نەکردوە. بە تایبەتی سڵاوی وەفا بۆ ئەو ژنانەی کە ئێستا لە ژیاندا نەماون و چوونەتە ڕیزی کاروانی نەمران.

**سەرکەوێ خەباتی ژنان لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا**
**سەرکەوێ کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کورستان لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا.**
**جارێکی دیکە پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم کە گوێتان لە قسەکانم راگرت.**

۱۳۹۳/۱۲/۲۰
۲۰۱۵/۳/۱۵

### پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان،

# بە بۆنەی پێکهاتنی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




**بەشدارانی کۆنگرە!**
**میوانە خۆشەویستەکان!**
**ژنە تێکۆشەرو خۆڕاگرەکانی کوردستان!**

کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە هەلومەرج و بارودۆخێکدا دەبەسترێ کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو کوردستانو ئێران رووبەرووی کۆمەڵێک قەیرانو ئاڵۆزیی نێوخۆییو ناوچەیی بوونەتەوە. شەڕوماڵوێرانی لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکە، بەرۆکی خەڵکی گرتووەو کارەساتی زۆر گەورەو دڵتەزێن روویان داوە؛ کە ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاندووە، شەڕو تیرۆر تەنیا هەڕەشە بۆ سەر ئەو نەتەوەو وڵاتانە نەبوون کە راستەوخۆ رووبەڕووی هێرشو پەلامار بوونەتەوەو قوربانی دەدەن، بەڵکو مەترسییەکی گەورەشن بۆ سەر مرۆڤایەتیو گشت ئەو شارستانیەتو پێشکەوتنانەی؛ کلتووری بەیەکەوە ژیانی سەردەمیانەیان لە سەر بنیات نراوە. ناوچە ئاوسانی ڕووداوگەلێکە کە مەترسییەکی گەورەیان لە سەر سەقامگیریو ئاشتیو هیمنایەتیی ناوچەکە دروست کردوە. لە رەوتی رووداوەکانی ئەمساڵدا شاهیدی زۆر کارەساتی دڵتەزینین، هەر لە کوشتاری خەڵکی بیدیفاعو سیڤیلەوە هەتا خاپووربوونی گوندو شارەکان. نەتەوەی کورد لە باشوورو رۆژئاوای کوردستانیش لەو کارەساتانە بێبەش نەبوون. هێرشکردنی چەکدارانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر هەریمی کوردستان، کوژرانو بە دیلگیرانی هەزاران کەس لە ژنو منداڵو پیاوانی ئێزەدیو کەمە ئایینیو نەتەوەییەکانی دیکەو ئاوارەو دەربەدەربوونی سەدان هەزار کەسی لێکەوتەوە. دەستدرێژی کرایە سەر ژنانو کچانی کوردو لە بازارەکان کڕینو فرۆشتنیان پێوەکرا. ئەم رووداوانە لە سەدەی ٢١دا بیرهێنەرەوی سەردەمی جەهالەتو زیندەبەچاڵ کردن بوون، کە هەڕەشە بوون بۆ سەر ویژدانو کەرامەتو کەسایەتیی مرۆڤ.

مۆتەکەی تیرۆرو گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ سەردەمی تاریکی لەم ناوچەیە، لە کاتیک دایە کە لە ئێرانو لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا، زیاتر لە ٣٦ ساڵە خەڵک تامی تاڵی دەسەڵاداریێتی لە ژێرناوی دیندا دەچێژن. سەرەڕای ئەو هەمووە کۆتو بەندەش کە ئەم ڕێژیمە بۆ دەستوپێی خەڵکی وڵات دروستی کردوە، بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانیان هەر جارەی قەیرانێک دەخولقێنن کە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکی وڵات. لە بنەڕەتدا ئەوە، سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمەیە لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووریدا کە بوونەتە هۆی پێکهاتنی زۆرترین نەهامەتی بۆ خەڵکی ئێران. هەر لە نەبوونی ئازادیو بێبەشی لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان رابگرە تا دەگاتە زیندانو ئەشکەنجەو ئێعدامو گرانیو بێکاریو مادده سڕکەرەکانو دەیانو سەدان بەڵای دیکە.

لە کوردستان بە هۆی بوونی خەباتێکی رەواو وشیاریی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی، ڕێژەی جیاوازیدانانو سەرکوت لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر زیاترە. دەسەلاتدارانو کاربەدەستان هەمیشە بەچاوی ئەمنییەتی دەڕواننە کوردستان، خەڵکی کوردستان لە نابەرابەریو زوڵمو زۆرو ، ڕاوەدوونانو زیندانو ئەشکەنجەو ئێعدام بە تاوانی سیاسیو جیابیری، لە چاو بەشەکانی دیکە ئێران پشکی شێریان پێبڕاوە. کوردستان ئێستاش بە بەراورد لە گەڵ سەرانسەری ئێران چالاکترینو بەهێزترین مەیدانی خەباتو خۆڕاگری لە دژی سەرەڕۆییو کۆنەپەرستیە.

کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازبوون لەو هەمووە بوحرانو کێشەیەی تووشی بووە، داماوە لە چارەسەرکردنی دووبەرەکیو ململانێی نێوان باڵەکانی دەسەڵات، بۆ لادانی سەرنجی بیروڕای گشتی لە کێشە نێوخۆیییەکانی هەوڵی داوە، سەرنجیان بۆلای کێشە دەرەکییەکانی رابکێشێ. بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی، بە دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، ئاگری شەڕێکی درێژخایەنی خۆش کردوە کە دوور نیە هەزاران قوربانیی لێبکەوێتەوە. ململانیە ناوچەییەکانی لە ڕێگای بەکارهێنانی هەستی مەزهەبی بەتایبەتی لە وڵاتانی عێراق ، سووریا ، لوبنانو یەمەن کردۆتە ئامرازێکی گوشار بۆسەر وڵاتانی رۆژئاواییو بەشێک لە وڵاتانی عەرەبیو کەنداو.

پرسی ئەتۆمیو ڕەوتی دانوستانەکان لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ی

تا ئێستا بە نارِوونی هێشتۆتەوەو هەوڵ دەدا بۆ وەدەستهێنانی کاتو دەرفەتی زیاتر بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی، بەڵام بە پێی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی زۆر لە چاوەدێرانی ئەم بوارە، ئەو رِێژیمە جگە لە ملدانو قەبووڵکردنی مەرجەکانی رۆژئاوا هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە. ئەوەش دەبێتە پاشەکشەیەکی دیکەی سیاسی، سەرِەرِای ئەو هەمووە کێشەو گرفتانەی لە ئاکامی سیاسەتی ناوکیی تا ئێستای ئەو رِێژیمە، داوێنگیری خەڵکی ئێران بووە. .

ژنە تێکۆشەر و خەباتکارەکان!

چارەنووسی ژنان لە هەر سەردەمێکدا بە رووداوو ئالوگۆرِەکانی ئەو سەردەمەوە گرێدراوە. ژنان هەروا کە لە بزووتنەوە وئاڵوگۆرە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوورییە پێشکەوتنخوازانەکان دەسکەوتیان هەبووە، لە شەرِەکانو قەیرانەکانیشدا گەورەترین قوربانیانی کارەساتەکان بوون. یا بۆ خۆیان راستەوخۆ بوون بە نێچیری دەستی زولمو زۆرداری ، یا مێردو کورِو ئەندامانی دیکەی بنەماڵەیان لە دەستداوە ، بەڵام لەگەڵ هەموو زیانو تێچوویەک کە لە سۆنگەی شەرِەکانو قەیرانەکان تووشیان دەبێ، هەمیشە کەمترین مافو دەسکەوتیان هەبووە.

سەرەرِای ئەمەش ژنان لە خەباتو بەربەرەکانی لە دژی سەرەرِویی نەوەستاونو رۆژ لەگەڵ رۆژ لەو مەیدانەدا چالاکتر بوون. رێکخراوەکانی ژنانو کۆرِو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان بە دژی ستەمو هەڵاواردنی رەگەزی وەستاونەوە. ژنان، لە بزووتنەوە سیاسیو مەدەنییەکانی سەردەمی ئێستادا هێزێکی دیارو شوێندانەرن. بە خۆشحاڵییەوە لە خەباتو چالاکییە مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، ژنان بەشدارییەکی حاشاهەڵنەگریان هەیە. ژنان لە هەڵومەرجی ناسکو ئاستەمی ئێستادا ئەرکی گەورەو گرینگیان لەسەرشانە، ئەویش بەبێ بوونی بەرنامەیەکی باشو سەردەمیانەو رێکخستنی توندوتۆڵو بێهەبوونی ئیرادەو هاوکاریو هەماهەنگیی رێکخراوەیی لە نێو یەکیەتیەکانی ژنان نایەتەدی. پەیوەندیو هاوکاریی نێوان رێکخراوەکانی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتر، هەروەها پێوەندیو هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان لەسەرانسەری ئێرانو بەشەکانی دیکەی کوردستان یارمەتیدەر دەبن بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنانو گەیشتنی بە داخوازەکان. ئەوەش بە متمانەبەخۆبوونی ژنانو ئیرادەو لێهاتوویی ژنان دێتە بەرهەم. دڵنیاین ئێوە وەک یەکیەتییەکی بە ئەزموونو خاوەن رابردوو، تواناو ئیرادەی جێبەجیکردنی ئەم ئەرکانەتان هەیە.

بەشدارانی بەرِێزی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەرِای سەختیو نالەباربوونی قوناغەکانی ژیانو تێکۆشانی خۆی، لە بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا غافڵ نەبووەو دژی ئەو ستەمو هەڵاواردنو کێشانەی بەرەورِووی ژنانی کوردستان بووەتەوە، خەباتی کردوە. پشتیوانیو هاوکاری کردنی

**حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەرِای سەختیو نالەباربوونی قوناغەکانی ژیانو تێکۆشانی خۆی، لە بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا غافڵ نەبووەو دژی ئەو ستەمو هەڵاواردنو کێشانەی بەرەورِووی ژنانی کوردستان بووەتەوە، خەباتی کردوە. پشتیوانیو هاوکاری کردنی ژنان لە پێناوی مافە رەواو ئینسانیەکانیانی بە ئەرکێکی سەرەکیی خۆی زانیوە**

ژنان لە پێناوی مافە رەواو ئینسانیەکانیانی بە ئەرکێکی سەرەکیی خۆی زانیوە. بۆ نیو سەدە دەچێ کە دابینکردنی مافی یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان بووە بە یەکێک لە خاڵە بنەرەتیەکانی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان. حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە دژی دابو نەریتی دواکەوتوانەو پیاوسالارانەی کۆمەڵگە، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا خەباتی کردوە. لەمەودواش تێدەکۆشێ بەهەموو تواناوە یارمەتیدەرو پشتیوانی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بێ. حیزبی ئێمە بە ئاگاداری لە گرنگیی نەخشو دەوری ژنان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا، بە بایەخپێدانەوە دەرِوانێتە تێکۆشانو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو هەروەک تا ئێستا لە هاوکاریو پشتیوانیکردنی ئەم یەکیەتییە درێغی نەکردوە لە داهاتووشدا درێغی ناکا.

ئەندامانی بەرِێزی کۆنگرە!

ئەم کۆنگرەیەتان کە لە بەرەبەری٦٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتییەکەتاندا پێکهاتوە، دەتوانێ کاریگەریی زۆر باشی لە سەر تێکۆشانی داهاتووی یەکیەتیی ژنان هەبێ، بەو مەرجەی ئەندامانی کۆنگرە پرسی ژن لە کوردستانو ئێران بە دروستی بخەنە بەر باسو، برِیارو بەرنامەی باش بۆ یەکیەتییەکەیان پەسند بکەنو بەرِێوەبەرییەکی گونجاو بۆ دەورەی نوێی تێکۆشانی ئەم یەکیەتییە هەڵبژێرن. ئێمە بە بۆنەی ئەو کارو ئەرکو بەرپرسایەتییانەی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا لە سەر شانیان بووە، ماندوونەبوونی لە بەرِێوەبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێهەم دەکەین. هیوامان سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەو بەردەوامیو بەرەوپێشچوونی رۆژبەرۆژ زیاتری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانە.

**سەرکەوێ خەباتی ژنان لە پێناوی وەدەست هێنانی مافە رەواو سینفیەکانیاندا.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٣/١٢/٢٠ هەتاوی**

# پەیامێک بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی
# ۴ی یەکێتی ژنانی دێموکرات کوردستان



**بەڕێزان ئامادەبوانی ئازیز ئەندامانی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!**

**میوانە خۆشەویستەکان!**

ژنان لە سەرجەم جیهاندا تێدەکۆشن بۆ دابینکردنی مافە رەواکانیان لە خەبات ناوەست تاکو سەرجەم مافە رەواکانیان بە دی دێت.

دیارە خەباتی ژنان لە کۆمەڵگایەک تا کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی هەیە، ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی دیکە ژنان خەبات بۆ بە دەستهێنانی ماف و یەکسانی جێندەری دەکەن بەڵام ژنانی کود ئەمرۆ خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و پێکەوە گرێ دەدەن. ژنانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ دابینکردنی مافەکانیان قوڵ و بازویان لێ هەڵماڵیوە لە رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوای کوردستان ژنان شان بە شانی پیاوان دەجنگن .

لە باشووری کوردستان کە ئەمرۆ کیانێک هەیە بەڵام لە هەموو لایەکەوە رووبەرووی چاوتێبڕین و هەرەشە و تێرۆر بۆتەوە بۆیە ژنان شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بە هەمان شێوەی پیاوان لە دژی تیرۆریستان وەستاونەتەوە و دەجەنگن بە نموونە (نەقیب رەنگین) لە باشووری کوردستان کە لە شەری تیرۆریستان شەهید بوو.

ئەمرۆ ژنانی کوردی تەواوی پارچەکانی کوردستان لە جێگەی هەموو جیهان لە رۆژئاوای کوردستان شەری تیرۆریستان دەکەن و خەبات دەکەن لە دژی شەم شەمە کوێرەکانی تاریکی، ئەمە ژنی کوردە رۆژانە لە سەر لاپەرەی رۆژنامەکان گوزارشت لەم راستیە دەکات. هەر لە ژنە شەرڤان ئارین مێرەکانەوە بگرە کە خۆی بە تیرۆریستان دا دەتەقێنێتەوە، هەر یەک لە نەسرین عبدوڵلا فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان، ئاسیا عبدوڵلا هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتی دیموکرات کە لەلایان فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لێدەکرێت و وەک رێزگرتن لە ژنانی کورد بۆ ماوەیەک دەبنە سەرسنووری رۆژنامەی (لۆمانیتی) فەرەنسی (١١١) ساڵ تەمەنیەتی.

لە رۆژنامەی کوردستانیش رۆژانە بە تەنیشت هاورێی سەنگەرەکانیان لە سوچی زیندانەکان توندەکرێن، لە سێدارە دەدرێن هەر لە شیرن عەلەم هولیەوە بگرە تاکو دەیان و سەدان نموونەی تر.

بەرێزان! تێکۆشانی ژنان خەباتێکی سەختی پێویستە، ئەمرۆ لە ناو ماڵەکانی خۆمان بە هۆی ئاستی رۆشنبیری و دواکەوتووی کۆمەڵگا و زاڵ بوونی داب و نەریتی پێنج هەزار ساڵە، ژنان رووبەرووی توندو تیژی دەبنەوە. بە بیانوی شەرەفی پیاوان ژنان دەکوژین. ژنان بەرگەی ئەم ئازارە ناگرن و پەنا دەبەنە بەر خۆ سوتاندن، کە ئەمە کارێکی نەگونجاو و قێزەونە پێویستە ژنان هۆشیارانەتر رەفتار بکەن.

بە پێی ئامارەکان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێژەی خۆکوشتنی ژنان بە تایبەت خۆسوتاندن زیادی کردەوە بۆیە پێویستە رێکخراوەکانی پەیوەندیدار لە رێگای میدیای (بیستراو،بیندراو،نوسراو) کاربکەن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە قێزەونە .

بەرێزان! ئاماری توندوتیژی لە دژی ئافرەتان، لە تەواوی جیهان لە هەڵکشان دایە لە هەرێمی کوردستان بە هۆی زیادبوونی رێژەی ئاوارەیی، سنورێکی بەرفراوان لە گەڵ تیروریستان، تەکنەلۆژیایی سەردەم و گورانی هۆکارەکانی ژیان، ئامارەکانی پێوەندیدار بە ژنان دڵخۆشکەر نین.

پێویستە ئێمەی ژنان دەنگەکان و رەنگەکان یەک بخەین، پێکەوە بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان خەبات بکەین، کە پر بیت لە ئاشتی و دوور بێت لە توندوتیژی کۆمەڵگایەک کە یاسا و مافەکانی مروڤ تێیدا بەرقەرار بێت و یاسا لە سەروی هەر شتێک بێت.

لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان ئەخوازم و سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان دائەنوێنم.

سڵاو بۆ پێشمەرگە و شەڤانان و گەریلا کە پارێزگاری لە خاکی کوردستان دەکات .

**کوردو عمر عبدلله**
**بەرێوبەری گشتی بەرەنگار بونەوەی**
**توندو تیێژی دژ بە ئافرتان**
**/ / ٢٠١٥**

### پەیامی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان

# بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کوردستان

بە ناوی خۆم و ڕێکخراوەکەمان (یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان) لە قولایی دڵەوە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەتان دەخوازم و سوپاستان دەکەم کە بانگێشتتان کردین و دەرفەتی ئەوەتان پێداین بە وتەیەک پیرۆزبایی خۆمانتان بگەیەنین .

**بەڕێزان!**

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە بەر چەندین هۆکار وەک جوگرافیا و رامیاری و کلتوری ڕووبەڕووی جۆرەها چەوسانەوە بۆتەوە ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تریش فاکتەر بوون بۆ سەر هەڵدانی بزاڤی رزگاریخواز و داکۆکیکار لە ماف وەک نەتەوە ، لە هەمان کاتیشدا لە ناو خودی نەتەوەکەدا رەگەزی مێ سەرەرای ئەوەی وەک تاکینەتەوە ستەمی لێکراوە لە هەمان کاتدا لە بەر رەگەزەکەی ستەمێکی دیکەی دەرهەق کراوە کە ئەمەش بە هۆی کلتوری دواکەوتوی ناوچەکە و نەتەوە دراوسێکانەوە بووە زیاتر لەوەی بەرهەمی هزریناوخۆیی بێت ، چەندین ڕێکخراو بە بانگەوازێکی مەدەنیانە بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت هاتنە نێو کۆری تێکۆشان .

کە ئەمرۆ لێرەدا بە خۆشحاڵیەوە لە کۆنگرەی یەکێک لەو ڕێکخراوانە کۆبوینەتەوە ، ڕێکخراوەکەتان (یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان) با گراواندێکی مێژوویی و پر چالاکی هەیە هەم لە خەباتی نەتەوەیی و بە دەست هێنانی ماف و ئازادی گەلی کورد هەم لە خەبات بۆ یەکسانی ئافرەت لەگەک پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

ئێمە لێرەدا کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) دەکەین لە باشوری کوردستانئەوەمان لا روونە کەوا هەلومەرجی ئێمە و ڕێکخراوەکەتان لە زۆر لاوە نزیکە و لە هەندێک رووشەوە وەک یەکە ، یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەش کە کۆمان دەکاتەوە مێژووینەتەوەیەکی ستەم لێکراوە ، خاڵێکی دیکەی هاوبەش لە نێوانمان رووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ جۆرێک لە جیهانبینی ئەم ناوچەیە کە هەردەم هۆکارێک بووە بۆ بەردەوامی دان بە هزری دواکەوتویی کۆماڵگە .

**بەڕێزان!**

ئەزمونی دیموکراسی باشوری کوردستان ژینگەیەکی لەباری سازاندووە بۆ تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی و هاوتەریب بوون لەگەڵ هزری سەردەمیانە، ئەم ئەزمونە ساڵ لە دوای ساڵ پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە و هەنگاوی پێشکەوتوی ناوە، ژمارەیەکی زۆر ئافرەت لە پۆستی باڵادان، سەدان ڕێکخراوو سەنتەری چالاکی ئافرەتان پراوەی چالاکیە مەدەنی و مەعریفیەکەن دەکەن، مافەکانی ئافرەت بە یاسایی کراون، پاراستنیان لە توندوتیژی بە دامەزراوەیی کراوەو ئەم پرسە بووە بە پرسی رای گشتی و گەیێنەراوە بە هەمووتاکەکەنی کۆمەڵگا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەم لە رووی ستەمی کۆمەڵایەتی و هەم لە رووی بەشداری لە کایە جیازاەکان بە تەواوی خواستەکانی خۆمان نەگەیشتوین و لە تێکۆشانی بەردەوامداین ، هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا هەنگاوی پێشکەوتوی ناوە بەرەو دیموکراسیەت لە هەمان کاتیشدا بووە مایەی ئۆمێدو خا ئارامی کوردانی هەر چوار پارچەو جێگەی ئەنجام دانی کارو چالاکی ڕێکخراوە مەدەنیە کانی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

لە ئێستاشدا کە ڕووبەڕووی درندانەترین هێرشی تیرۆرستانی داعش بوینەتەوە وەک دەبینین هەموو گەلی کوردستان بە هەموو بەشەکانەوە بە یەک دەنگ و دەست و ئامانج روبەڕووی ئەم دوژمنکاریە بوینەتەوە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە تاکی کورد لە هەر جێیەک بێت ئازارەکانیان یەکەو یەکدەنگ و یەکگرتوون بەرامبەر هەر پێشهات و رووداوێک، دیسانەوە زۆر سوپاستان دەکەم و هیوای ئەوپەری سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

**یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان**
**سکرتاریەت**
**٢٠١٥/٣/١١**

# پەیامی مومتاز حیدەری

# بۆچوارەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان _ڕۆژهەڵات



بۆ کۆنگرەی ئاڵاهەلگری ژنانی سەردەمی کۆماری کوردستان!

**سڵاوی وشەو قەڵەمەو و خەبات!**

لەروانگەی پیرۆزی هەوڵ وچالاکی خەباتی هەرە رەوای ژنان،لە پێناو ژیانێکی یەکسان و دادپەروەری و کامەرانی راستەقینەی نیشتمانێکی ئازادو سەرفرازدا،پیرۆزبایی لە گرێدانی کۆنگرەکەتان دەکەم و دەخوازم ئەوپەڕی سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

**بەڕێزان!**

دیارە، کۆنگرەکەتان، لەسەردەم و ڕەوشێکی زێدە ئاڵۆزوگۆڕانکاریی هەمەلایەنی کۆمەڵایەتی _کلتوری_سیاسی و نەتەوەیی دەبەسترێ،کە لە چوارچێوە گشتییەکەدا، سەرتاپای کوردستان، پاش سەدان ساڵی خەباتی خوێناوی، بەدەست شوێنەواری لە مێژیینەی داگیرکەرانی نیشتمانی نەتەوەیییەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەروا رووباری فرمێسکی خوێن دەیان ساڵە بەردەوامە...... لەلایەکی دیکەوە، لەگەل هاتنی لەشکری هەرە ڕەشی داعشە تاریک پەرەستەکان، ڕەوشەکەی ئەوندەی دیکە ئاڵۆزو وێران کردووە، سەرەڕای ئەوەی نەک تائیستا ئەقڵی دواکەوتویی باوک سالاریی لەسەرتاپای کوردستان بەگشتی هەرماوە، بگرێ. بەرگێکی تازەی حزبی_سیاسی_ئاینی پۆشیوە، کە دەستەڵاتە خوێناوییەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر بەردەوامە.

بۆیە کە خەباتی ژنانی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە بە چەند جەمسەرەوە دەچەوسێرێنەوە، زیاتر قورستر دەکات.

دەخوازین، کۆنگرەکەتان بتوانێ تێکرای ڕەهەندەکانی ئەو قۆناغ و ڕەوشە هەرە ئاڵۆزو مەترسیدارە لێک بداتەوەو بەرنامەیەکی خەباتی شارستانی_نەتەوەیی شۆڕشگێرانە دەستنیشان بکات.

هەرلێرەوەش، دەبێ بگوترێ لەبەر ڕۆشنایی قارەمانێتی هەرە دەگمەنی کچ وژنانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەتایبەتی لە کۆبانیی هەرە خۆراگردا، هەروەها ڕەوشە سیاسی و نەتەوەیە تازەکەی ئەوان _ڕۆژئاوای کوردستان لەبەر چاوبگێرێ زیاتر ژنانی ڕۆژهەڵات هیمەت بفەرموون پەیامی جولانەوەی ژنانی سەردەمی پێشەوا قازی بەرەو سەرفرازی یەکجارەکی درێژە پێبدەن.

*لەکۆتاییدا، دەڵێین: هەرچەند قۆناغ و ڕەوشەکە ئاڵۆزە هەستیاری سیاسی _نەتەوەییە، دەخوازم کۆنگرەکەتان ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی رەوای ژناندا.

*بەرەو روخانی ئەقڵی باوک سالاری بەهەمو ڕەهەندەکانیەوە.

*بەرەو سەرفرازی یەکجارەکی خەباتی کۆمەڵایەتی _ نەتەوەیی، تێکرای گەلی کوردستان _ یەک کوردستان .

**هەرشادوسەرفراز بن.**

**مومتاز حیدەری سەرنووسەری**

**هەردووگۆڤاری**

**(K۲۱_لەیلا قاسم_لەیلازانا)**

**هەولێر–کوردستان**

**۲۰۱۵/۳/۱۱**

# پەیامی ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد بۆ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

بە سلاویکی گەرم ئەندامان و بەڕێوەبەرانی چوارمین کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، پێش هەر شتێک پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەکەتان دەکەین و ئاواتەخوازین بە هاودڵی و یەکریزی بتوانن پرسی ژنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بدەنە بەر باس و لێکدانەوەو ڕێکخراوەکەتان بۆ دەورێکی نویٚ لە کار و تێکۆشان چالاکتر بکەنەوە. هەروەک هەموومان ئاگادارین بە هۆی هاتنی هێزێکی دڕندە و دژە ژن وەک داعش بۆ ناوچەکە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پرسی کورد و ژنی کورد هاتووەتە مەیدان و ژنانی کۆبانیٚ وەک قارەمانان و خەباتگێرانی دژ بە هێزەکانی داعش لە جیهاندا ناوباونگیان دەرکردووە و هەموو کەس بە ڕێز و حورمەتەوە باسیان دەکات. ئەمەنیشان دەدات کە ژنی کورد ئەو پۆتانسیل و هێزەی هەیە کە بتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا خۆی ڕێکبخات و لە سەنگەری بەرگەری لە ئازادی و یەکسانی خەبات بکات. بە ڕای ئێمە دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی ژنانی کۆبانیٚ دەتوانیٚ ڕێنوێنی و ڕیٚ نیشاندەرمان بێت بۆ ئەوەی ئێمەش وەک ژنانی ڕۆژهەلات زیاتر لە جاران خۆمان ڕێک بخەین. هەرچەند با لێرەدا ئەوەش بلێین کە ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە پێشەنگی خەباتی کورد لەم بەشە بوون و یەکەم هێزی پێشمەرگەی ژن لە ڕۆژهەلات سەری هەلداو ئەوان دەستپێشخەر بوون لە هاتنە مەیدانی ژنی کورد بۆ نێو خەباتی پێشمەرگایەتی. بەلام ئەمڕۆ بە هۆی هەندێک مەسەلە کە کاریگەری بووە لە سەر خەباتی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ژنانیش لەم بەشە لە چاو مێژوو و خەباتیان، ئێستا هەست بە جۆرێک پەرتەوازی و پرش و بلاوی لە نێو ڕیزەکانیان دەکرێت و دەنگیان زۆر بە هێز نییە. هەر ئەمە وامان لێدەکات تا پێداچوونەوەیەکی خێرا و ورد لە سەر ئەم مەسەلەیە بکەین و بە ئەرکی سەرشانی هەموو ژنانی خەباتکار و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان بزانین کە ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە. ئەمڕۆ ئێوە بە بەستنی چوارمین کۆنگرەکەتان، ئەم ئەرکەتان لە سەر شانە تا بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی ژنان بەرنامە و پێشنیار و پلاتفۆرمی خۆتانتان هەبێت و کاری بۆ بکەن. ڕێکخراوەکانی ژنان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەبیٚ ئاوڕ لە پرسی ژنان بە گشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان بدەنەوەو بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرج و بارودۆخی تایبەت، خۆیان ڕێک بخەن و ئەکتیڤتر لە جاران بێنە مەیدان. لە کۆتاییدا جارێکیتر پیرۆزبایی لە یەک بە یەکی ئێوە ئازیزان و خەباتگێرانی ڕێگای یەکسانی دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد وەک هەمیشە بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش ئامادەیە. سەرکەویٚ خەباتی ژنی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی

**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**
**٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ی هەتاوی**

# پەیامی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەلات بە بۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

وێڕای سلاو و ڕێز:

لە لایەن دەستەی بەڕێوبەری کۆمەلەی ژنانی ڕۆژهەلات،بەبۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیەکەتان لە ژێر ناوی لە پێناو خەباتی یەکسانی خوازانە ونەتەوەیی ژنان ،لە نێوخۆ ودەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان تێبکۆشین .

گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین و هیوادارین کۆنگرەیەکی پڕدەسکەوت و سەرکەوتوو بەڕێوەببەن.ئێمە وەکوو کۆمەلەی ژنانی ڕۆژهەلات لە سەرکاری هاوبەش وپەیوەندی زیاتر،لەگەڵ یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان تەئکید دەکەینەوە و بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر. سەرکەویٚ خەباتی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیان.

**دەستەی بەڕێوەبەری**
**کۆمەلەی ژنانی ڕۆژهەلات**

### یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بەبۆنەی بەستنی ٤مین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**کۆمیتەی بەرێوبەری گشتی**
**بەڕێزان یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

پیرۆزبایی کۆتایی کارەکانی کۆنگرەکەتان لێدەکەین و هیواداریین وەک چۆن لە رابردوودا بۆ داکۆکی لە یەکسانی جێندێری و گەیشتن بە مافەرەواکانی ژنان هەوڵتان داوە، ئەمجارەش بە پەسەند کردنی بریار گەلی نوێ خۆتان بۆ قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوایەتی ورەگەزی ئامادە کردبێت.

**بە ڕێزان!**

ئێوە لەکاتێکدا کۆنگرەی رێکخراوەکەتان بەست کە جیهان و رۆژهەلاتی نێوەراست بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت، قۆناغێک کە لە بەشی زۆری جیهان ژنان بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە،بەڵام رۆژهەڵاتی نێوەراست هێشتا ناوچەیەکە کە تییدا ژنان بە مافەکانیان نەگەیشتوون وبەردەوام بە رێگای جۆراوجۆر زۆلم و ستەمیان لێ دەکرێت.

ئەمە ئەرکی ئێوە وداکۆکیکارانی مافی ژنە کە ژنان لەگەڵ مافەکانیان ئاشنا بکەن وهانیان بدەن بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان و دڵنیاین کە کۆنگرەکەتان بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لاپەڕەیەکی نوێی تێکۆشانی ژنان تۆمار دەکات.

**ئازیزان!**

یەکێتی ژنان وەک یادگارێکی کۆماری کوردستان ،هەر وەک چۆن نزیک بە حەوت دەیە لەمەوبەر لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا لەم ناوچە پڕکێشە، وەک یەکەمین رێکخراوی داکۆکی لە مافی ژنان بە دنیاتان سەلماند کە ژنانی کورد دەتوانن شان بە شانی پیاوان لە پڕۆسەی سیاسیدا بەشدار بن، ئەمڕۆش پێویستە ببنە دەنگی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

جارێکی تر پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی چوارەمی رێکخراوەکەتان لێدەکەین و هاوکات ٢٤ی رەشەمە سالرۆژی دامەزراندنی یەکێتی ژنان دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین رێکخراوی تایبەت بە ژنان،لو ژن وکچە پێشمەرگانە پیرۆز بێت کە گۆرەپانی سیاسی وچەکداری چۆل ناکەن و دەیانهەوێ وەک مافەکانیان لەبەرێوەبردنی ئەرکەکەنیشدا هاوبەش بن.

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی**
**رۆژهەڵاتی کوردستان**
**کۆمیتەی بەڕێوبەری گشتی**
**١٥ی مارسی٢٠١٥**
**٢٤رەشەمەی ١٣٩٣**

### پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بەبۆنەی بەستنی ۴مین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**بەڕیزان!**

بە بۆنەی پێکهێنانی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی زیندانیانو دایکانی خۆڕاگری زیندانییە سیاسییەکان ،ئاراستەی ئێوەی تێکۆشەر و خۆڕاگری گۆڕەپانی خەبات و ماف و ئازادیەکانی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و هیواداریین ئەم کۆنگرەتان ببێتە هەوێنی داکۆکی و کار و چالاکی و پڕۆژە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کۆمەڵە کێشانەی کە بە داخەوە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی ژنانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرتۆتەوە.

**بەڕێزان!**

بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە وەها کات و ساتێکی هەستیاردا هەردەم ئەگەری گۆڕانکاریی و هاوکێشە سیاسیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەو ئاقارێکیتر ئاراستە بکرێ کە بێ گومان ئەم حاڵەتە بە روون و راشکاوی بەدی دەکرێ ،بە تایبەتی بەسەر هەڵدانی دیاردەیەکی نوێ بە ناوی داعش کە هیچ سنوور و بەهایەکی مرۆڤایەتیلە ژێر ناوی ئیسلامی سیاسیناسێ کە بە داخەوە بەشێکی سەرەکیئەم پڕۆژە کە ئامانجی داعشە بەرۆکی ژنانی یەکسانی و ئازادیخوازیی گەلەکەمانی لە هەر چوار پاڕچەی کوردستان دەگرێتەوە . هەر بۆیە بەستنی کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بارودۆخێکی وەها هەستیار و لە قۆناغێکی وەها دژواردا بە هەنگاوێکی پیرۆز و پڕ بایەخ دەنرخێندرێن.



**هیوامان سەرکەوتنتانەو سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.**

**ئەنجومەنی زیندانیە سیاسیەکانی**
**رۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٣٩٣/١٢/٢٠**

# پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
# بۆ گۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بۆ گۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ژنان!**
**میوانانی هێژا!**

ئێمە وەک کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکێتی ژنان، پیرۆزبایی گەرمی خۆمانتان بە بۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێشکەش دەکەین وهیواداریین کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ. ئێمە پێمان وایە هەر گۆرانکارێک کە لە کۆنگرەی ڕێکخراوەی دایک دێتە ئاراوە بۆ ئێمەش کە بەشێکی ئەو ڕێکخراوەین لە هەندەران، دەستکەوتێکی بەنرخە. بەرۆژکردن و نەوژەنکردنەوەی بۆچونەکانمان لە مەڕ ڕێکخراوی ژنان و ئالوگۆڕەکانی سەردەم, دەورێکی گرینگ دەبیینن لە ڕادەی دەستکەوتەکانمان دا.

بەڕێزان! هەمووتان دەزانن کە بڕیارەکانی کۆنگرە و ئەرکی ئێوەی بەرێز، زۆر گرینگە. هەر مادە و تێبنییەک، هەر پاراگراف، دێڕ و تەنانەت وشەیەکیش بە ئەرێنی و نەرێنی، لە ماوەی چالاکییەکانی دوو کۆنگرە دا لە لایەک و مێژووی تێکۆشانی ژنان لەلایەکی دیکەوە لە داهاتوودا، کاریگەری تایبەتی خۆی دەبێ.

**ئازیزان!**

ئێمە لە حالێکدا کونگرەی چوارەم دەگرین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ٣٦ ساڵە «داعیش ئاسا»، بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆی لە قوناخەکانی داسەپاندنی دا، بزووتنەوەی ژنانی بۆ وەدەستهێنانی داخوازە رەواکانیان سەرکوت و تەپەسەر دەکا. بەڵام بە لەخۆبردوویی ژنان و کچان، و بەرخۆدان و تێکۆشانیان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکەوتوو نەبوە. بۆیە پێویستە بە ئومێدی زیاتر بڕوانیینە خەباتی مەدەنیی و چالاکییە بوێرانەکانی ژنان، لە هەموو بوارەکانی نێو کۆمەڵگەی داخراو لە ئێران دا.

هەر وەها ئاشکرایە کۆنگرەی ئەم جارەمان لە هەلو مەرجێک دا دەبەستین کە بارودۆخی کوردستان لەمەڕ مسەلەی ژنان بە تەواوی گۆڕاوە. چونکە ژنی کورد بە لەخۆبوردوویی خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داعیش دا لە ڕۆژئاواو باشووری کوردستان، توانی شانازیەکی گەورە بۆ کورد بە گشتی و بۆ ژنی کورد بە تایبەتی، لە لاپەڕەکانی مێژووی تێکۆشانی نەتەوەی کورد تۆمار بکا. بۆیە بەرپرسایەتی ئێوە لەو هەلومەرجەدا دەخوازێ کە بە لەسەرەخۆیی و بیروهزرێکی کراوەتر و سەردەمیانەتر و بڕوابەخۆبوونی پتر لە جاران، و بۆ گۆڕانکاریەکانی پێویستو ئەمڕۆیی بەلەبەر چاوگرتنی ڕاستییەکانی وەزعی ژنان وبە پێی ئەو فەزا جۆغرافیەی کە وەک یەکیەتی ژنان کاری تێدا دەکەین، هەوڵی جیدی بدەن.

لە دوایی دا، داوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان دەکەینو هیواداریین بە بەرنامەو پەسندکراوەکانی پێویست و بەجێ، کۆتایی بەکارەکان بێو بەگیانێکی نوێترەوەو ئومێدی پتر لەبزووتنەوەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی دا، بەشداری بکەین.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**٢٠ی رەشەممەی ١٣٩٤**

**بەرابەر بە ١١ی مارسی ٢٠١٥**

# پەیامی مەڵبەندی (١٤)ی ڕێکخستنی کۆیە بۆ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستا

بۆبەرێز/دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان
سڵاوی یەکسانی خوازی

لەشەست ونۆهەمین ساڵی خەباتی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان و هەنگاونان بەرەو بەستنی چوارەمین کۆنگرە.پیرۆزبایی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەین و بە هیوای سورکەوتنتان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانتان لەڕۆژهەلاتی کوردستان.

دیارەکۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکی گۆردراو و هەستیاردا دەبەسترێ بەتایبەت کە خەباتی ژن لە ئیمڕۆدا پێ ی ناوەتە قۆناغێکی تازە بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان لە کۆڕی خەباتی تێکۆشانی ژنانەشدا ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە ژنی کورد نەک هەر تەنیا لە بواری کۆمەڵایەتیدا چالاکە بەڵکو لە بواری شۆڕشگێری وپێشمەرگایەتیش توانیویەتی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکان وبەرگری لە خاک و بوونی نەتەوەیی چالاک وکاریگەر بێت.

هەروەهاسوور بونتان لەسەر داکۆکی کردن لەمەر سەرجەم مافەکانی ژناندا نیشانەی پێرۆزی خەباتتانە هەنگاوی بوێرانەتریشن لەم خەباتە ڕەوایەکەتاندا....بە هیواشین کۆنگرەکەتان بە کۆمەڵێ دەستکەوتی گەورەو پڕبایەخ کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت و ئیمەش پاڵپشتان ئەبین لە سەرجەم داواکانتان و هیوای سەرکەوتن بۆ دروشم و کۆنگرەکەتان ئەخوازین .

**لەگەڵ ڕێزدا**

**مەلبەندی ١٤ ڕێکخستنی کۆیە**

# پەیامی ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان بۆ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!

بەناوی سکرتێرەوسەرجەم ئەندامانی سکرتاریەتەوە ،پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی ڕێکخراوەکەتان دەکەین بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٦٩سال بەسەرهەول وماندووبون خەباتتان،وەبەستنی کۆنگرەی ئەمسالتان هاوکاتە لەگەڵ چەوسانەوەیەکی تری مێژووی ژنان وکچانی کورد،هەربۆیە ئومید ئەکین بەرجەستەکردنی مەزلوومیەتی گەلەکەمان بە گشتی وژنان بەتایبەتی و خەبات و بەرخۆدانی ژنانی کۆبانی بکرێتە تەوەری سەرەکی پانێلی کۆنگرەکەتان وە هیواخوازین هەموو لایەک کاربۆ ئەوە بکەین کەبە یک دەنگی پارێزگاری لەمافی رەواو خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان بکەین تا وەک گەلانی تری دونیا ببێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ، وەلە سێبەری ئەوسەربەخۆییە هەموان بەئاشتی وئارامی ژیان بەسەرببەن بە تایبەت ژنانی بەش مەینەتی کورد.

**ڕێکخراوی خوشکانی**
**ئیسلامی کوردستان**
**مەکتەبی سکرتاریەت**
**٢٠١٥/٢/٧**

# پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان _ ئەنجومەنی قەزای کۆیە بۆ کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

سلاوێکی دادوەرانە!

بە بۆنەی کرانەوەی چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیەکەتان بەناوی خۆمان و سەرجەم کادیرانمان پڕبە دڵ پیرۆزبایتان لێ دەکەین و هیوادارین کۆنگرەی چوارەمتان کە لە ژێر درووشمی:

{لەپێناو خەباتی یەکسانی خوازانەو نەتەوەیی ژنان،لە نێو خۆ و دەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستان تێبکۆشین}

کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت و ببێتە هاندەرێک بۆ هۆشیاری کۆمەڵگە،کە چیتر ئافرەتان و ژنان نەبنە قوربانی کێشەکۆمەڵایەتییەکان ولەدام ودەزگاکانی حوکومەت پلەو پۆستیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن شان بەشانی پیاوان کارەکانیان ئەنجام بدەن بەبێ جیاوازی.دووبارەهیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**پیرۆزبێت کۆنگرەی چوارەمتان**

**نشمیل علی حەسەن**

**بەرپرسی ئەنجومەنی قەزای کۆیە**

**تۆڕی چەترەی ڕێکخراوەکان**
**بۆ /یەکیەتی ژنانی دیموکراتی**
**بابەت / پیرۆزبایی**
**سلاو**

بە ناوی تۆڕی چەتری ڕێکخراوەکان لە کۆیە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان ئاراستە دەکەین و هیواخوازین کار و بەرنامەکانی کۆنگرە وەلامی خواست و داخوازیەکانی ژنی کورد بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەلات بداتەوە وچونکە لە روانگەی ئێمەوە ئەگەر ژن بە گشتی لەم سەردەمەدا بچەوسێنەوە ئەوا ژنانی ڕۆژهەلاتی لە ژێر حکومی کۆماری ئیسلامی هێندەی تر تووشی چەوسانەوە بوونەتەوە ، لە گەڵ هەموو ئەو پێشێلکاریانە،ژنان لە هەرچوار پارچەی کوردستان شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. لە کۆتاییدا دووبارە بەستنی کۆنگرەکەتان پیرۆز دەکەین هیوای و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**لەگەڵ ڕێزدا**
**تۆڕی چەتری**
**ڕێکخراوەکان کۆیە**

---

## پەیامی کۆمیتەی ڕێکخستنی ١ی کۆیە

ئێمە وەک ستافی کۆمیتەی یەکی ڕێکخستنی کۆیە پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەین و بە دڵنیایەوە ژنان هەمووکات لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بووین ،چ لە رابردوودا و چ لە داهاتوودا. سەرەڕای ئەم قەیرانە ئابووری و سیاسیەی کە بە سەر گەلەکەماندا هاتوە هەمیشە ژنان زیاتر ماندوو بوون و ئەرکیان کێشاوە ،نموونەشمان ئەوەتا ژنانی دیموکرات و ژنانی باشووری کوردستان و شەرڤانانی کۆبانی سەلماندیان کە ژن نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی ترین و لە مێژووشدا ژنانی وەکو لەیلا قاسم و لەیلا زانامان زۆرن.

دووبارە پیرۆز بێت کحنگرەی «٤» ی یەکیەتی ژنانی دیموکرات ،بە هیوای سەرکەوتن و پێشەنگ بوونتان.

**قومری حەمەد**
**لێپرسراوی کۆمیتە**

## کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆ و پەیمانگاکانی کۆیە

هەر وەک شاعیر فایەق بێکەس فەرموویەتی
(نێر و مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دووره دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵی نافڕێ)
نە پیاو بە بێ ژن و نە ژنیش بە بێ پیاو .
هەموو کات لە فەرهەنگی سیاسەت و خەبات و
تێکۆشان و دواتریش زانست و زانیاریژن و پیاو شان بە شانی یەکتری ژیانیان جوانتر لە جوانی کردوە .

پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان لێ دەکەین،بە هیوای گرینگی داهێنان و بەردەوام بوونی داهێنان بێت تاکو هەردەم موژدەی مەرگی گەرەلاوژەیی خەم مەینەتیەکان ببێتە گرو تینی زیاتری خەباتی بێوچان.

هەمیشە سەرکەوتوو بن .

**کۆمیتەی ڕێکخستنی**
**زانکۆ و پەیمانگاکانی کۆیە**
**٢٠١٥/٣/١١**

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ کحنگرەی چواری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی بەستنی چوارەمین کۆنگرەتان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ژنانو کچانی خۆڕاگری ئەم یەکیەتیە دەکەین و هیواداریین بتوانن بۆ چەسپاندنی مافە ئینسانیەکان و مافە نەتەوەییەکانهەردەم ئازایەنە و شێلگیرانە ،خاوەن هەڵوێست بن .

سلاو بۆ سەجەم ژنان و کچانی شەهیدی ڕێگای کوردستان

سلاو بۆ ئێوەی خۆڕاگر

**کۆمیتەی دیموکراتی**
**ناوچەی سۆران**

## پەیامی ژنانی هەڵبجە

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی ژنانی دیموکراتی کوردستان
پەیامێک لە ژنانی هەڵەبجەوە بۆ ئێوەی بەڕێز!

پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین و سلاوی پارێزگای هەڵەبجە، پارێزگای ئاشتی ،سونبوولی قوربانیدان دەگەیەنینە یەکەیەکەی یەندامەکانتان .بە هیواین کۆنگرەکەتان ببێتە مایەی چەسپاندنی مافەکانی ژنان و وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

هەر لێرەوە سلاوی خۆمان دەگەیەنینە ئەو ژنانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا خوێن دەڕێژن لە پێناو ئاسایشی کوردستان ،سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم هەموو شەهیدان دادەنوێنین.

**لەگەڵ ڕێزی ژنانی هەڵەبجە**
**کوێستان ئەکرەم فەرەج**
**٢٠١٥/٣/١١**

# پەیامی ژنانی بزووتنەوەی گۆڕان



**تا ژن ئازاد نەبێ ژیانیش ئازاد نییە**

دەبێ بە پێگەی ژن و مافەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بڵێین چی؟ کۆمەڵگەیەک کە هێشتا لە سەرەتای هەنگاوەکانیدایە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و شارستانی ئەمە ئەگەر نەڵێین هێشتا بە کۆتی عەقڵی خێڵ و حیزب و داب و نەریتەوە بەستراوەتەوە. تەواوی وزە فکری ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بە ئاراستەی گۆرینی ئەو گوتارە کار بکەن لە گوتارێکی تاکرەهەندی پیاوانەوە بۆ گوتارێکی مرۆیی کە لەسەر بنەمایەکی هاوبەشی (ژن و پیاو)ەوە سەرچاوە دەگرێ. مرۆڤ ناتوانێ نە ئازادبێ و نە مرۆڤێکی دیموکراسیش بێت هەتا بەرگری لە ئازادی خەڵکانی تر نەکا .هەر بۆیە دیموکراسیەت و پێشکەوتنی مرۆڤبە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ژن و مافی ژنو پەرۆشی بۆ بەرەو پێشبردنی ژن دەپێورێ ،بە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە ئازادی کەمینە نەتەویی و کۆمەڵایەتیەکان کە لە میانەی دەزگایەکی دیموکراسی یاسایی لە کۆمەڵگادا بژین ،دەپێورێ .

لە کاتێدا ئێوە کۆنگرە دەبەستن وێرای پیرۆزبایمان و ئومێدی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکاتان کوردستان بەرەو رەوشێکی ئاڵۆزدا تێ دەپەڕێ و شەرکی نەگریس بەرۆکی گرتووین لەم پێوەندیەدا ژنان بەشداری کارایان هەبووە لە رووبەروو بوونەوە و تێک شکاندنی هێز و جبەخانەی دوژمنان شان بە شانی پیاوان بەشداری سەنگەرەکانی بەرگریان کردوە و کوردستانیان بە خوێن وبە مەرگی خۆیان پاراستووە و چەندەها شەهید و بریندارتان لەو پێناوەدا داوە هەمیشە و لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشاندا ژنان پشکی خۆیان لە بەشداریکردندا هەبووە .کە بە مێژوو دا بچینەوە چەندەها شێرە ژن هەن بە روح و گیانیان لە بەردەم سێدارەی دووژمندا سەربەرزانە مەرگ چۆکی پێدانەداون و شەهید بوون ،لەیلا قاسم شیرین عەلەم هولی نموونەی ئەو قارەمانانەنلە دوای ئەوانیش چەندەهای تر لە شێرە کچان و ژنانی وڵاتم لە سەنگەری رووبەروو بوونەوەدان بەرامبەر بە سەقاحێکی خوێنرێژ بە ناوی داعش لە پێناوی پاراستنی شەرەف کەرامەتی کوردستان دەجەنگن کە مێژووی پڕ لە شانازیان هەموو جیهانی تووشی شۆک کردوە.

ئێمە لە بزووتنەوەی گۆڕان هاوڕاو هاوپشتیوانی پارچەکانی کوردستانین بۆ سەرکەوتن لە خەباتدا بەردەوامین و داکۆکی لە سەوربەخۆیی و یەکڕیزیی هەموو پارچەکان دەکەینەوە .

داوای چاکسازیی لە چوارچێوەی نەتەوایەتیدا دەکەین پاشگریی و پاشکۆیەتی بۆ سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر رەت دەکەینەوە.

پێشکەوتنی رەوشی ژن لە کوردستاندا لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی و تەندرووستی و بەشداریی کارای لە ناوەدی بڕیار و لە هەموو کایە سیاسیەکاندا و لە رووی هۆشیاریی و رۆشنبیریەوە مەبەستمانە و خەباتی بۆ دەکەین . ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بن. بژی کوردستان بژی کوردستان سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ بزووتنەوەی ژنان لە کوردستاندا .

**ژنانی بزووتنەوەی گۆڕان**
**١٠١٥/٣/١١**

**بە ناوی خودای گەورە**
**بابەت بروسکەی پیرۆزبایی**

بە ناوی رێکخراوی پێگە(pega) بۆ داکۆکی کردن لە پرسی ژنان لە شاری کەرکوک ،برووسکەی پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بە بۆنەی سازدانی چوارەمین کۆنگرەی ژنانی دیموکراتی کوردستان ، و هیوادارین خەبات و بەرخودانتان بەردەوام بێت بۆ خزمەتی گەل نیشتمان.

**رێکخراوی پێگە**
**کەرکووک**
**٢٠١٥/٣/١١**

# پەیامی رێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان

**بەڕێز دەستەی بەڕێوبەریی کۆنگرەی چـوواری یەکێتی ژنـانی دیموکراتی کوردستان**

**سڵاو و ڕێز!**

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان،خۆشحاڵین بە ناوی سکرتێری رێکخراوەکەمان خاتوو هامنۆ نەقشبەندیی و لەجیاتی هەموو ژنانی ریزەکانی رێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان –نینا_،پیرۆزباییەکی گەرم لە بەڕێزتان و گشت ژنانی ریزەکانتان بکەین.

هیوادارین بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە ببێتە هەوێنی بەرەوپێشچوونی پرسی رەوای ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان وهاندەری زیاتری ژنانی کورد بۆ خەبات لە پێناو وەدیهێنانی مافە تایبەتییەکانیان.

ئاواتەخوازین خەبات و ماندووبوونی چالاکوانان و ژنانی خەباتگێری نەتەوەکەمان ببێتە مایەی پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و مرۆڤ سالار لە کوردستان .

سەرکەوتنتان لە کاروباری کۆنگرە بە ئاوات دەخوازین.

**رێکخراوی ئازادی**
**ژنانی کوردستان _ نینا**
**١مارسی ٢٠١٥**

# پەیامی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنان،
# بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ژنانی تێکۆشەری کوردستان!**

سڵاوی گەرمی نوێنەران و ئەندامانی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانتان پێشکەش. کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە ژێر دروشمی «لە پێناو خەباتی یەکسانیخوازانەو نەتەوەیی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» پێک هات. پێکهاتنی کۆنگرە ئەگەر لە لایەکەوە دەرفەتێکە بۆ پێداگرتنەوە و دەوڵەمەند کردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشووی ئەم ڕێکخراوەیە، لە لایەکی دیکەشەوە خۆئامادە کردنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانە بۆ قۆناغی نوێی تێکۆشان. بە دڵنیاییەوە ئەوە پشتیوانی و هاوکاریی ئێوە ژنانی خەباتکار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە گەڵ ئەم یەکیەتیەیە، دەتوانێ بڕیار و پرۆژە پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیە بە ئامانج بگەیەنێ. یەکیەتیی ژنان بە هەوڵ و هاوکاری ئێوە دەتوانێ هەنگاوی گەورە لە پێناوی ئازادیی نەتەوەیی و یەکسانیی مرۆڤەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ بگرێ. ژنانی تێکۆشەرو داواکارانی یەکسانی لە کوردستان! پرسی یەکسانیخوازی تا دێ زیاتر دەبێتە زەنگی جووڵاندنی ژنان‌و پیاوانی داواکاری یەکسانی. هێزی ڕوو لە گەشەی ژنان لە هەموو جێیەکی دنیا دا دەنگی خۆیان بە گوێی زەوتکەران‌و پێشێلکارانی مافە ئینسانییەکانیان لە کۆمەڵگەی خۆیان، دەگەیەنن. خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی، پرسێکی جیهانییە و ژنی کوردیش لە خەبات لە پیناوی ئەو پرسە دانەبراوە. ئێوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەداخەوە لە گەڵگرفت و کێشەی گەورە بە تایبەتی نەبوونی دەرەتانی هەڵسووڕانی ئازادانە بەرەوڕوون . ئەوە ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوە کە بچووکترین چالاکی ئێوە بۆ مافی ڕەواتان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە وەکو دژایەتی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێک دەدرێتەوە. بەڵام ئەوەی بزانن هیچ ئازادییەک بەبێ دانی نرخەکەی دەست ناکەوێ. ئێوە بارودۆخێکی سەخت و دژوارتان تێپەڕاندوەو بە هەوڵ و تێکۆشانتان لە بوارەجۆراوجۆرەکان‌دا سەرکەوتن و دەسکەوتی بەنرختان دەستکەوتوە. بەڵام دەبێ ئەوەی قەبووڵ بکەین کە کۆمەڵگەی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، جگە لە کێشەی سیاسی – نەتەوەیی و کێشەی هەڵاواردنی ڕەگەزی، لە گەڵ زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییش بەرەوڕوویەو ژن و پیاو لەژێر گرانایی ئەم بارە قورسەدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بەهۆی پیاوسالار بوونی کۆمەڵگەو نەبوونی دەسەڵاتێکی دادپەروەر، گرانایی ئەم بارە قورسە بۆ ژنان چەندین بەرابەرە. بۆیە کار لە پێناوی سڕینەوەی کەلتووری پیاوسالاری دەکرێ لە بنەماڵەوە دەست پێ بکرێ، ژنە دەتوانێ بەهۆی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەی نوێ، کەلتووری بنەماڵە بگۆڕێ و ئەم گۆڕانەش بگوازرێتەوە نێو کۆمەڵگە. ژنانی ئازا! ئەمڕۆ ژنان لە هەموو جیهان‌دا وەک هێزێکی کارا لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی‌و ڕۆشنبیری‌دا حوزووریان هەیە. ژنی کوردیش بە بەشداریی چالاکانە لە خەباتی بەرگری و نەتەوەیی‌دا ئەو حوزوورەی خۆی گەیاندۆتە بەرزترین ئاست و لە خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی‌دا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە دەوری سەرەکی و گرنگی هەموو بوارەکانی زانستی، کولتووری، سیاسی بەتایبەت لە بەستێنی هەوڵدان و خەبات، لە نێو پرس و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە ژنان‌دا هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ لە قۆناغێک داین چاوەڕوانییەکان ئەوە دەخوازێ زۆر زیاتر لە رابردوو ئەم حوزوورە هەبێ، بە تایبەتی حوزووری چالاکانە و کاریگەر لە ئەنجومەن و NGO و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆگەیاندنی دەنگی مافخوازانەیان بە کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان و هەروەها پێویستە ڕێکخستن‌و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆشیان هەبێ. ئەمە حاشای لێ ناکرێ ژنانی کورد خاوەنی بیروباوەڕی جیاوازی سیاسیین و ئاساییە کە خاوەنی داخوازیی نەتەوەیی جیاواز بن. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ مافی یەکسانیی ڕەگەزی‌دا سەرەڕای هەموو جیاوازییە سیاسییەکان، بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا پێویستە یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن. ژنانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان! کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنان بە چاوی ڕێزەوە ڕوانیویەتە خەبات و تێکۆشانی ئێوە لە هەر بوارێک‌دا کە ببێتە هۆی سڕینەوەی هەڵاوارن‌و چەوسانەوەو نابەرابەرییەکان. هەروەها ئەم یەکیەتییە خۆی بە هاوبەش و پشتیوان و هاوکاری ئێوە لە خەبات‌دا دەزانێ. هیوامان وایە بە هاوبەشی خەباتی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بەرینە پێش. سڵاو دەنێرین بۆ گیانی ئازیزی ژنانی شەهیدی ڕێگای ئازادی سڵاو بۆ هەموو ئەو ژنانەی لە پێناوی ئازادیی و یەکسانی‌دا هەر ئێستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دان سڵاو لە هەموو ئەو ژنانەی چالاکانە و نەترسانە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆسان دان.

**کۆنگرەی چوارەمی**
**یەکیەتیی ژنانی**
**دیموکراتی کوردستان**
**٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٣**

# پەیامی کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ رێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆ



پاش بەئاکام گەیشتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، حکومەتی کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ فەزای کار و چالاکیی ئۆپۆزسیۆن و دژبەرانی خۆی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵاتیش بەرووی هێزە ئازادیخواز و دێموکراتەکانی وڵاتدا بەرتەسکتر کردۆتەوە. بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کە رێژیم پێشی بە هەر چەشنە دانوستان و رێککەوتنێکی ئەرێنی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کورددا گرت و لەئاکامی شەرێکی ماڵوێرانکەر و نەخوازراوی داسەپاودا بەرەبەرە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردی وادار بە پاشەکشە و تاراوگە نشینییەکی ناچاری کرد. لە وەها هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زەروورەتی هەبوونی رێکخراوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تەنانەت بە لانیکەمی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەوە بێنە مەیدان و بۆشایی نەبوونی حزووری ئەحزاب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی بەرتەسکی کرداریی رێژیمی کۆنەپرستی کۆماری ئیسلامیدا پر بکەنەوە هەرچی زیاتر خۆی نیشان دا. هەبوونی ئەم رێکخراوە و دامەزراوە سینفی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییانە وەهەروەها حزووری پڕەنگی چالاکانی مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە فەزای بەرتەسکی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەرچی نەتوانێ وەدیهێنەری ماف و داخوازییە رەوا و میللی دێموکراتیکە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ، بەڵام لانیکەم کورەی خەباتی نەتەوەیی و هەنگاو بەرەو ئەو دەسکەوتە پیرۆزانە بە گەرم و گوڕی دێڵێتەوە و کاریگەریی ئەرێنیی خۆی هەر دادەنێ. گرینگیی دەور و کارکردی رێکخراوەکان و کاریگەریی چالاکانی مەدەنی لە دنیای گڵۆبالی سەردەمدا بەرادەیەکە کە زۆر جاران لەم دام و دەزگا ناحکومییانە وەک دەسەڵاتی پێنجەم یاد دەکرێ و وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی شارستانییەتی سەردەم ئەژمار دەکرێن. لەراستیدا ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لەرێی جۆراوجۆر و بەبیانووی جیاوازەوە بەشێوەی سەخت ئامێرانە و نەرم ئامێرانە بە بەردەوامی لە هەوڵی تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی و داخستنی هەرچی زیاتری فەزا سیاسی و ئازادییە سینفی و تاکەکەسییەکان دایە، کەچی هەبوونی چالاکانەی رێکخراوەکان و هەڵسووڕانی بێ دەرێغ و خۆبەخشانەی چالاکانی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا بەشێکی زۆر لە سیاسەتە دژە مرۆیی و چەقبەستووەکانی رێژیمی مایەپووچ کردۆتەوە و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە زیندوویی هێشتۆتەوە. چالاکانی مەدەنی کە چ لە چوارچێوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتی و چ وەک خۆیان تەنانەت لەو بارودۆخە بەرتەسکەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ کارکردن لە کوردستاندا هێشتوویەتەوە هەڵدەسووڕێن و لەواقیعدا لە خۆیان و ژیانیان مایە دادەنێن، جێی تەقدیر و پێزانینێکی زۆریان هەیە و پێویستە بەچاوی رێزەوە سەیریان بکرێ. فێرگەکانی فێرکاریی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، رێکخراوەکانی ژنان، ژینگەپارێزی، کرێکاری، خوێندکاری و مامۆستایان، ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیاد، رۆژنامە و گۆڤارە جۆراوجۆرەکان و ... ئەو بنکە و بارەگا گرینگ و شایستانەن کە لەمرۆی رۆژهەڵاتدا بەشێکی زۆر لە چالاکانی مەدەنیی کوردستانیان لەخۆ گرتوە و وەک هێز و ناوەندگەلێکی بەرینی جەماوەری نەتەنیا ئەرکی سینفی و رێکخراوەیی خۆیان بەباشی بەرێوە دەبەن بەڵکوو توانیویانە و دەتوانن لەسەر ئاراستەدار کردنی رێڕەوی رای گشتیی کۆمەڵگەش کاریگەریی باش و ئەرێنییان هەبێ. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە چاوی رێز و ستایشەوە سەیری هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئەو رێکخراو و چالاکە مەدەنییانە دەکا کە سەرەڕای ئەو هەمووە ئاستەنگ و گرفتە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی زاڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە رووبەروویان دەبێتەوە، کەچی دیسان بە گیانێکی بەرپرسانە و رۆحێکی لێبوردەییەوە بە ئەرک و بەرپرسایەتییە سینفی و نەتەوەییە ئینسانییەکانیان هەستاون و مەشغەڵی ئاگری خەباتیان بە گەشاوەیی هێشتوەتەوە. بەشێک لە هۆکارە کێشە خوڵقێنەرەکانی ستەم لە تاک و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان لە بێ ئاگایی و ناوشیاریی جەماوەری لەهەمبەر ماف و ئازادییە گشتی و تایبەتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە. هەر بۆیەش بەشێکی گرینگ لە ئەرک و بەرپرسایەتیی سەرشانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆ و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش ئەوەیە کە لە تەنیشت ئەرک و چالاکییە سینفی و تایبەتەکانیاندا هەرگیز لە وشیار کردنەوە و رۆشنگەریی جەماوەری بەنیسبەت ماف و ئەرکەکانیان بەتایبەت لەهەمبەر بابەتە ئینسانی و نەتەوەییەکان غافڵ نەبن. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خۆی بە هاوپرۆژە و هاوخەباتی هەموو ئەو رێکخراوە و چالاکە مەدەنییانە دەزانێ کە لە رەوتی بەرەوپێشی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا دەورێکی کارا دەگێڕن و بەرگری لە ماف و داخوازییە تایبەت و گشتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و خۆیان وەک بەشێک لە رەوتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسە دەکەن.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆتایی چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانو ٦٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی چوارەمین کۆنگرەی خۆی کە هاوکاتە لەگەڵ ٦٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو ڕیکخراوەیە، ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ ی ڕەشەممە بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو پۆلێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاک حەسەن قادرزادەوە پێشکێش کرا.

لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبدا ئاماژە بە خەباتو دەسکەوتەکانی ژنان لە کۆمەڵگای کوردی کرابوو، هەروەها ئەو دۆخەی کە ژنان لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا لە کەمترین مافەکانیان بێبەشن، بەڵام لە خەباتو تێکۆشان بۆ دەسخستنی ماف و ئازادیەکانیان نەوەستاون.

کاک حەسەن قادرزادە لە بەشێکی پەیامەکەی دەفتەری سیاسیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بەگشتی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان بەهێز بکەن و زۆرتر شوێندانەر بن، پێویستیان بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو هێزێکی دیموکرات هەیە. هەر بۆیە بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و هەموو ژنانی یەکسانیخوازی کورد دڵنیا دەکەینەوە هەتا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، حیزبی دێموکرات پشتیوان و هاوکار و یاوەریان دەبێ.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو سۆیلا قادری، سکرتێری هەڵبژێردراوی چوارەمین کۆنگرەی ژنان خوێندرایەوە.

خاتوو سۆیلا قادری وێڕای پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی ژنان لە ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی ئەوەی هێنایە پێشێ خەباتی ژنان بۆ مافەکانیانو یەکسانیخوازی لە ئێستادا کەوتۆتە قۆناغێکی دیکەو ژنان بە وزەو تینی زیاترەوە هاتوونە مەیدانو لە دژی کۆماری ئیسلامی وەک زەوتکەری بەشێکی زۆر لە مافەکانیان خەباتو تێکۆشانیان هەیە.

برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە خوێندنەوەی پەیامی کۆنگرەی چواری ژنان ڕوو بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لەلایەن خاتوو شیلان قوربانیفەرەوە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بەوەی کۆنگرەی چواری یەکیەتیی ژنان قۆناغێکی نوێی تێکۆشانو خەباتی لە بەردەم ژنانی ئەندامو لایەنگری ئەو ڕێکخراوەیە دا کردۆتەوە، گوتی ڕێکخستنی ژنان لە چوارچێوەی ئەنجومەن و ریکخراوە مەدەنیو سینفییەکان دەتوانێ کاروانی خەباتی ژنان بۆ ئازادیو دێموکراسی بباتە پێشێ.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆنگرەی چواری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕوو بە چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی کوردستان لەلایەن خاتوو حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە خەڵکی کوردستان بە چاوی ڕێز و ستایشەوە سەیری هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ئەو ڕێکخراو و چالاکە مەدەنییانە دەکا کە سەرەڕای ئەو هەمووە ئاستەنگ و گرفتە جۆراوجۆرانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی زاڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە رووبەڕوویان دەبێتەوە، کەچی دیسان بە گیانێکی بەرپرسانە و ڕۆحێکی لێبوردەییەوە بە ئەرک و بەرپرسایەتییە سینفی و نەتەوەییە ئینسانییەکانیان



هەستاون و مەشخەڵی ئاگری خەباتیان بە گەشاوەیی هێشتوەتەوە.

لەو پەیامەدا جەخت لەسەر ئەوە کرابۆوە کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خۆی بە هاوپرۆژە و هاوخەباتی هەموو ئەو ڕێکخراوە و چالاکە مەدەنییانە دەزانێ کە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا دەورێکی کارا دەگێڕن و بەرگری لە ماف و داخوازییە تایبەت و گشتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و خۆیان وەک بەشێک لە ڕەوتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسە دەکەن.

له برگەیەكی دیكەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی كوردكاناڵ لەلایەن مەنسوور مروەتی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێكخراوەیە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا وێڕای پیرۆزبایی كۆتایی كۆنگرەی ژنان هاتبوو كە هیوادارین بڕیارو پەسندكراوكانی كۆنگرەی چواری یەكیەتیی ژنان كە دەرەنجامی چەند ڕۆژ كاری بەردەوامو كۆمەڵێك باسو خوێندنەوەی ئەمڕۆیی لەسەر بارودۆخی ژنانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بووە، تین‌و گوڕی زیاتر ببەخشێتە كارو چالاكییەكانی ڕێكخراوەكەتان لە پێناو بردنە پێشێی پرسی ژنی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا.

خوێندنەوەی پەیامی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان برگەیەكی دیكەی ئەو ریوڕەسمە بوو كە لەلایەن خاتوو شادی ئەحمەدپوور، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێكخراوەیە پێشكێش كرا. لەو پەیامەدا یەكیەتیی لاوان بە ئاماژە بە بارودۆخی هەستیاری ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و بەردەوامیی پێشێلكردنی مافی ژنان ڕوو بە یەكیەتیی ژنان هاتبوو كە ئێوە دەبێ لە پێناو وشیاركردنەوەی كۆمەڵگاو ژنان‌و دەستەبەركردنی مافەكانیان دەوری كاراتان هەبێ.

له برگەیەكی دیكەی ئەو ریوڕەسمەدا لەلایەن یەكیەتیی ژنانەوە لەوحی ڕێزلێنانی یەكیەتیی ژنان بەسەر كۆمەلێك لەو كەسانەی یارمەتیدەری بەرەوپێشبردنی كاروباری ئەو رێكخراوەیە بوون، لەلایهن خاتوو گەلاوێژ پەیرەوانەوە پێشكێش بەوان كرا.

له بەشی هونەریی كۆتایی هاتنی چوارەمین كۆنگرەی چوارەمی یەكیەتیی ژنان و ساڵرۆژی دامەزرانی ئەو ریكخراوەیەدا چەند گۆرانی لەلایەن كۆرسی كۆڕی هونەریی حیزبی دێموكڕات‌و هونەرمەندی لاو باوان كەریمی‌و چەند تابلۆی هەڵپەركێ لەلایەن گرووپی هەڵپەركێی باراون و كۆپلەشێعرێك لەلایەن عومەر ئەسپەندارەوە پێشێكێشی ئامادەبووان كرا.

# هەواڵی كارو چالاكییەكانی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان



# یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی کرد



یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا سەردانی کۆمەڵێک بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان  به سەرپەرستی کۆمیتەی بەڕێوەبەری‌و بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێک لە ئەندامان‌و کادرەکانی یەکیەتی ژنان لە ژێر دروشمی « خوێنی ئەو ئازیزانە لەبیر ناکەین کە بۆ پاراستنی ئەو ئاڵایە ڕژان» سەردانی کۆمەڵێک بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

لەو سەردانەدا دیاریەکی ڕەمزی کە  ئاڵای پیرۆزی کوردستان بوو وەک سەمبولیک پێشکەش بە بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا .

لەو سەردانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا بۆ جارێکی دیکە پەیمان‌و وەفا لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان‌و منداڵە چاوگەشەکانیان نوێ کرایەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانج‌و ئاواتی شەهیدان گەلەکەمان لە خەبات ناوەستین. پێویستە بگوترێ کە بنەماڵەی شەهیدان لەگەڵ ئەوەدا کە زامی لەدەستدانی ئازیزانیان لێ نوێ ببۆوە ، لە هەمان کاتدا سەربڵیند و ڕووسوور ، ڕاوەستاو وەک هەمیشە بەڵێنیان دووپات کردەوە کە یادگارێکی بە ئەمەگی شەهیدەکانیان بن‌و منداڵەکانیان بە سروودی نەبەزین و نەسرەوتن تا سەرکەوتن گۆش بکەن .

ئەو سەردانە وەک ئەمەگ و وەفا بۆ شەهیدانی گەلەکەمان دوای نزیک بە ٤ کاتژمێر کۆتایی پێ هات و هەموو پێکەوە بەرەرەو گۆڕستانی شەهیدان وەڕێ کەوتن‌و پەیمان و وەفایان لەگەڵ روحی هەموو شەهیدان نوێ کردەوە.

# سەردانی مەڵبەندی ١٤ی کۆیەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و کۆمیتەی ڕێکخستنی ١ی کۆیە بۆ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان





ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی ( ١٩ ٣ ٢٠١٥)  هەیئەتێکی کارگێڕی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە بە سەرپەرستی بەڕێز هیوا سۆفی کارگێڕی مەڵبەند وهەیئەتێکی کۆمیتەی ١ی کۆیە بە سەرپەرتی خاتوو قومری بەرپرسی کۆمیتە سەردانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان  کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی و کۆمەڵێک لە ئەندامان بە سەرپەرستی سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازیان لێکرا .لەو سەردانەی ئەم دوولایەنەی باشووری کوردستاندا وێڕای  پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی ٤ی یەکیەتی ژنان  هیوای سەرکەوتنیان بۆ ڕێکخراوەکەیانبە ئاوات خواست و  دوپاتیان کردەوە کە هاوکاری لە نێوانیاندا هەبێ بۆ کار وچالاکی نەتەویی و ڕێکخراوەیی و پشتگیریی خۆیان بۆ هەرجۆرە هاوکاریەک دووپات کردەوە.

هەر لە هەمان ڕۆژدا نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژی ژنان  بە سەرپەرستی بەڕێز دانا حاجی لێپرسراوی نووسینگە بە مەبەستی پیرۆزبایی بە بۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٤ی یەکیەتی ژنانی دێموکرات سەردانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانیان کرد و لە لایەن  ئاندامانی بەڕێوەبەریی و بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتی ژنانەوە و بە سەرپەرستی سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتی ژنانەوە پێشوازیان لێکرا. لەو دانیشتنەی نێوان نوسینگەی بەرەنگار بوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا کۆمەلێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە ژنان و کێشەکانیان هاتنە بەر باس و تاوتوێ کران و ئاڵگۆڕی بیر و ڕایان لەسەر کرا. هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە کێشەی ژنان دەبێ بە پێی یاسا چارەسەر بکرێ و بۆ ئەو مەبەستەش پەیمانی هاوکاریان بە یەکتردا تا هەرچی باشتر خزمەت بە ژنانی کوردستان بکەن بە بێ جیاوازی .

## سەردانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



سکرتێری گشتیی حیزب، بە مەبەستی پێداگری کردنەوە لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری نوێی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٤ی ئەم ڕێکخراوەیە سەردانی بنکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی یەکیەتیی ژنانەوە بە سەرپەرستی سۆیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازیی لێکرا.

لەو سەردانەدا کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە پرسی ژنان، پڕۆژەو ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەت یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەرکرا.

## سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە ١٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری ئەو ریکخراوەیە سەردانی کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک لە ئەندامانی بەڕیوەبەری و ئەندامانی یەکیەتی ژنان بە سەرپەرەستی سۆهەیلا قادری سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازیان لێکرا، لەو دانیشتنەدا هەردوو لایەن پێداگریان لە هاوکاری و پشتیوانیان بۆ چالاکیە هاوبەشەکان کردەوە سەر و هاوفکری یەکتر و دەکارکردنی ئەو سەرمایە ئینسانیەی کە هەردوولا هەیانە بۆ خزمەتی زیاتری نەتەوەکەمان و بە گشتی لاوان و ژنان بە تایبەتی بکەن.

## سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ١٣٩٤/٣/١٣ جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک مستەفا مەولوودی و کاک حەسەن قادر زادە ئەندامی دەفتەری سیاسی بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسی حیزب سەردانی بنکەی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەگەڵ بەرێوە بەریی کۆبوونەوە. هەیئەتی دەفتەری سیاسی لەم کۆبوونەوەیاندا بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ژنان بە گشتی و بە تایبەتی یەکیەتی ژنان دەربڕی و لە نزیکەوە گوێیان بۆ پێویستی و بۆچوونی بەرێوە بەری یەکیەتی ژنان ڕاگرت و کۆمەڵێک پێشنیاریان بە بەرێوەبەری یەکیەتی ژنان کرد بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونی کارەکانیان لە داهاتوودا.

## سەردانی شاندێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە گرووپی ئاڵتون سیتی



ڕۆژی دووشەممە، ١٧ی خاکەلێوە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سۆهەیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی گرووپی ئاڵتوون سیتیان لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستیی ئیدریس محەممەد عەزیز، سەرپەرەستیی پڕۆژەی گەورەی ئاڵتوون‌و هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی ئەو کۆمپانیایەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا وێڕای باس لەسەر کارو پڕۆژەکانی دوو لایەن باس لە پێوستیی پێوەندییەکانی دوو لایەن‌و کاری هاوبەش کراو دوای باس و راوێژێکی زۆر و بەسەر کردنەوەی هەموو شوێنەکانی پرۆژەی ئاڵتوون، کۆمەڵێک داواو پێشنیار لەلایەن هەیئەتی یەکیەتیی ژنانەوە بەم گرووپە درا.

ئەو کۆبوونەوەوەیە بە دارشتنی هێندێک ریکاری پێویست بۆ هاوکارییەکانی نێوانیان لە داهاتوودا کۆتایی پێهات.

# یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریی
# لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٤ ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان پێک هاتوو لە بەڕێزان سۆهەیلا قادری سکرتیر و فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد کە لە بنکەی سەرەکی ئاسۆی ژنی کورد لە زەڕگوێز پێک هاتبوو. لەو کۆبوونەوە هاوبەشەدا باس لە چۆنیەتی بەسترانی کۆنفڕانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرا کە ئەمساڵ کۆنفڕانسی پێنجەمێتی لە کوێ بگیرێ و چۆن بەرنامە ڕێژی بۆ بکرێ کە ئەگەر ئیمکانی هەبێ ئەمساڵ لە کوردستان بێت بۆ ئەو مەبەستە خاتوو گوڵێ قوبادی یەکێک لە ئەندامانی ناوەندکە باسی چۆنیەتی و ئیمکانی ئەوەی کرد کە چبکرێ بۆ ئەو مەبەستە .دوای باس و راوێژێکی زۆر بڕیار درا کە ڕێکخراوەکان تاوتویی بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن . تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵات بریتی بوو لە ڕێک خستنی ناوەندێکی ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆ کردنەوەی هەموو ژنانی رۆژهەڵات کە لە ڕێکخراوەکاندا چالاکن و یەکگرتوانە لەئاست ڕووداوەکان هەڵوێست بگرن و کارو چالاکی هاوبەش بکەن و زۆرتر بە یەکەوە هەماهەنگ بن بۆ پرسەکانی پێوەدیدار بە ژنان کە لەمێژساڵە هەوڵێکی ئاوا لە نێو چالاکانی ڕێکخراوەکانی ژناندا لە ئارادایە و بەڵام لەبەر ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکان کە ئەو ڕێکخراوانەش هەریەکەو سەر بە هێزێکن نەیانتوانیوە کە ئەو هەنگاوە عەمەلی بکەن بەڵام سەرئەنجام بێ گوێدانە ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکان ژنانی چالاک لەم ڕێکخراوانەدا بڕیاریان دا کە ئەم کۆدەنگیە درووست بکەن و بە رەسمی بە ناوی «ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵات» خۆیان بناسێنن و خۆیان پێناسە بکەن.یەکەم کاری هاوبەشی ئەم ناوەندەش هەڵوێستی یەکگرتووانە بوو لەبەرامبەر گیانلەدەستدانی فەرینازی خوسرەوانیدا.

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات**

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**

**ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات**

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوە بەریی گشتی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمیتەکانی ئامریە، ئازادی، زەوێ سپی





ڕۆژی پێنج شەممە١٣٩٤/٢/٣ بە مەبەستی زیاتر ئاگادار بوون لە کاری کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەک بۆ باس کردن لە کەم و کووڕیەکانی کاری کۆمیتەکان لە لایان کۆمیتەی بەڕێوە بەریەوە پێک هات. لەو کۆبوونەوەیە دا کە هەموو ئەندامانی کۆمیتەکان تێیدا بەشدار بوون کۆمەلێک باس و بابەت هاتنە بەر باس بۆ باشتر بوونی کارەکان لە داهاتوو دا. هەندێک لە پێشنیاراتی کۆمیتەکان کە ئی ئەندامانیش بوو هاتنە بەر باس و رەخنە وگازەندەکانیان خرانە روو کە لە لایان بەڕێوە بەریەوەبە دلێکی ئاوالّەوە وەرگیران و ڕێنوێنی پێویست درایە کۆمیتەکان بۆ داهاتووی کارەکانیان کە بەر چاوی بگرن.

## سەردانی بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان بۆ کۆمیتەی گردەچاڵ



سەردانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان لە بنکەی گردەچاڵ و کۆبوونەوە لەگەڵ ژنانی ئەندام و غەیری ئەندام بە مەبەستی تەرمیم کردنەوەی کۆمیتەی یەکیەتی ژنان و سازماندهی دووبارە دوای کۆنگرەی ٤ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

## بەشداریی کردن لە پەردە لە سەر لادانی شاعیری نەتەوەیی «دلدار» لە مۆزەخانەی ئاغالە لە کۆیە

هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە بریتی بوون لە: سوهەیلا قادری سکرتێر و سەفین قادری ئەندامی یەکیەتی ژنان بەشداریان لە پرۆژەی پەردەلادان لەسەر شاعێری نەتەوەیی دڵدار کرد و پەیامی پیرۆز بایی و دەستخۆشیان پێشکەش بە نالیەخان خاوەنی پرۆژەکە کرد.

# پێکهێنانی کۆبوونەوەی گشتیی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان





ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردان بەشی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ بەڕێز سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکەیتی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

سەرەتا ساتێک وەستان بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا. ئەوجار لە لایەن بەڕێز شادی ویژدانی ئەندامی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان بەخێرهاتنی بەشداران کراو بابەتی کۆبوونەوەکەی بۆ بەشداران باس کرد .

خاتوو سۆهەیلا سەرەتا باسێکی لە سەر توند و تیژی دژی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد و باسی لە بە سیستماتیک کردنی ئەم دیاردەیە لە ئێراندا کرد .ئەوجار پەرژایە سەر جۆرەکانی توندو تیژی دژی ژنان و لایەنە خراپەکانی تەئسیری ئەم کردەوەی بۆ بەشداران شی کردەوە. کە چۆن کەسی توند و تیژی بەرامبەر کراو لە ناخەوە دەڕووخێ بە تایبەتی جۆرەکانی توند و تیژی شاراوە کە لە ڕێگای سووکایەتی پێ کردن و لە ڕێگای دەروونیەوە بەرامەر ژن دەکرێ . کۆتای باسەکەی سکرتێری یەکیەتی ژنان باسێک بوو لە سەر کۆنگرەی ٤ی ئەم ڕێکخراوە و نێوخۆیی و تەشکیلاتی بوو. دوای باسەکانی کە لە لایەن سۆهەیلا قادریەوە پێشکەش کران ئەندامانی بەشدار چالاکانە بەشداریان لە باسەکاندا کرد.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە حەوتەمین فستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە



ڕۆژی سێ شەممە هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە: فەریبا وەیسی و شەهێن بایزیدپوور ئەندامانی بەرێوبەریی و شەوبۆ وەنەوشە، نەمام خوسرەوی، شیرین شەریفی و نیگار حاجی ئیسماعیلی ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەشداریان کرد لە حەوتەمین فستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە و وێڕای پیروزبایی و دەستخۆشی لە خوێندکاران و ماموستایانی ئەو پایمانگایە لە میانەی فستیڤاڵەکە دا چاویان بە بەرپرسی زۆرێک لە ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە کەوت.

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ساڵڕۆژی کۆچیدوایی ڕۆژنامەنووس هەڵۆ دێدەوانی یەعقوب



دوانیوەڕۆی سێشەممە ١٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی هەئیەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپرستیی مینا سوڵتانزادە ئەندامی بەڕێوەبەری، خەدیجە پوورمەند، شیلان قوربانیفەرو نیگار حاجیئیسمائیلی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، بەشدارییان لە ڕێورەسمیک کە بۆ یادی «دووهەمین ساڵڕۆژی کۆچیدوایی ڕۆژنامەنووسی جوانەمەرگ (هەڵۆ دێدەوانی یەعقوب)» لە هۆڵی سەنتەری گەنجان بەڕێوەچوو، کرد.

# کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنان لە دەڤەری سۆران



بەشی تەشکیلاتی یەکیەتی ژنان بە سەر پەرستی فەریبا وەیسی و بە هاوریٚ لەگەڵ سوهەیلا قادری سکرتێرییەکیەتی ژنان سەردانی دەڤەری سۆران لە باشوری کوردستانیان کرد و لەگەڵ کومەڵێک لە ژنانی ئەندام و غەیری ئەندامی یەکیەتی ژنان کە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لەم دەڤەرە نیشتەجێن.

سەرەتای کۆبوونەوەکە کە لەلایان ئامین پوورسەعید ئەندامی جێگری بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتی ژنان لە سۆران باسێک لە سەر دۆخی ژنان و ئەرک و مافی ئەندامانی یەکیەتی ژنان لەو پەیوەندیە دا پێشکەش کرا. بە دوای ئەودا سکرتێری یەکیەتی ژنان بەر لەوەی باسەکەی پێشکەش بکات سەرەتا لەگەڵ پیاوانی بنەماڵەکانی رۆژهەڵاتی کە هەموویان ئەندامی حیزبی دیموکراتن کۆبوونەوەیەکی بە تێکەڵی لە ژنان و پیاوان پێک هێنا و باسی مافی یەکسانی ژن و پیاوی لە کۆمەڵگا دا و بە تایبەتی کۆمەڵگای کوردی دا کرد و نەقش و رۆڵی هەر دوو رەگەزی بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا بۆ بەشداران شی کردەوە. هەر وەها رایگەیاند کە تا لێک تێگەیشتنی ژن و پیاو لە مافی بەرامبەر درووست نەبێ کاریگەری ئەم رۆڵە بەر چاو نابێ کە هەر دوو رەگەز دەتوانن بیگێرن بۆ سەر خستنی داوا و ئامانجەکانیان.

لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە کە تایبەت بوو بە کۆمیتەی یەکیەتی ژنان دوای باسەکەی خاتوو سوهەیلا قادری، بەرێز فەریبا وەیسی بەرپرسی بەشی تەشکیلات سازماندهی کۆمیتەکەی کرد و کۆمیتەی نوێ بۆ دەڤەری سۆران هەڵبژێردرا.

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە یادی ٢٧ ساڵەی سنووری کۆیە

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٥/٤/ ٢٠١٥ ی زاینی لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و رێکخراوی کۆژین بۆ یادی ٢٧ ساڵەی ئەنفالی سنووری کۆیەو و لە ژێر درووشمی ( تاوانەکانی داعش، تەواوکەری تاوانەکانی ئەنفالی بەعسە ) لە سەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لە کۆیە مەراسیمێکیان پێک هێنا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی سۆهەیلا قادری ئەندامی ریبەریی حیزب و بە هاورێیەتی کاک ئەبوبەکر ئەحمەدپوور بەرپرسی بەشی شەهیدان و شادی ویژدانی ئەندامی جێگری بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریان تێدا کرد پەیامی ماتەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان پێشکەش بەو یادە کرد.

سەرەتای ئەم رێورەسمە بە سروودی ئەی رەقیب و ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد . بە دوای ئەودا پەیامی وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیامی بەرپرسی ناحیەی ئاشتی و هەروەها کۆمەڵێک لەو پەیامانەی کە بۆ ئەم یادە هاتبوون خوێندرانەوە. هەروەها کۆمەڵێک برگەی ئەدەبی و هونەریی پێشکەش بەم یادە کران. لە کۆتاییدا لە لایەن بەشداربوانەوە تاجە گوڵی وەفاداری لەسەر مۆنۆمێنتی ئەنفال داندراو و ٢٧ دەستە گوڵ و ٢٧ ئالای کوردستان بۆ ئەم یادە لە لایەن خوێندکارانەوە لەسەر مۆنۆمێنتی ئەمفال داندرا.



# بەرێوەبردنی وۆرکشۆپێک لەلایەن شەهێن بایزیدپوورەوە



رۆژی دووشەممە ١٣٩٤/١/٣١ بەشی ئامووزشی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەر پەرەستی شەهێن بایەزید پوور بەرپرسی ئامووزش وۆرک شۆپێکی «ژن و کارکردنی» بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنان پێک هێنا.

ئەو وۆرک شۆپە کە ٢ ساعەتی خایاند بە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و قسە کردن لە سەر بابەتی ژن و کار و کەسایەتی ژنی پێشمەرگە لە لایان خاتوو شەهێنەوە کرایەوە. پاشانبە سەرپەرەستی هەیئەت جەلەسەیەک کە هەر لە ئامادە بواندا هەڵبژێردران و بریتی بوون لە بەرێزان: ١-ئەستی ئیبراهیمی ٢-زینەت بووتەخاکی ٣-مریەم کاکە سووری جەلەسەیەکیان بەرێوە برد و هەر کام لە ئامادەبوانی وۆرک شوپەکە سەرنج و تێ بینەکانی خۆیان لەو بابەتەوە خستە رو و کۆمەڵێک رێکاری باشیان خستە بەردەم خۆیان بۆ چالاکتر کردنی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بە تایبەتی کارکردنیان بۆ سەر بە خۆبوونی خۆیان.

# پشتیوانیی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە بۆ پشتیوانی کردن لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی دەستی پێکردوە، کۆبوونەوەیەکیان وەڕێ خست.

ڕۆژی دووشەمە، ٢١ ی بانەمەڕ فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە بە هاوکاریی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو پارکی شارداو لە ئاکسیۆنێکدا پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی مهابادو شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی.

ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی بەڕیز لوقمان، سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە دەستی پێکرد. ناوبراو ئەو کردەوە دژە مرۆڤیو حەقکوژییەی دەرحەق بە فەرینازی خوسرەوانی کراوە مەحکوم کردو دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی نارازییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بە دواداچوون بۆ پەروەندەی فەریناز. بە دوای ئەودا پەیامی هاوبەشی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سۆهەیلا قادرییەوە پێشکەش کراو لە بڕگەیەکی دیکەی ئاکسیۆنەکەدا کۆمەڵێک بروسکەو پەیام هاتبوون کە لەبەر کەمی کات تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا .



دوایین بەشی ئەم ئاکسیۆنە لیدوانی فاتمە عوسمانی، وتەبێژی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات بوو کە ڕوو بە ڕاگەیەنەکان پێشکەشی کرد .

پێویستە بگوترێ کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە لەو ئاکسیۆنەدا بەشدار بوونو دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خۆپێشاندەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ریسوا کردنی بکەرانی تاوانی گیانلەدەست دانی فەریناز خوسرەوانیو ئەو سەرکوتو کوشتبوڕەی دوای ئەو ڕووداوە لە خەڵکی کوردستان کراوە.

## بەشداری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان خۆپێشاندانی هەولێر، بۆ مەرگی فەرینازی خوسرەوانی



بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکەی شاری هەولێر بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ پشتوانی و هاودەنگی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد و ژۆهەڵاتی کوردستان بەشدارییان لە خۆپێشاندانێک لە بەردەم پارلمانی کوردستان لە هەولێر کرد.

## بەشداری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ئاکسیۆنی پشتیوانی خەڵکی قەڵادزێ بۆ مەرگی فەرینازی خوسرەوانی لە قەڵادزێ



بەشداری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ئاکسیۆنی پشتیوانی لە خەڵکی مەهەباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان و خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایان شلێر مەحموودی ئەندامی بەرێوە بەریی یەکیەتی ژنان بەو بۆنەیەوە.

## بەشداری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بۆ مەحکوم کردنی لە سێدارەدانی مەنسووری ئاڕوەند



ڕۆژی چوارشەممە ١٣٩٤/٣/١٣ فیدراسیۆنی زیندانیان سیاسی کوردستان ئاکسیۆنێکی بۆ مەحکووم کردنی ئیعدامی لاوی کورد مەنسوور ئاروەند لە پارکی شانەدەری هەولێر بەرێوە برد. بۆ ئەم مەبەستەش هەیئەتێکی٢٢ کەسی لە ئەندامانی بەرێوەبەری و ئەندامانی یەکیەتی ژنان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری دەربڕینی ناڕەزایەتی بۆ ئیعدامی مەنسوور ئاروەند بوون.

# بەڕێوەچوونی فێستیوالی سێ ڕۆژەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد

ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لە درێژەی کارو چالاکی ساڵانەی خۆیان دا و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی ساڵانەی خۆیان بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیان لە یەکێک لە کەمپەکانی نزیک شارۆچکەی ریمفۆشا کۆکردەوە، ئەم فێستیواڵە سێ ڕۆژی خایاند و لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا لە لایەن پێکهێنەرانی ئەو فێستیواڵە چەندین بەرنامەی جۆراوجۆر، پێشکەش کران.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ – ٠٦ –٢٠١٥ لە چەندین شار و شاروچکەی وڵاتی سوئێدەوە بەشداربووان خۆیان گەیاندە شوێنی فێستیوالەکە.

سەرەتا بە سرووودی نەتەوایەتی ئەی‌ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت نوێترین شەهیدی گەلەکەمان شەهید مەنسوور ئاروەند کە بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهید و ئێعدام کرا بوو، کۆبوونەوەکە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لە لایەن خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بەگەرمی بەخێر هاتنی گشت لایەک کرا و پاشان بە وردی ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە و ئەو فێستیوالە بۆ بەشداربووان شی کرایەوە، شایانی باسە کە هاوکاتیش باس لە خۆراگری و بوێری دایکان بە گشتی کرا و ئەم فێستیوالە بە ناوی دایکی شەهید مەنسوور ئاروەند و هەموو دایکانی خۆراگری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر کرا.

پاشان خاتوو شلێر حەسەن‌پوور بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد چەند وتەیەکی لە گەڵ خوێندنەوەی بەرنامەی ئەسڵی کاری ئەو سێ ڕۆژە پێشکەش کرد و لە درێژە دا باسی لەسەر چۆنیەتی بەشداری خۆیان لە کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان کرد و کۆمەڵێک سەرنج خۆی لەسەر کۆنگرە باس کرد و هاوکات بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیەی بە وردی بۆ بەشداربووان خوێندەوە.

هەر لەم بەشەدا خاتوو کوێستان بابایی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد چەند خاڵ و بەندی بەرنامە و پێرەوی یەکیەتیی ژنانی کە لە کۆنگرە دا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبوو خوێندەوەو داوای لە بەشداربووان کرد ئەگەر مەسەلەیەک و یا خاڵێک پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە بەشداری ئەو باسە بکەن.

لەو بەشەدا ئەندامان بە دەربرینی بیروڕای خۆیان و بە هێنانە بەرباسی چەند پرسیار و تێبینی‌یەک باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

بڕگەیەکی دیکەی ئەم فێستیواڵە باس لە سەر هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بوو. لەم بەشەدا خاتوو شوعلە قادری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لە سەر گرتنی کۆنفەرانسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بە وردی بیروڕا و سرنجی خۆی بۆ بەشدار بووان باس کرد و هەروەها شێوەی چۆنیەتی بەشداربووانی بۆ ئەو کۆنفەرانسە شی کردەوە.

دوای قسەکانی خاتوو شوعلە و گۆڕینەوەی بیرو و ڕای ئەندامان سەبارەت بە بەشداری کردن لە کۆنفرانس دا، نۆبە گەیشتە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات کە لەوبەشەش دا چەندین ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان خۆیان بەربژێرکرد و دواتر دەنگی متمانەی بەشداربووانیان پێدرا و بەم شێوەیە ئەم بڕگەیەش کۆتایی پێ هات.

ڕۆژی دووهەم:

بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ – ٠٦ – ٢٠١٥ بەشداربووان لە گۆڕەپانی شوێنی فێستیوالەکە کۆبوونەوە و بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب کاری ئەم ڕۆژەی فێستیوالەکەیان دەست پێکرد.

کاتژمێر١٢:٠٠ هەموو ئەندامان لە ساڵۆنی دیاری کراوی کۆر و سێمینار کۆبوونەوە و بەڕێوەبەری سێمینار بەڕێز سۆران عەلیپوور مەبەستی گرنگی باسی سێمیناری بۆ بەشداربووان بە کورتی شی کردەوە و داوای لە نووسەر، وەرگێر کاک عەلی فەتحی کرد تا باسەکەی خۆی کە لەسەر گرینگی زمانی زگماک وەک دروست بوونی ناسنامەی نەتەوەیە پێشکەش بە بەشداران بکا.

کاک عەلی بە پشت بەستن بە چۆنیەتی لێکۆلینەوە و بەڵگە هەوڵی دا بۆ بەشدارانی شی بکاتەوە کە دانپێدانان و قسەکردن بە زمانی زگماک مەترسی لە سەر لە نێوچوونی زمان کەم دەکاتەوە. لە درێژەی باسەکەی دا کۆرگێر ئاوڕێکی لە ڕابردووی زمانی کوردی دایەوە و ئەو هۆکارانەی خستە بەرباس کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی زمانی کوردی دا، لەو نێوەدا ئاماژەی بە دابەش کردنی کوردستان و بەکارهێنانی ئەلفوبێی جیاواز و هەوڵی وڵاتانی داگیرکەر بۆ بەلارێدابردنی زمانی کوردی کرد.

بە دوای ئەم بەشەش دا بەشداران بە وروژاندنی چەند پرسیار هۆگری خۆیان بۆ باسەکە پێشان داو و دواتریش کۆرگێر بە وردی وڵامی پرسیار و تێبینی‌یەکانی داوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکان دا هاوڕێ موژدە عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد و مامۆستا لە شاری ڤێسترۆس، باسێکی لەسەر توندوتیژی لە بنەماڵە و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵ و مێرمنداڵ پێشکەش بە بەشداربووانی فێستیوالەکە کرد، موژدە لە باسەکەی دا روونی کردەوە کە چۆن توندوتیژی کار دەکاتە سەر کەسایەتیی و ناسنامەی منداڵ و مێرمنداڵ، بە شێوەیەک کە توندوتیژی کەسایەتیی گۆشەگیر دروست دەکا و سەرەنجام توندوتیژی وەک ڕەواڵێکی ئاسایی ژیان قبوڵ دەکا. ترس و دوودڵیی، پەشیمانی و خۆبەتاوانبار زانین، زوو توڕەبوون، خەمۆکی لە ئەنجامە دیارەکانی توندوتیژین.

لە کۆتایی باسەکەدا خاتوو موژدە تیشکی خستەسەر شێوازەکانی یارمەتی کردنی قوربانیان و کۆمەڵێک پێوەندی تایبەت لەو بوارە دا بە بەشداربووان ناساند کە هاوکاری و ڕێنوێنی پێویست پێشکەش





به قوربانیانی توندوتیژی دەکەن. لەم بەشەش دا بەشداربووان بە هێنانە بەرباسی چەند پرسیار و تێبینی چالاکانەیان لە باسەکەدا کرد و کۆرگێریش وەڵامی پرسیار و تێبینییەکانی دایەوە.

لە برگەی سێهەم دا هاورێ جەمیلە کرمانجی وەک بەڕێوەبەری ئەم برگەیە کورتەیەک لە بیوگرافی دوکتور بابەک کاوەی خوێندەوە و داوای لە دوکتور بابەک کاوە کرد کە بێت و باسەکەی خۆی لە سەر نەخۆشییەکانی دم و دەدان پێشکەش بکا و هاوکات خاتوو جەمیلە داوای لە بەڕێز مەریوان نستانی کرد تا باشتر دوکتور بابەک بە بەشداربووان بناسێنێ و کاک مەریوان نستانی لە باسێکی کورت و پوخت دا باسی لە ژیانی کاک دوکتور بابەک کرد و کۆمەڵێک زانیاری لە سەر ژیانی ناوبراو بە بەشداربووان دا.

دوکتور بابەک وێرای باس کردنی چەند جۆرە نەخۆشی لە سەر دم و ددان و زار و هەروەها شێوەی پێشگیری کرد لە تووش بوونی ئەو جۆرە نەخۆشیانە و پاراستنی دم و ددان بە و شێوەی شۆردن و خاوێن کردنەوەی بەردەوام ددانی بە گشتی باس کرد. لە بەشێکی دیکە دا بەرێزیان، شێوەی دەرمان کردن و چارەسەری دم و ددان و کەرەسەکانی ددان خاوێن کردنەوەی بە وردی بە بەشدار بووان ناساند. لەو پەیوەندییەدا بە نیشاندانی چەندین وێنەی جۆراوجۆر توانی سرنجی بەشداربووان بۆ لای باسەکەی خۆی ڕابکێشێ و زیاتر بچێتە نێو هەموو بوارەکانی نەخۆشی و چارەسەرییەکانی دم و ددان.

وەک هەموو بەشەکانی دیکە دوای تەواو بوونی قسەکانی دوکتور بابەک کاوە، بەشداربووان پرسیارێکی زۆریان ئاراستەی بەرێزیان کرد و هاوکاتیش دوکتور بابەک بە وردی لەسەرەخۆیی وەڵامی پێویستی بە هەموو پرسیارەکان دایەوە.

بەشێکی دیکەی ئەم فستیواله بۆ کاری هونەری و پێشکەش کردنی تەقدیرنامەیەک بۆ قوتابیانی سەرکەوتووی ئەم قۆناخەی خوێندن، یاری منداڵان و دواتریش گۆرانی و موزیک و بیروەری گێرانەوە داندرابوو.

لە لایەن بەڕیوەبەرانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لە سەر خویندن و خۆپێگەیاندن و پەوروەردەکردن چەند وتەیەک پێشکەش کرا و لەوحەی ئامادەکراویان لەگەڵ چەپکە گوڵ وەک ڕێز لێنان پێشکەش بەو خوێندکارانە کرد کە خوێندنیان لەم ساڵەی خوێندن دا تەواو کردبوو.

برگەیەکی دیکەی ئەم بەشە خاتوو سکاڵا حەکیم زادە و خاتوو کوێستان بابایی ئەندامانی کۆمیتەتی بەریۆەبەری بۆ ئەوەی منداڵە چاوگەشەکانی بەشدار لە فێستیواله دا لە خۆشییەکانی ئەو ڕۆژە بێبەش نەبن منداڵەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە و بە گشتی دوای دواندن و قسەی خۆش کردن بۆ ئەو کۆرپە جوانانە کە داهاتووی گەلەکەمانن شیرینی تایبەت بە منداڵانیان بە سەر دا دابەش کردن.

دیارە لە ماوەی ٢ شەو دا بە گشتی دوای کۆبوونەوەکان هەموو لایەک بە موزیک و گۆرانی بەشداریان دەکرد و بە تایبەت شەوی شەممە بەشی هونەری لە لایەن خاتوونی بەهرەمەند خاتوو باوان کەریمی و موزیک ژەنی بە توانا کاک ڕەهێل قادر تام و چێژێکی دیکەی بە فێستیوالەکە بەخشی.

شایانی باسە کە بەشی ڕاگەیاندن بە گشتی هەموو برگەکانی ئەو فێستیوالەیان بە فیلم و وێنە بۆ ئارشیوی ئەو ڕێکخراوەیە بە دێکۆمێنت کردووە.

ڕۆژی کۆتایی بەریۆەبەرانی فێستیوالەکە هەموو بەشداربووانیان لە دەوری یەک کۆکردەوە و لە لایەن بەرێزان خاتوو کوێستان بابایی و ئەسرین ئیسماعیلی و سکاڵا حەکیمزادە لە سەر کاری ئەو سێ ڕۆژە و کەم و کوری و یاساکانی ئەو کەمپینە بە وردی قسە کرا و لەو بەشەش دا وەک ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد ڕێزیان لە چەند هاورێی چالاکی ئەو فێستیواله گرت.

دواتر لە لایەن خاتوو شوعلە قادری بە نوێنەرایەتی هەموو ئەندامانی بەشداربووی ئەو فێستیواله ڕێز لە ئەندامانی کۆمیتەی بەریۆەبەری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد کرا و هیوای خواست کە هەروا بەردەوام بن لە پێکهێنانی ئەوجۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە.

دوای ئەم بەشە هەموو لایەک و بە تایبەت ئەو شارانەی کە بە ئۆتوبووس هاتبوون بەرەو شوێنی ژیانی خۆیان گەرانەوە و لە لایەن چەند هاورێی ماندوونەناس شوێنی ئەو فێستیواله بە گشتی وەک ئەرکی ژینگەپارێزی خاوێن کرایەوە و بەم شێوەیە کۆتایی بە کاری ٣ ڕۆژەی فێستیوالی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد هات.

## بەشداری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی شاری سترۆمێندا

رۆژی ٢٠١٥/٦/١٩ی زایینی یەکێتی ژنانی دیموکرات بە هەماهەنگی لە گەڵ چەندین ڕێکخراویدیکە، لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی سترۆمێندا بە نیشاندانی کولتوور و خواردنی کوردەواری، بەشداریان کرد..

کاتژمێر ٥ی ئێوارە ڤێستیڤاڵەکە لە لایەن «وانیا سوورتنێس» بەرپرسی کۆمەڵەی خۆبەخشانی نۆروێژ بە چەند وتەیەک کرایەوە

هەروەها سەرۆکی شارەوانی شێسمۆ لە چەند وتەیەکدا سپاس و پێزانی خۆی ئاراستەی هەموو نەوەکان کرد و گوتی من وەک سەرۆکی شارەوانی شێسمۆ کۆمونە زۆر خۆشبەختەم کە دەبینم هەموو نەتەوەیەک بە بیرو بۆچونی جیاواز ئەمرۆ لێرە لە دەوریەک کۆبوینەوە و لە نزیکەوە بە کولتوری یەکتر ئاشنادەبین.

بەشی دووەمی بەرنامەی ڤێستیڤاڵی ساڵانەی ستۆمێن هەڵپەرکێی جۆراو جۆر گۆرانی و سروودی نەتەوکان بوو

جێگای ئاماژە پێکردنە کە یەکێتی ژنان بە نیشاندانی ئاڵا، جل و بەرگ و خواردنی کوردەواری سرنجی بەشداربوانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا بوو.



شایەنی باسە کە هەموو ساڵێک لە مانگی ٦دا ئەو ڤێستیڤاڵە بەرێوە دەچێت و نەتەوە جۆراو جۆرەکان بە نیشاندانی کولتورو خواردنی وەڵاتەکەیان لەو ڤێستیڤاڵەدا بەشداردەکەن.

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکێک بوو لە بەرێوەبەرانی ئەم ڤێستیڤاڵە.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لەسەر کێشەکانی بەزۆر بەشوودان

## لە لایەن یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە نۆروێژ

رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٧ی مانگی ٦ی ٢٠١٥ی زایینی، سمینارێک لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیکان، بە تایبەت بەزۆر ژیانی هاوبەش پێکهێنان، لە لایەن کۆمەڵەی کولتووری پاکستان و یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە یەکێک لە هۆتێلەکانی ناوچەی رۆمەریکە بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی یەکێتی ژنان و حدک بەرێوەچوو.

سەرەتا لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنی بەشداربوان کراو ئینجا لە لایەن مەحبوب رەحیمی بەرپرسی یەکێتی ژنان لە نۆروێژ، باسێکی لەسەر دامەزرانی یەکێتیەکەیان کرد و ناوبراو بۆ بەشداربوانی روون کردەوە کە ئەو یەکێتیە لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی دامەزراوەو داییم کاری بۆ یەکسانی



ژن و پیاو کردووە و شان بە شانی پیاوان بۆ رزگاری گەلەکەی تێکۆشاوە، هەروەها رەحیمی باسی ئەو کارانەی کە یەکێتی ژنان لە نۆروێژ ئەنجامی داوەو لە داهاتوودا کاریان بۆ دەکات پێشکەش بە بەشداربوان کرد.

پاشان لە لایان تەریە بیۆرانگەر بەرپرسی بەشی خاریجی پۆلیس، نینا کاشتەنسەن و مەرێتە موونچ سەفیرانی نۆروێژ لە وڵاتانی پاکستان و ئوردۆن، باسێکیان لە سەر ئەو کێشانە لە رۆژانە لە لایەن پەنابەرانەوە بۆ حکومەت، بەتایبەت ئەو کچانەی کە دەبرێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و بەزۆر بە شوودەدرێن بۆ بەشداربوان کرد، ناوبراوان زۆر بە وردی و راشکاوانە ئیشارەیان بەو بنەماڵانە کە تا ئێستاش وا بیر دەکەنەوە کە ئەوە دایک باوکە کە دەبێ هاوسەر بۆ کچەکەی یان کورەکەی بدۆزێتەوە، کۆرگێران بە مەدرەکەوە باسیان لە هێنانەوەی چەندین کچ کە لە وڵاتانی خۆیان بەزۆر بە مێرد درابوون بۆ بەشداربوان کرد و داوایان لە یەکێتی ژنان و کۆمەڵەی کولتووری پاکستان کرد کە هاوکاریان بن تا نەهێڵن چی دیکە ئەو دیاردە ناحەزە رووبدا.

دوابەشی سمینارەکە بە پرسیارو پێشنیاری بەشداربوان دوای ٢ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
# لە خۆپێشاندانی بێرن،ی پایتەخی سویس، بۆ پشتگیری لە خەڵکی شاری مەهاباد

ڕۆژی هەینی١٥-٥- ٢٠١٥ی زایینی لە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی شاری بەڕن،ی پایتەختی سوئیس لە نزیک باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و بە بەشداری کۆمەڵێک لە کوردانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە، بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندان و داخوازیەکانی خەڵکی مهاباد و سەردەشت و باقی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانێک وەڕێخرا. ئەم خۆپیشاندانە کە لە لایان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێک خرابوو، لە لایان زۆرێک لە حیزب و ریکخراوە کوردستانیەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە پێشوازی لێکرا و دەنگی خۆیان تێکەڵاوی دەنگی نارەزایەتیەکانی مهاباد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایان هاوڕێ زاهید شاعیری داخوازی خۆپیشاندەران بەزمانی کوردی خوێندرایەوە. هەروەها هەمان پەیام بەزمانی ئاڵمانی لە لایان تاڤگە شاعیری خوێندرایەوە. پاشان لە لایان مامۆستا عەزیز ئەحمەدی پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خاتوو ئاوێزان ڕەحمانزادە پەیامی یەکیەتی ژنان خوێندرایەوە. لە درێژەی ئەم چالاکیە دا هەریەک لە حیزبی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سوریە، پارتی دێموکراتی کورد لە سوریە و کانونی دێموکراتیکی



پەناخوازانی ئێرانی، پەیامی پشتیوانی خۆیان پێشکەش کرد. بە دوای ئەواندا پەیامی کەسایەتی سیاسی و ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ئەحمەد شێربەگی، لە لایان شاخەوان عەزیزیەوە خوێندرایەوە. مەحەمەد سێوەتاڵی و هەڵبەستوانێکی لاوی ڕۆژئاوای کوردستان هەریەکە پارچە هەڵبەستێکیان پێشکەش کرد. شایانی باسە کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی گۆڕەپانەکە بە چەندین ئاڵای کوردستان، وێنەو درووشم و پلاکارت کە چیرۆکی درندەی ڕێژیمی ئێرانیان دەگێڕایەوە، ڕازیندرابووەوە، چەندین دروشمیش بە زمانەکانی کوردی و ئاڵمانی دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە دەنگی بەرز گووترانەوە و دەیان لاپەرە بەیاننامە کە بە زمانی ئاڵمانی نووسرابوون، لە ناو ڕێبوارانی ئەم گۆڕەپانەدا بلاوکرانەوە.

## کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ



بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە باس و بریارەکانی کۆنگرەی ٤ی یەکێتی ناوبراو کە لە ریکەوتی ١١ی مانگی مارسی ٢٠١٥ی زایینی لە کوردستان بەڕێوەچوو، کۆمیتەی یەکێتی ژنان لە نۆروێژ، ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی مانگی ٤ی ٢٠١٥ کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی لە وڵاتە پێکهێنا.

سەرەتا لە لایەن خوشکە مەحبوب ڕەحیمی بەرپرسی یەکیەتیی ناوبراو لە نۆروێژ و نوێنەری کۆنگرە باسێکی لە سەر ئەو خاڵانە کرد کە لە کۆنگرەی ٤دا هاتنەبەرباس.

پاشان لە لایەن بەشداربوانەوە ئەو خاڵانەی کە جێگای شیکردنەوە بوون هاتنە بەرباس و لە لایەن هەر سێ نوێنەری کۆنگرە، واتە بەرێزان فەوزیە ئەحمەدی، نازی عەلی دوست و مەحبوب ڕەحیمی وە جوابی پرسیار و تێبینیەکان درانەوە.

## بەشداری ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کوردستان لە بۆنەی یەکی مەی ڕۆژی کرێکاران، لە دانمارک




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی مەی ٢٠١٥ لەسەر دەعوەتی حیزبی سوسیال دێموکراتەکان لە کۆمۆنی گریوەی دانمارک، خاتوو پەروانە پایان ئەندامی بەڕیوەبەری کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بەشداری کرد لە بۆنەی یەکی مەی ڕۆژی کرێکارانی جیهان.

شایانی باسە ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی ژنان لەو بۆنەیە دا چاوی بە ئەستريد کراک ئەندامی پارڵمانی دانمارک و نیکلاس پاولسن ئەندامی کۆمۆنی گریوە کەوت. لە میانەی چاوپێکەوتنەکە دا هەر دوو لایەن باسی وەزعی ژنانی کوردو پەنابەرانیان کرد. لە کۆتایی دا ئەستريد کراک بەڵێنی دا لە داهاتوویەکی نزیک دا بۆ هاوکاری کردنی ژنانی کورد دانیشتنی زیاتریان دەبێت.

# بەرێوەچوونی خۆپێشاندان لە بەردەم پارلمانی نۆرویژ بۆ پشتیوانی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان






دوا نیوەڕۆیی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی مەی ٢٠١٥، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی فەریناز خوسرەوانی و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوویی نۆرویژ لە بەر پارلمانی ئەو ولاتە لە ئۆسلۆ کۆبوونەوە و وێرای ڕیسواکردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانی، دەنگی خۆیان خستە پال دەنگی خەلکی وەزالەهاتوویی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەرەتای خۆپێشاندان بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردوکوردستان و بە تایبەتی فەریناز خوسرەوانی جوانەمەرگ دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی خۆپێشاندەران لە لایەن خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی خوێندرایەوە کە لە پەیامەکە دا وێرای باسکردن لە شێوەی کوشتنی ڕەوانشاد فەریناز، ئەو جینایەتەی مۆرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی مەحکوم کرد. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی دا وێرای پشتیوانی لە خەلکی وەزالەهاتوویی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئاماژەی بە گیران و بریندار کردنی دەیان کەس لە خۆپێشاندەران کرد کە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرشیان کرایە سەر. لە کۆتایی پەیامەکەی دا داوا لە پارلمان و داو و دەزگا حکومەتی و مەدەنییەکانی نۆرویژ کرا بوو کە وێرای مەحکوم کردنی ئەو جینایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، فشاری خۆیان بخەنە سەر ڕێژیم بۆ بە سزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە و هەروەها ئازادکرانی گیراوانی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

پاشان بەڕێز « هەیکی هۆلمۆس» ئەندامی پارلمانی نۆرویژ سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپ ( کە یەکێک لە حیزبەکانی دۆستی کوردە لە نۆرویژ) ، وتەیەکی پێشکەش بە خۆپێشاندەران کرد. بەڕێزیان وێرای مەحکوم کردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانی، پشتیوانی خۆیی و حیزبەکەی بۆ خەلکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەربڕی. نابراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کۆڕانی فەریناز خوسرەوانیی بەو شێوە گوماناوییە دایە بەر ڕخنەی توند و هاوکات نارەزایەتی توندی حیزبەکەی و خۆی دژ بە کەم تەرخەمی داودەزگای دادوەری ئێران دەربڕی و داوای کرد کە حکومەتی ئێران بە زووترین کات جگە لە لیپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو جەنایەتە، گیراوانی خۆپێشاندانەکان ئازاد بکات.

دواتر بەڕێز دوکتور مەحمود ئەمیری موقەدەم، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران وتارێکی پێشکەش کرد.

حیزبی خەلکی بەلوچستان پەیامی هاودەردی و پشتیوانی ناردبوو.

ئینجا دا پەیامی خۆپێشاندەران بە زمانی نۆروێژی لە لایەن شوانە ئوستادی خوێندرایەوە.

لە کۆتایی خۆپێشاندانەکە دا بە پێی قەراری پێشوو، هەیئەتێک سەردانی پارلمانیان کرد و داوای خۆپێشاندەرانیان بە نامەیەک لەگەل ڕاپۆرتی کۆمیتەی مافی مرۆڤ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کۆمیتەی دەرەوەی ولاتی حدک ئامادەی کردبوو، پێشکەشی کۆمیتەی دەرەوەی پارلمانی نۆرویژ کرا.

شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە بە دەستپێشخەری و پشتگیری ئەو ڕێکخراوانە بەرێوە چوو:

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان
کۆمەلەی کولتووری کوردی ناوچەی ڕۆمەریکە
کۆمیتەی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان
کۆمیتەی پشتیوانی لە سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان،
محەممەد سەدیق کەبوودوەند

# ڕێپۆرتاژێک لە سەر کۆنگرەی چواری
# یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان



**بێگەر عەلیپوور، وەک مووشاویری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی بەشداری کۆنگرە بوو:**

**پ: کۆنگرەی ٤ی یەکیەتی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

بە خۆشحالیەوە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو، کارەکانی کۆنگرە بە باشترین شێوە بەڕێوەچوونو ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە دا حزووری چالاک و بەرچاویان هەبوو و بە ڕاستی شیاوی ئەو متمانەیە بوون کە بە گشتی لە لایەن ئەندامانی ڕێکخراوەوە لە کۆنفرانسەکان دا پێیان درابوو.

**پ: ئەم کۆنگرە چ پەیامێکی تێدا بوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات ئایا لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی ئێوە وەک ئەندامانی کۆنگرە بوو ؟**

کۆنگرە هەڵگری پەیامێکی بە نرخ بوو بۆ ژنان وەک چۆن کۆنگرە ڕۆلی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە چالاکیە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان دا بەرز نرخاند ،هانی زیاتر بەشدار بوونیشیانی دا لە عەرسە جۆربەجۆرەکان دا بۆ هەرچی زیاتر هاتنە مەیدانی چالاکانەی ژنان و ئەکتیڤ بوون و کاریگەر بوونیان لە ڕووداوەکانی ڕۆژ دا بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە. چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کۆنگرە لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی من وەکو ئەندامی بەشدار لە کۆنگرە دا بوو. چونکە بە خۆشیەوە تەوەری زۆر گرینگ لە لایەن بەڕێوەبەران و ئەندامانی کۆنگرە سەبارەت بە پرسەکانی ژنان هاتنە بەر باس و سەرەرای ئەوەی کە هەموو ئەندامەکان لە سەر پرسەکان هاورا نەبوون بەلام بە شێوەیەکی زۆر دیموکراتیک و لۆژیکی و بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئەم پرسانە تاوتوێ کران و ئارگیومێنت و دیبەیتەکان لە کەشێکی دۆستانە بەرێوە چوو.

**پ: پێت وایە کە زوومی کاری ڕێکخراوی ئێوە دەبێ لەسەر چ بابەتێکی پرسی ژنان بێت ؟**

بڕوام وایە کە فۆکوسی کاری ڕێکخراوی ژنان زیاتر دەبێ لە سەر پرسە هەنووکەییەکانی ژنان بێ بەو پێیەی کە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێی ناوەتە قوناغێکی نوێوە، ژنانیش دەبێت لە مەر ئەم پرسە زیاتر ئەرکدار بکرێن بۆ هەرچی زیاتر کاریگەر بوون لەم قۆناغە نوێیەی خەبات، هەڵبەت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە بەرامبەر ئەم ئەرکە قورسەی ڕێکخراوی یەکێتی ژنان ،پرسە هەمیشەییەکانی ژنان کە لە کۆمەلگای ئیمە دا بە هەلپەسێردراوی ماونەتەوە پشت گوێ نەخرێن وەک هۆشیار کردنەوەی ژنان لە ئاست مافەکانیان و زۆر پرسی دیکە کە لێرە جێی باس کردنیان نیە.

**مەحبووب رەحیمی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی نۆرویژ:**

**پ: کۆنگرەی ٤ی یەکێتی ژنانی دیموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە راستیدا من پێموایە کۆنگرەی ٤ یەکێک بوو لە گۆنگرە سەر کەوتوەکانی یەکێتی ژنان، چوونکە ئەوەی لەو کۆنگرەیەدا بۆمن دەرکەوت، ئەوە بوو کە بە خۆشیەوە تێگەیشتوی و رادەی زانیاری ژنان گەیشتۆتە ئەو جێگایە کە ژنان بۆ خۆیان دەتوانن بۆ باشتر بەرەوپێشچوونی کێشەی یەکسانی و زۆر شتیتر بریار بۆخۆیان بدەن ئەوەش



جێگای دڵخۆشییە.

شتێکی دیکەی کۆنگرەی ٤ کە بۆ من زۆر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جارە بەرنامەو پەیرەوی یەکێتی ژنان لە لایەن بەشداربوانی کۆنگرەوە دەسکاریی دەکرێ و بێ ئەوەی کە ببردرێتەوە بەر دەستێکی تری جیا لە ئەندامانی کۆنگرە پەسند کرا.

ئەو باس وبابەتانەی کە لە لایەن بەشدابوانەوە دەهاتنە بەر باس زۆر بە وردبینی ودیقەتەوە قسیان لە سەر دەکراو بۆ باشتربونی کاری داهاتووی یەکێتیەکەمان تێبینیەکان دەخرانە بەرباس و لێکۆلینەوە.

**پ: وەک ئەندامێکی کۆنگرە ئەمە چەندەم جارە کە لە کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتدا بەشداری دەکەی و پێتوایە جیاوازی لە نێوان کۆنگرەکانی پێشوو و کۆنگرەی ٤دا هەبوو؟**

دەبێ بڵێم بەداخەوە بە پێی هەل و مەجی ژیان نەمتوانیوە لە هەموو کۆنگرەکاندا بەشدار بم، ئەوکات من لە کوردستان بووم هەر کۆنفرانس هەبوو و لە کۆنفرانسەکانیشدا بەشداریم کردوە و ٢ ساڵیش وەک ئەندامی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنان کارم کردوە.

کۆنگرەی ٤، یەکەم کۆنگرەیە بەشداری بکەم، هەروەک لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد، پێشتر یەکێتی ژنان کۆنگرەی نەبوو هەر کۆنفرانس بوو کە هەروەک هەموومان دەزانین جیاوازی کۆنفرانس و کۆنگرە یەکجار زۆرە، کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێکەو لە کۆنگرەدایە کە ڕێکخراو بەرنامەو پەیرەی خۆی تەئید دەکات.

**پ: پەیوەندی نێوان کۆمیتەی گشتی و کۆمیتەی دەرەوەی وەڵات چۆن دەبینی؟ ئایا پێوەندیەکان ڕێکخراوەین یان هەر بە موناسەبەت دەبێ؟**

کاتێک باسی پێوەندی ناوخۆو دەرەوەی وەڵات دەکەین، دەبێ دان بەوە دابنێم کە بەداخەوە لە رابوردوودا ئەو پێوەندیانە زۆر لاوازبوون، بەبروای من پێوەندیەکان ڕێکخراوەین و پێشموایە یەکێتی ژنانی ناوخۆ بە گۆرینەوەی بیرورا لە گەڵ کۆمیتەی دەرەوەی وڵات توانیوێتی سەرکەوتنی باش لە کارەکانیدا بەدەست بێنێ، چوونکە لەو ماوەیەدا کە من لە بەریوەبەری یەکێتی ناوبرادا بوومەو راستەوخۆ لەگەڵ کارەکاندا بەرەورووم، بۆم دەرکەوتووە کە دەبێ هەماهەنگی تەواو لە نێوان کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا هەبێ، ئەگەر ئەو کارە نەکرێ، ئەوە وەک پێویست سەرکەوتن بەدەست ناهێنین،هیوا دەخوازم کە ئەم پەیوەندیانە هەروا بەردەوام بن و هەر چی زوتر بە ئاواتەکانمان، کە رزگاری نەتەوە بندەستەکەمان و بەدەستهێنانی مافی بەرابەر لە نێوان ژن و پیاودا بگەین .

**کوێستان بابایی، نوێنەری ئەندامانی سوئێدی یەکیەتیی ژنان، ئەندامی کۆنگرەی چوارەم بوو:**

**پ: پێت وایە کۆنگرەی ٤ ی یەکیەتی ژنان لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەندامانتان دا بوو؟**



من یەکەم جاربوو لە کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان دا بەشداری بکەم. کۆنگرەی چوارەم لە زۆر بوارەوە بۆ من جێگای سەرنج بوو. بۆ نموونە بەشداری چالاکانەی ژنان لە باسەکان و پرسەکانی کۆنگرەدا، ئاستی بەرزی زانیاری ئەندامانی کۆنگرە. لە هەمان کات دا ئەو پرسانە کە بۆ باسکردن دیاریکرابوون. لەلایەکی دیکەوە شێوازی بەڕێوەبردن و میکانیزمی بەرەوپێش چوونی باسەکان لە ئاستێکی باش دابوو.

نوێنەرانی ئەندامانی ڕێکخراو لە کۆنگرەدا پرسەکانی تایبەت بە هەموو ریکخراوەکە و لق و پۆپەکانی دێننە بەرباس، بێگومان لە کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانیش دا ئەم بەشە رەچاوکرابوو. من وەک نوێنەری ئەندامانی سوئێد بەشداربووم وێڕای هاوڕێیانی دیکەم پرسەکانی ئەندامانی سوئێدی یەکیەتیی ژنانمان هێنایە بەرباس. لە کۆنگرەدا بەشێکی بەرچاو لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان گۆڕانی بەسەرداهات کە بۆچوون و ڕوانگەکانی ئێمەشی لەگەڵدابوون.

**پ: وەک ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتی ژنان باسی پێوەندیەکانی ئێوە لەگەڵ کۆمیتەی گشتی یەکیەتی ژنان بکەن کە پێوەندیتان لە ئاستێکدایە ئایا ڕێکخراوە ؟**

بۆ ئێمە ئەندامانی ڕێبەری یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سوئێد، هەتا پێش کۆنگرە پێوەندیەکانمان لە ڕێگەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانەوە بوون، واتە ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان لە کوردستان پێوەندیمان کەمتربوو و هەموو پێوەندی و کاروبارەکان لە کاناڵی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لەدەرەوەی وڵاتەوە بەڕێوەدەچوون. ئێستا بەدوای کۆنگرەی چوارەم بڕیاروایە کە ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆمیتەی وڵاتەکان ڕاستەوخۆ بتوانن بەشداری لە پرۆسەکانی بریاردانی یەکیەتیی ژنان دا بکەن، بە خاڵێکی ئەرێنی دەزانم و پێموایە دەتوانی خزمەتی زیاتر لێکنزیک بوونەوەی هەموو ئۆرگانەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بکا. بەکورتی دەتوانم بڵێم پێوەندیەکانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کوردستان

بەشێوەی باش ڕێکخراون و نەبوونی کێشە و گیروگرفتێک لە بوارەدا دەتوانی گەواهی ئەم قسەیە بێ، بەڵام دەتوانین هیواداربین ئەم پێوەندیانە زیاتر گەشەبکەن. کاتێک ئەندمانی کۆمیتەی وڵاتەکان زیاتر دەخرێنە نێوبازنەی دروستکردنی بڕیارەکانەوە.

**پ:بە گشتی باسەکانی کۆنگرەی ٤ چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

کۆنگرەی چوارەم بەگشتی کۆنگرەیەکی پڕباس بوو، بە بڕوای من لە زۆر بواردا بۆ هەموو ئەندامانی کۆنگرە، مایەی لێفێربوون و ئەزموون لێوەرگرتن بوو. لە هەموو شتێک سەرنج ڕاکێشتر بە لای منەوە، ژنانە بوونی باسەکان و ژنانە بوونی ئیدارەکردنی کۆنگرە بوو. خالێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەبوو کە هەست دەکرا تا ڕاددەیەکی باش سوود لە تواناکانی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە وەرگیرابوو، بۆ نموونە لەباسەکانی تایبەت بە گۆڕانکاری لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی یەکیەتیی ژناندا. بەگشتیی لەهەموو باسەکانی کۆنگرەدا هەست دەکرا ژنان بە دڵفرانییەوە دەیانهەوێ زانیارییەکانیان لەگەڵ یەکتر بەش بکەن، هاوکاری یەکدی بن بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکەیان و لەوەش گرینگتر بۆ داڕشتنی ئامانج و دیاری کردنی ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوەیە.

**گەلاوێژ پەیڕەوان: ئەندامی بەڕێوەبەریی پێشووی یەکیەتی ژنان:**

**١_ وەک بەڕێوەبەریەی پێشووی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پێت وایە کۆنگرەی ٤ی یەکیەتی لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەندامانتاندا بوو؟**

من پێم وایە کە دەبوایە ئەو پرسیارە لە و نوێنەرانە کرابایە کە وەک نوێنەر بەشداری کۆنگرە بوون .بەڵام بە بڕوای



من هەر کۆنگرەیەک تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێ بڕوانینە ئەو مۆقعەیەت و شەرایەتەی کە کۆنرەکەی تێدا گیراوە .هەمووما ئاگاداری ئەو وەزعە ناهەموارەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و ناوچەکە بە تایبەتی هەین ،هەر بۆیە لەو حاڵ و وەزعەدا رتنی کۆنگرە بۆ زۆر حیزب و ڕێکخراو و لایەن کارێکی ئاسان نیە.

**پ: وەک دەزانن ئەمە دوای سێ کۆنفرانسی گشتی ،چوارەمین کۆنگرەی خۆتان بەست و ئێوەش لە زۆریاندا بەشدار بوون ،پێتان وایە پێشکەوتنی بەرچاوتان هەبووە لە بواری کاری ڕێکخراوەیی؟**



بە داخەوە بە هۆی ناقانوونی بوونی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئەم ڕێکخراوە ناتوانێ بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی رێک و پێک کار و فەعالیەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەنجام بگەیەنێ .بەو دەلیلەش یەکیەتی ژنان ناتوانێ لە باری کاری ڕێکخراوەییەوە بە تەواوی چالاک تەئسیرگوزار بێ .بەڵام بەو حاڵەش ئەم ڕێکخراوە لە ماوەی نزیک بە ٧٠ ساڵ تەمەنیەوە بە پێی مۆقعەیەتی شوێنی بە جۆغرافیایی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر لە کار و فەعالیەتی خۆی بەردەوام بووەو قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە.ئێستاش کە ئەم ڕێکخراوەیە کە بنکەی ئەسڵی لە باشووری کوردستانە و بە شێوەیەکی بەربڵا و هەروەها تا ئێستاش یەکیەتی ژنان بە ڕیای جۆراوجۆرەوە کار بۆ دۆزی رەوای ژنان لە پێناوی بە دەست هێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان و هێنانە دیی کۆمەڵگایەکی تەندرووست و بەختیار لە هەوڵ و تێکۆشاندایە .

لە دەرەوەی وڵاتیش لە زۆربەی وڵاتان بە تایبەتی وڵاتانی سکاندیناوی کۆمیتەی هەیە و بە شێوەیەکی باش خەریکی کار و چالاکین و لەم ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن بێبەشی و نەداتپەروەریی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە ژنان بگەیەننە کوڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان.

بەڵام هەروەک باسم کرد لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ کاری خۆی بکات تەئسیری هەبێ،بەڵام

بە خۆشیەوە تا ئاستێک پێوەندیی بە ئەندامان و بەشیکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و NGO کان هەبێ لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا.

**پ: پەیامی گۆنگرە بۆ رێکخراوە مەدەنیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چی بوو . چاوەڕوانیتان لەوان چی بو؟**

**یەک لەو پەیامانەی کە کۆنگرە لە جەریانی کاری خۆیدا هەیبوو روو بەرێکخراوە مەدەنیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.**

لەو پەیامەدا وێڕای بەرز نرخاندنی کار و فەعالیەتی ئەوان لە نێوخۆی وڵات و ئەو کاریگەریە موسبەتانەی ئەوان ،هەو و خەباتی ئەوان لە سەر چین وتوێژە جۆروجۆرەکانی کۆمەڵگا ،داواشیان لێ کرابوو کە بەردەوام بن لە کار و چالاکی و ئەوەی ئێمە لە دوورەوە بۆمان ناکرێ ئەوان لەنێوخۆدا هەوڵی بۆ بدەن و بە یەکەوە کار بکەین و هەوڵ بدەین گەل و وڵاتمان بەرەو ئاوەدانی و خۆشبژێوی ببەین. وەک چاوەڕوانیش ،چاوەڕوانی ئێمە لە رێکخراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەر ئەوەیە کە چۆن تا ئێستا توانیویانە لە نێو قورگی شێرداو نەترسانەو خۆراگرانە خەڵکیان بۆ کاری بە کۆمەڵ ، پاراستنی ژینگە ،زیندوو راگرتنی هەستی نەتەوەیی و بە گشتی رۆشەنفکریی کۆمەڵگا کردوە لەمەوبەدواش درێژە بە هەوڵەکانی خۆیان بدەن .لە هەمانکاتدا پێوەندیان بە رێکخراوە مەدەنیەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی کوردەوە باشتر و پتەوتر بکەن تا پێکەوە بە هەماهەنگی یەکتر کار و چالاکی زۆرتر و باشتر بکەین.

**شلێر مەحمودی ئەندامی کۆنگرە:**

**پ: بە هەڵسەنگاندنی ئێوە باسەکانی کۆنگرە چۆن بوون و لە چ ئاستێکدا بوون؟**

بەشێوەیەکی گشتی باسەکانی



کۆنگرە هەمەجۆر بوون و باسیان لەو گیر وگرفتانە دەکرد کە کچان و ژنانی کورد لە کوردستان دا بە گشتی و رۆژهەڵات بەتایبەتی بە دەستیەوە دەناڵێنن.وە لە هەمان کات دا رێگاکانی چارەسەر لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پێشنیار کرا.

**پ: وەک ئەندامێکی لاوی یەکیەتی ژنان ئەمە چەندەم کۆنگرە بوو تێیدا بەشدار بووی ؟ و پێت وایە لە نێو بەرنامەی ئەم رێکخراوەدا جێگای کچان و ژنانی لاو دەبێتەوە و خۆیانی تێدا دەبیننەوە؟**

– من بۆ یەکەم جارە لە کۆنگرەی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەشدار دەبم، بێگومان لەبەر ئەوەی رێکخراوەکە رێکخراوێکی ژنانەیە و بە پێی بەرنامە هەموو کچێک و ژنێک لە تەمەنی ١٤ سالیەوە دەتوانێت ببێتە ئەندامی رێکخراوەکە، بۆیە رێکخراوەکە دەتوانێت ژنان و کچان لە هەر ئاستێک

دابن لە خۆی کۆبکاتەوە و خزمەت بە مافەکانیان بکات وە من وەک لاوێکی ئەندام هەرچەندە ماوەیەکی کەمە لە بەرێوەبەری ئەو رێکخراوە کار دەکەم بەلام پێموایە مالی هەموو ژنێکەو بە یەکسانی دەروانێتە هەموو ژنێک بەبێ جیاوزی بۆیە من داوا لە ژنان و کچانی لاو دەکەم زیاتر هاوکاری رێکخاوەکەیان بکەن و لە دەوری کۆببنەوە.

**پ: وەک کەسێک کە لەم کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی چ بەرنامەو پرۆژەیەکت هەیە بۆ زیات بەشداریی پێکردنی ژنانی لاو بۆ ریزی رێکخراوەکەت؟**

پێموابێ من لە ئێستا دا لەو ئاستەدانیم پرۆژەم هەبێ بەڵام بە پێی توانا هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە بدەم کە رووبەروی ژنانی کۆمەڵگا دەبنەوەو بەردەوام روویان لە زیاد بوونە،پێویستە لە سەرەتادا ژنان وشیار بکرێنەوە کە مافەکانیان چین



چونکە بە زانینی مافەکانیان دەتوانن تێبگەن لەوەی کە بەرامبەرەکانیان پێشێلی مافەکانیان دەکەن،وە لەکاتی هەر پێشهات وگرفتێک چۆن داوای مافی خۆیان بکەن.وە هاروەها چارەسەری گرفتەکان لە رێگای رێکخراوە مەدەنیەکان و دادگاکانەوە بێ هەروەها یەکسانی ژنان و پیاوان لە گووتارەوە

# هەڵوێستی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# لەمەڕ مەرگی دڵتەزێن و بە ناحەقی فەریناز خوسرەوانی

ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ کچێکی خەڵکی مهاباد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە دایکبووی ١٣٦٨ی هەتاوی و لیسانسی کۆمپیوتەر و کارمەندی هۆتێل "تارا"ی مهاباد لە ترسی ئەوە کە مەئمووریکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستدرێژی نەکاتە سەری لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەمی ئەم هۆتێلە خۆی فرێدەداو و بە شێوەیەکی دڵتەزێن گیانی لە دەست دەدات .

فەریناز کچە کوردی بە ناحەق کوژراو، بوو بە قوربانی سات و سەودایەک کە بەرپرسی ئەم هۆتێلە کە بۆ مەبەستی قازانجی مادیی و گەورە کردنەوە و بوون بە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە ، ویستی کایە بە نامووس و شەرەفی کچێک بکات و لەگەڵ مەئمورێکی ڕێژیمی تاسەر ئێسقان دژ لەگەڵ مرۆڤایەتی دەسەتیان دایە دەستی یەک و بە تەڵەکە لە ژوورێکی نهۆمی چواری هۆتێلەکەیدا دەرگا لەسەر فەریناز و ئەم مەئموورەی ڕێژیم دادەخا و پێی وایە کە دەرگا داخرا ئیتر فەریناز ناتوانێ لەچنگی ئەوان دەربازی بێت و ئیتر خۆی بە دەستەوە دەدات. بەڵام فەریناز مردنێکی سەربەرزانە هەڵدەبژێرێ و ناهێڵێ دەستی ناحەزو ناپاکی مەئمووری ئیتلاعات بیگاتێ و بە کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی، نامووسی خۆی پاراست و پاکیزەیی خۆی نەخستە ژێر پێی دوژمنانی مرۆڤایەتی.

ڕاستە ئەمە یەکەم جینایەت و کۆتا جینایەتیش نابێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دارو دەستە زەبوونەکەی دەرحەق بە کچان و ژنانی ئەم وڵاتە کردویانەو دەیکەن، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئیتر چیدیکە خەڵکی کوردستان، ژنان و پیاوان، کۆمەڵگای مەدەنی و فەرهەنگی، مامۆستایان، بازاڕیان، خوێندکاران و بەتایبەتی خەڵکی هەمیشە بە هەڵویست و خاوەن مێژووی شاری مهاباد بێهەڵوێست و بێدەنگ نەبن و لە بەرامبەر ئەم جینایەتە و بە حەرەکەتی شیاوی کۆمەڵگای کوردی کە هەمیشە پێشەنگ بوون بۆ ئازایەتی و ناحەقی قوبوول نەکردن بێنە دەنگ و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان تا بە سزا گەیاندنی بەرپرسیارانی ئەم جینایەتەو ڕێژیمە دژە ئینسانیەکەی چیدیکە شاهیدی زوڵم و زۆر و گیان لێئەستاندنی ژنان وکچانی وڵاتەکەمان نەبن .

بێگومان لەو نێوەشدا ئەرکی چالاکانی ژن بە تایبەتی و دەزگای دادوەریی و نوێنەرانی کوردی مەجلیس بەرچاوتر و بەرهەستترە کە دەبێ دەنگی خەڵکی کوردستان بن و نەهێڵن خوێنی بە ناحەق ڕژاوی فەریناز بە فیڕۆ بڕاوت و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناک و جەرگبڕانە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و تۆڵەی ئەم هەموو خوێنە بە ناحەق ڕژاوەی ژنان بکەنەوە و بکەرانی بگەیەننە سزای خۆیان و تا ئەم کاتەش لە هەوڵدان نەوەستن .

ئێمە وەک یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەم جینایەتە دڵتەزێنە مەحکوم دەکەین و داوا دەکەین کە فەریناز و فەینازەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیدیکە تەنیا نەبن و خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ژنانی هەمیشە بوێری کورد یەکگرتوانە دەنگی نارەزایەتی خۆتان هەڵبرن و جینایەتکاران بە سزای خۆیان بگەیەنن . وەختی هاتوە کە چیدیکە ژنان لەبەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆر و خەفەقانەی کە ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە ئەوان کردوویەتی و ژیانی بۆ کردوون بە دۆزەخ هەڵوێستیان هەبێ .داوا لە خەباتکارانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد دەکەین کە یەک دەنگ و یەکگرتوانە دژی ئەم پیلانە تا سەر ئێسقان دژە ئینسانیە دەنگ هەڵبڕین و ئەم ڕیسایە چیدی پەرەپۆش نەکری .

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤**

# ڕاگەیاندنی هاوبەشی چەند ڕێکخراوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# بە بۆنەی مەرگی فەریناز خوسرەوانی



**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**ژنانی ماف ویستی کورد!**

مێژوویەکی دوور و درێژە کە ژنان هاوشانی پیاوانی کورد هەوڵی دابین بوونی ماف و ئازادییە مرۆییەکان لە کۆمەڵگاکەماندا دەدەن و لەو پێناوە دا گیافدایی و لە خۆبردویی زۆریان نواندوە و بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان لە هیچ تێکۆشانێک دریغیان نەکردووە و هەروا بەردەوامن لە پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان هەر بۆیە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوە گرتوو لە نێوەرۆکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتانیەت، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە کەرامەتی نەتەوەیی کورد و بەتایبەتی کەرامەتی ژنانی کورد تێک بشکێنێ، لەو پەیوەندییە دا بە داخەوە ڕۆژی سێ شەممە ١٤گولانی ساڵی ١٣٩٤ ی هەتاوی کچێکی لاوی خەڵکی مهاباد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە پێناو پاراستنی کەرامەتی ئینسانی خۆی و بۆدەرباز بوون لە دەست درێژی دەست و پێوەندەکانی ڕژیم لە نهۆمی چوارەمی هوتێل تارا دا خۆدەخاتە خوارێ و بەلە دەست دانی گیانی خۆی کەرامەتی خۆی وژنی کورد دەپارێزێ.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ، ئەوە یەکەم جارنیە کە ژنی کورد وکچی کورد هەوڵی دەست درێژی کردن و کەرامەت لکەدارکردنی دەدرێ وە هەربێ دەنگیەک لەبەرامبەر ئەو کەرامەت شکێنیانەدا درێژەی ئەو شێوە ڕەفتار و ئەو کەرامەتشکێنیانەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەمووتاکێکی کورد بەگشتی و ئەرکی ڕێکخراوەکانی داکۆکی کارلە مافی ژنان بە تایبەتیە کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم سیاسەتەی ڕژیم و مەحکوم کردنی ئەو هەواڵە کەرامەت شکێنانەیە بەرزبکەنەوە ، ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەلات وێڕای مەحکوم کردنی ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیەی کە لەلایەن دەست وپێوەندەکانی ڕژیم و خۆش خزمەتیەکانی ئەوانەی پشتیان لە گەل و نیشتمان وکەرامەتی ژنی کورد کردووە ، ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆگەیاندنی ڕاستیەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژن ، بە کۆڕ و کۆمەڵەنێونەتەوەیەکان وە لەهەمان کاتدا لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەین ، کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە جنایەتەکانی ڕژیم بە تایبەتی جنایەتی لەم شێوەیە دەربڕن چاو نەترسی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و دژکردەوەنیشان دەبێتە هۆی پاشەکشەکردن بە ڕژیم و پاراستنی کەرامەتی ژنانی کوردستان .

هاو دەنگ و هاوهەنگاو لەگەڵتان بۆ خۆپیشاندانێکی تێکڕایی و هەڵوێست گرتنێکی کەرامەت پارێزانە.

**سلاو لە گیانی پاکی کەرامەت پارێز ، فەریناز خوسرەوانی**

**سەرکەوتوو بێ خەباتی ژنان لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانیان**

**ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەلات کوردستان**

**یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەلات**

**یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**

**ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات**

# پەیامی پشتیوانی ناوەندی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی چالاکانی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی سەرانسەریی ٢٤ بانەمەر



**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

**ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**ژنانی ئازادیخوازو پێشەنگی کوردستان!**

هەروەک ئاگادارن لە ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی کەرامەتپارێز فەریناز خوسرەوانی دوای ئەوەی کە نەیهێشت دەستێکی پیس کە بۆ لەکەدار کردنی کەرامەتی ئەم کچە کوردە درێژ کرابوو بیگاتێ بە شێوەیەکی گوماناوی و لە نهۆمی چوارەمی هۆتێل تارا خۆی فڕێدا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. گیانلەدەستدانی فەریناز بوو بە هەوێنی سەرهەڵدانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر تاکێکی کوردستان هەر لە باشوورەوە تا باکوورو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی نارەزایەتیو پشتگیری لە سەرهەڵدانی مهاباد بەرز کردەوە و هەموویان بوون بە گەرووی فەرینازو هاواری پێشێلکاریی مۆرەکانی کۆماری ئیسلامیان دەرحەق بە کچە کوردی مهابادی نەوەی کۆمارو چوارچرا بەرز کردەوە. ئێمە وەک ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناوەندێکی یەکگرتووی ڕێکخراوەکانی ژنان، جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە پشتیوانی لە حەرەکەتی ئێعترازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و تا بە سزاگەیشتنی بکەرانی ئەم تاوانە قێزەونە دەست لە نارەزایەتی خۆمان هەڵناگرین و دەنگی مەزڵومیەتی کچانی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ دەگەیەنین . لە هەمانکاتدا داوا لە هەموو کچان و ژنانی مافخوازو پێشەنگ، پیاوانی بە هەڵویستو هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەکەین کە بەشداریی لە مانگرتنی سەرانسەریی ڕۆژی ٢٤ی بانەمەڕدا بکەن بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پیوەندەکانی باش بزانن کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خوینی بە ناحەقڕژاوی فەریناز خۆش نابن و پاڵپشتی لە بنەماڵەی بەڕێزی ناوبراو بکەن تا لەم کۆستەدا تەنیا نەبن .

هەڵویستی نەتەویی ئێوە لە پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕ لە مانگرتنێکی سەرانسەریدا سەلمێنەری زیندوو بوونی نەتەوەکەمانە لە ڕۆژهەڵات و باوەڕبەخۆبوونە بۆ خەباتی داهاتووی ڕۆژهەڵات.

**سڵاو لە گیانی پاکی فەریناز خوسرەوانی و هەموو شەهیدانی کوردستان .**

**سڵاو لە ئیرادەی بەهێزی خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات .**

**سڵاو لە خەباتکارانی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .**

**ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەم ڕێکخراوانە پێک هاتوە:**

**کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**ئاسۆی ژنی کورد**

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات**

# ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ئیعدامی شەهید مەنسوور ئاروەند مەحکووم دەکەن

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

**کۆڕوکۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!**

بەداخ و کەسەرەوە جارێکی دیکە رۆڵەیەکی دیکەی کورد و چالاکێکی سیاسی کورد بە تاوانی هەوڵدان بۆ دابین بوونی مافی مرۆڤ و تێکۆشان لە پێناو گەیشتنی کورد بە ماف و ئازادیەکانی، داری بێدادی و ستەمکاری بۆ چەقا و تەنافی مەرگی بە ملدا کرا و گیانی لێ ئەستێندرا. شەهیدی ئەمجارەی نەتەوەکەمان کاک مەنسوور ئاروەند چالاکی سیاسی و خاوەن ژن و منداڵ خەڵکی شاری مەهاباد کە لە ساڵی ١٣٩٠ەوە لە پێناو بیروباوەڕیدا لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە گیرا و زیندانی کرا و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆری جەستەیی و رووحی، رۆژی یەک یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ جۆزەردان ١٣٩٤ لە زیندانی میاندوئاو ئیعدام کرا و چووە ریزی کاروانی شەهیدانی نەتەوەکەمانەوە. شەهیدکرانی کاک مەنسوور ئاروەند نە یەکەم شەهید و بەداخەوە نە ئاخر شەهیدیش دەبێ و رۆژبەرۆژ کاروانی شەهیدانمان درێژتر دەبێ، بەڵام خەباتمان سەرەڕای ئەو خوێندانە و خوین رژانەش تا گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی هەر درێژەی دەبێ. شکەنجە و ئیعدام ئاوێتەی نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە گیانی مرۆڤەکان کەمترین نرخی نییە. هەر بۆیەشە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی زۆری ئیعدامەکان بەردەوام لەلایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی داکۆکی کاری مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێ و لەو بارەوە پاش وڵاتی چین پلەی دووهەمی لە مرۆڤ کوژیدا هەیە. ئیعدامی کاک مەنسوور لەگەڵ هەموو تاڵی و ئازارەکانی نەک رۆڵەکانی نەتەوەی کورد چاوترسێن ناکا بەڵکوو لەسەر ماف و ئازادیەکان و ڕێبازە نەتەوەیەکانیان سوورتر و پێداگرتووتر دەکا. ناوەندیی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای دەربڕینی ئەو پەڕی داخ و پەژارەی بۆ لە دەستدانی کاک مەنسووری تێکۆشەر ئەو کردەوەانە و هەموو جۆرە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم دەکا و لەگەڵ هەموو تاکێکی کورد و بەتایبەتی خەڵکی شاری مەهاباد و بنەماڵە بەڕێزەکەی کاک مەنسوور هاودەردی دەکا و خۆی



بە شەریک و بەشداری غەمیان دەزانێ بەتایبەت خێزانی کاک مەنسووری شەهید کە ئێستا جیا لە ئەرکی دایکایەتی ئەرکی باوکایەتی رۆڵەکەشی کەوتوتە ئەستۆی. لە هەمان کاتدا داوا لە کۆڕوکۆمەڵانی داکۆکی کاری مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان دەکەین کە بە فشار هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەر بە رەوتی ئەو ئیعدامانە بگرن و ئەرکی ئینسانی خۆیان بە جێ بێنن، پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە ئیعدامەکان دەنگی ئیعترازی خۆیان هەڵبڕن چوونکە بێ دەنگی لە بەرانبەر ئیعدامی رۆڵەکانی کورد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە رەوتی ئیعدامەکان جەریئتر دەکا. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی نوێمان کاک مەنسوور ئاروەند. نا بۆ ئیعدام ،نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران .

**ناوەندی ڕێکخراوەکانی**

**ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**١٣٩٤/٣/٢٧ ی هەتاوی**

**٢٠١٥/٦/١٧ی زایینی**

# پەیامی هاوخەمی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی ئاکام تەلاج، یەکێک لە بریندارانی ڕووداوەکانی شاری مەهاباد



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**خەڵکی مافخوراوی کوردستان!**

**کۆڕوکۆمەڵەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ!**

دیسان شاری مەهاباد چوو لە ماتەمی لە دەست دانی ڕۆڵەیەکی دیکەیەوە.

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆڵەیەکی دیکەی کورد بوو بە قوربانی. شەهیدی ئەم جارەی نیشتمانەکەمان خوێندکارە زامدارەکەی تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی ڕاپەڕینەکەی شاری ماهاباد ئاکام تەلاج،ە کە دوای ٥٣ ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ سەرئەنجام ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەر بەرابەر بە ٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٥ی زایینی گیانی لەدەست دا و چوە نێو ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلو نیشتمان.

لەو کاتەی دا کە هێشتا خەڵکی مەهاباد پرسەو سەرەخۆشی شەهید مەسنووریان تەواو نەکردوە، هەواڵی مەرگی لاوێکی بەهەڵوێستی دیکەی کورد ئەو شارە زامدار دەکاتەوە. ئاکام لاوی خۆبەخش دوای بەربەرەکانیەکی سەخت لەگەڵ مەرگ سەرئەنجام رووحی بۆ ئاسمانی نیشتمانی دایک باڵی گرت و لەگەڵ روحی فەرینازی جوانەمەرگ یەکیان گرتەوە. هەڵوێستی ئازایانەی ئاکام و لاوانی هاوڕێی، چرای ڕێگای خەباتی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بوو کە نیشانیان دا لەهەر شوێنێک دوژمنانی گەل بیانهەوێ پیلان بە دژی گەلی کورد بنێنەوە، بەرهەلەستیان ببنەوەو خەو لە چاویان بترازێنن.

مەرگی ئاکام سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕێژیم لە ئاست پێڕاگەیشتنی بریندارەکانی ڕووداوەکەی مەهاباد خەمساردی دەکا و هیچ هەوڵێک بۆ نەجات دانی گیانیان نەدراوە. هەر بۆیە پێویستە هەموو دامەزراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ هەوڵی بیپسانەوە بۆ بارودۆخی بریندارەکانی دیکەو ئەو ڕووداوە و هەر وەها بەندکراوەکان بدەن و سەرنجی جیهانیەکانی بۆ ڕاکێشن.

یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای دەربڕینی ئەو پەڕی داخو پەژارە بۆ لە دەستدانی لاوی بە هەڵوێست ئاکام تەلاج، سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی لە بنەماڵە سەبەرزەکەی دەکات و خۆی بە شەریک و بەشداری غەمیان دەزانێ.

روحی ئاکام تەلاج نوێترین شەهیدی ڕۆژهەلات لە ئارامی ئەبەدی دابێ و یادو ناوی بەرێز بێت.

**یەکیەتی ژنانی**

**دێموکراتی کوردستان**

**٩ی پووشپەری ١٣٩٤ی هەتاوی**

**٣٠ی ژۆئەنی ٢٠١٥ی زایینی**














# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No : 40 Date: June 2015

چەند دیمەنێک لە کۆنگرەی چوارەمی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان






